ناوی کتێب: پەیوەندی ئێران وتورکییە ومەسەلەی کورد


- بەربێژی وەرگێڕی کوردی: 2
- بەربێژ 4
- مەسەلەی کورد 6
- مەسەلەی کورد 11
- دەسپێک 13
- بەستێنی تئوریک،ومەسەلەی کورد لە تورکییە 28
- مەسەلەی کورد لە مەڕ مێژوویی لە تورکییە 35
- مەسەلەی کورد لە ئێران 41
- بنیاتنانی کۆماری مەهاباد و شوێنتێکەری وی. 50
- لەئینقلابی ئیسلامی هەتا شەڕی کەناوی فارس: 54
- مەسەلەی کورد لە دوای شەڕی کەنداوی فارس 75
- قەرار دادنامەکانی تورکییەو ئێران بۆ پێشگیری لە *سەر هەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی* 78
- ئیسرائیل،ئیسلامییەکان ودەنگی دادگای میکۆنووس 110
- مەسەلەی کورد،پەرەچەنگی ئیسلامییەکان، و هەرسهێنانی دەولەتی عەرەبەکان 120
- *ڕە ئی* دادگای میکۆنووس 125
- مەسەلەی کورد لە ١٩٩٧ ، هیرشی تورکییە بۆ باشووری ئێراق: دیسانیش پ.ک.ک 127
- هاتنە خواری حیزبی ڕفاه لە دەسەڵات وقودرەت 133
- مەسەلەی کوردو ئاسەرەکانی وی لە سەر ئیلاقی ژئوپۆلتێک و ژئواستراتژتکی ئیران لە دەیەی ١٩٩٠ 141
- مەسەلەی کوردو کارتێکەری وی لە سەر ئیلاقەی ژئوپۆلیتیک وژئواستراتژیکی تورکییە لە دەیەی ١٩٩٠ 151

ناوی کتێب: پەیوەندی ئێران و تورکییە و مەسەلەی کورد:

نووسەر: رابرت آلسن:

وەرگێڕی دەرەکی: نەمر مامۆستا ابراهیم یونسی

وەرگێڕی کوردی: حامیدرەشیدی زەرزا

## بەرێزی وەرگێڕی کوردی:

کتێبی حازر، وەکوو هەموو کتێبەکانی میژوویی پەیوەندار بە سیاسەتی زلهێزەکان و داگیرکەرانی کوردستان، هەتا تاقە جارێک لە هیچ کوێ نابینرێ کە نووسەر ئامازەیەکی ڕاستەو خۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە داگیرکردنی و دارو بەشکردنی کوردستان بەسەر ئەو چوارو بەشەی داگیرکراو بکات، کەلە سەر خاکی کورد شێوە مشت و مڕیانە و هەر نووسەرێک هەسپی خۆی بە قەدەر هێزوو توانایی خۆی لەو ئولکەیە بەلاساکردنەوە هەلێنگ داوەو دەدات، دیارە ئەوانیش دوو دەستەن،یەک خۆمالی یانی دانیشتووی ئەو چوار ولاتەی کە کوردستانیان بە سەردا داروبەش کراوەو ئەویدیکەی بریتی لە نووسەرو توێژکاری دەرەکی،بەلام هیچ کام لەوانە بە ڕاشکاوی بە بوونی کوردستان وەک ولات، و کورد وەک میللەتێک، نەئاخافتووەو بەلکوو هەر یەک بە شێوەیەک لە کاتی هەللاجی و لێکۆلینەوە ودوان لە کوردستان، لە پێشدا

له داگیرکەرەکانیان وەک خاوەن کوردستان ڕوانیوە، بۆیە
باسەکەیان وەک پاشکۆ بەناوی کوردستانی ئێران و
کوردستانی تورکییەو کوردستانی ئێراق وسوورییە، هێناوەتە
گۆڕوو داوەتە بەرباس. دەجا لەو ناميلکەیەکش دا بە داخەوە
نووسەرانی دەرەکی لە سەر ئەو نەریت و دابە
ڕۆیشتوون،کەچی وەک بۆخۆیان دەزانن کوردستان وڵات بووە،
پەیوەندی بە ئێران و تورکییەو ئێراق وسوورییە نەبووە. لە
شەڕی چالدارانی ١٥١٤ی زایینی سەرتا لە نێوان دوو
ئەمپەراتووری زلی ئەو کات، یانی ئێران و عوسمانی
دابەشکراوەوو لە شەڕی یەکەمی دونیا گر لە دوایی
هەڵوەشانەوەی ئەمپراتووری عوسمای بە پیلانی زلهێزەکان
یەک لەوان بریتانیای مەزن، وای بەسەرهاتووە. و بۆ جاری
دووم بەشێک لە کوردستانی لکاو بە تورکییە پچڕندراوەو
هاویشتراوەتە ئیراق و سەر خاکی سوورییە و بەدووڵاتە
لکاندراوە،بەڵام دیسان میژوونووس بەداخەوە هەر لە سیلەی
چاوی زلهێزەکانی و داگیرکاران لە کورد و کوردستان
ڕوانیوەو لە ژێر قەڵەمی بە ئیستلاح ئازادی وانیش هەر بە
ناوی داگیرکەران ناودێر بووە،قەت جارێکم نەدی کە مێژوو
نووسیکی بە شەهامەت و جوامێرو بوێرو بە زیپک و بە
کەڕامەت، کوردستان وەک وڵاتی کورد ناو بەرێ و داگیرکەران
وەک داگیرکەر لە قەڵەمدات. دەجا لەو سیپارەیەش
بەداخەوە هەر ئەو تاس وحەمامەیەو دەمار گرژیەکە چ
تەوفیری تێدا نابیندرێت. حامیدرەشیدی زەرزا- ڕیکەوت
٢٠١٢/٩/٢٤ی زایینی.

پێمخۆشە لە هەڤکارانی خۆشەویستم"١-کریستین استاپلتن ٢-دان رونالە ٣-بروس ایست وود ٤-ودی والستر، کە لە جەنگەی مەشغوڵبوون و بنچۆکدان نیوساڵی پاییزی ڕەزامەندیان بە پێداچوونەوەی ئەو نامیلکە دەستنووسە دەربڕی، سوپاسیان بکەم. لەم بارەوە "کریستین"فرە موحیبەتیان دەر بڕی. ئەم ئیشە تەنیا لە مرۆڤێکی بوێرو دڵقایم چاوەڕوان دەکرا. ئەمن ناخازا بە هۆی ئاریکاری و چاوەکانی تیژ بینی پێزان٥-" انجلیک گالسکین"م،و لوتف و موحیبەتی ئەو لە قوڵایی دڵم هەست پێدەکەم. و دۆستانی خۆشەویستی ئامپاڵەم و هاو پیاسەم،٦-آرت روبل " و" جان کالْتی ٧- نیشانیان دا کە نموونەکانی چاپی بە وردبینییەکی زۆرتر لە من دەتوانن وەخوێنن. لەوان بە هۆی تابشت و خۆڕاگری کە لە گوێچکە هەڵخستن بە وڕێنەکانم لە ناو پیاسە نیشان دەدەن،حەز لێدەکەم. لە"نادر انتصار" سوپاس دەکەم کە لە ڕووی لوتفەوە خاڵی وردو و بە نرخ و تایبەتیان بە گوێچکە چرپاندم. هیوادارم کردەوەی ئاغای دوکتور احمد جباری، لەم بارەوە کە لە ڤەکرنی ئەم زنجیرە متاڵاکانی تازەی کوردی، ئەمنیان بۆ نووسینی ئەو سیپارەیە لێگێڕایەوە و میوان کرد بێدەسحەق نەبێت. هەر والە دەمهەوێ وەبیر"٨-جودیت" بێنمەوە کە زۆرم خۆشدەوێ.

## بەربێژ

خۆشحالْم کە ئەم نامیلکەیە وەکوو سیپارەیەکی ڤەکری دەورەی نوێی متالاو بەسەرداچوونەوەی کوردی، بۆ چاپ و، وشاندن، بە بنکەی بڵافۆک "مزدا" پێشکێش دەکەم . ئاغای دوکتور ئەحمەد جەباری،خاوەنی بنکە، بڕیار دەرە لە مەڕ

ئەمە کە لە گەڵ بڵاو کردنەوەی ئەو دەورەیە، باشترین و تازەترین کەرخ و شۆێنەوار لە بارەی مێژوو سیاسەت و فەرهەنگی میللەتی کورد لە بەردەست حەز لێکەران و ئیلاقە داران دابنرێت.

ئێستا چاخی ئەم ئێشە وەنزیک کەوتووە. مێژووی خەڵکی کورد و ڕۆڵێکی گرنگ کە ئەم جەماوەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی ئیسلام بە ڕێوە بردوە، بابەتەگەلێکن کە لە ئوڵکەی لێکۆڵێنەوەو وەشاندن لە بەستێنی موتاڵاو بە سەرداچوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام بایەخی پێنەدراوە و ڕێزی خۆی لێنەگیراوەو بە کەمتەرخەمی ئەسپێردراون. یەکێک لە هۆکاری ئەو مەسەلە ئەمەیە کە ئۆلکەو گۆڕەپانی خوێندن وموتاڵای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی سەر دەمێکی دوورودرێژ لە ژێر (سطیره)دەسەلاتی بزان و تورەڤانان و خەڵکانێک بووە کە بە مێژووی عارەب و تورک و ئێران، سیلەی لێڕوانیان زۆر تر بووە. هەتاکورد. لە ڕاستیدا بارستایی کتێب و نامیلکەو ئەو سیپارانەی کە لە ماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵی دوایین، سەبارەت بە مێژووی "جوولەکە" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو کراوەتەوە، لە بارستای سەر جەمی ئەو هەموو پێداچوونەوەو زانیاری کە سەبارەت بە پتوونی مێژووی کورد بڵاو کراوەتەوە، تێدە پەڕێت. موتاڵاکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام لە ژێدەرکەفتن و دەسەڵاتی ئوروپا و ئامریکا بووە کە بە مێژووی عارەب و تورک و ئێران و فەرهەنگەکان، یان بو بزان و پسپۆرو تۆورەڤانانی(دانشمندان) ئەو ولاتانە پیاگەتی(عنایت) و مێرخاسی و هیممەت و لوتفی زۆر تریان کردوە.

## مەسەلەی کورد

کەمبوونی پێدا چوونەوەو خوێندنەوەی کوردی، هۆکارو دێکۆمەندو لایانی دیکەشی هەیە. خوێندنەوەی ئەوها، هەر وەک لە نامیلکەی حازر،و لە بەر دەست هەڵدەکرێت، سروشتیە بە بەرژەوەندی و قازانجی زلهێزەکان ئەمپریالیستی،بە تایبەت بە بریتانیای مەزن،خزمەتی دەکرد. بەم هۆکارە باشتر ئەمەیە ئەو کتێبانەی کە دەرگای ئەو سەردەم دەکاتەوە، لە گەڵ بە سەرداچوونەوەیکدا، سەبارەت بە کورد دەست پێبکات، بە لێڕوانین و وبەر چاوگرتنی هەلوومەرجەکانی سیاسی و"ژئواستراتژیک" ناخازا لە پێنج سەدەی ڕابردوو، و لە بەر چاو گرتنی دوو دەیەی دوایین.

ئاخافتن لە مەڕ سیپارەی لە بەردەست دابووی هەنووکە، پەیوەندی بە مەسەلەی کوردە، یانی: کێشەی کوردەکان و نەتەوەخۆوازی کورد و شوێنەواری وی لە پەیوەندی هەڵسوو بنیش لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و تورکییەیە. ئەم هەڵبژاردنە چەند هۆکاری هەیە. ئەو قیچە بەسەرداچوونەوە، خوێندنەوەیەک کە لەم بەستێنە لە بەردەستە، سەرجەمی بە کوردەکانی باشووری ئێراق سنووردار کراوە. هۆکاری مەسەلەیەکی ئەوها کە پێشەکی سیپارەی حازر ڕوونی دەکاتەوە، ئەمەیە کە دەسەڵاتی بریتانیای مەزن بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوایی شەڕی ئەوەڵی دونیا گر، بناخەی لە سەر ئارام کردنەوەو پاراستنی دەسەڵات لە ئێراق بوو،کە لە ویدا کوردەکان یاریکەری گرنگ و مەزنی ئەو سناریۆیە بوون. لەمە دا شک و گومان و دوو دڵی نییە کە شوێنەواری مێژوویی و سیاسی کوردەکان لە ئێڕاق دا لە ڕادە بەدەرە. بەڵام دواڕۆژی شەڕی ساڵی ١٩٩١ی زایینی "یەکاوی

فارس" شایەدی ئەو داوایەیە. بەڵام ئاکام و دوارۆژی شەڕی یەکاوی فارس لە عەینی حاڵدا لە مەڕ ڕۆڵی دەوەرەییش کە تورکیەو ئێران لەم بەستێنە بەڕێوەیان بردوە و دەیبەن، هەروا لێڕوانین وموکوڕ بوونێک کە لە پێشگری لە کێشەی نەتەوەخوازی کوردیان هەیە، پێدادەگرن- یانی هەر ئەو شتەی کە بۆ خۆیان لە چوارچیوەی نێوەخۆ لە وی بە ئاڕووشەو(گرێپۆچکەی کورد) لە پەیوەندی بە دەرەوی وڵات لە(مەسەلەی کورد) دەڕوانن.

تێکۆشانی من لەو ناملیکە ئەمەیە کە ڕاستییەکانی بنەڕەتی بەستراوە بە"ئاڕووشە" و مەسەلەی" کوردی لە پەیوەندی ڕاستەو خۆ لە گەڵ سیاسەتەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی دوو وڵاتی ئێران و تورکییە، لەم باسە دەرکێشم و هەڵینجم.

تورکییەو ئێران لە گەڵ ئاڕووشەی کورد دەست بە یەخەن. لەو بینەدا جەماوەری سەرنجڕاکێشی کوردەکان بۆخۆی هۆکارێکی یەکجار مەزنە. ئاپۆرەی کوردەکان تورکییە نزیکەی ١٢ هەتا ١٤ میلیونە،یانی ١٨ هەتا ٢١ لە سەتی جەماوەی ٥٦ میلیونی وڵات. ئارووشەی کورد لە تورکییە و تێکەڵبوونی لەگەڵ "مەسەلەی کورد" زێدە لە دەیەکە،، کە لە سەر سیاسەتەکانی تورکییە باڵادەست بووە. نیشان دانی سەر ژمار و سەر ژمێری لەم بەستێنەدا گرنگایەتی مەسەلەکە ڕووندەکاتەوە. تورکییە لە مابەینی دەیەی هەنووکە نزیکەی (٤٠٠٠٠٠)قازاخی لە ڕۆژهەڵات و باکووری وڵات هەبووە. خەرج و دەرچوون(مەزاخ و مەزیخ) شەڕ لە گەڵ پ.ک.ک. و سەر کوتکردنی کوردەکانی دیکە هەتا ساڵی ١٩٩٧ بۆ وڵات ١٠میلیارد دۆلار هەڵگرتووە. ئەم ئەژمارە بێجگە لەو سێ هەتا چوار میلیارد دۆڵارەیە کە لە بەشەکانی دیکەی

ئابووری مەزاخ دەبێت. سێ هەزارو شەش سەت گوند وخانوو خاپوورو وێران بووە، زێدە لە(٣٠٠) ڕۆژنامەڤان کە زۆربەی کورد بوونە کوژراون. زێدە لە سێ هەزار کەسی دیکە لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم مەسەلە کوژراون. کە هۆکاری کوشتنیان "بێدەنگ" ماوەتەوە. ئاکامی ئەو شەڕە و خاوینکردنەوەی قەومی کە ئانکارا بە مەبەستی بێ بەشبوونی پ.ک.ک. لە دەست وێراگەین بە ناوچەکانی هاو دەست و هاوبۆچوونی پ.ک.ک. بەدواداچووە، باعیس و پیکهێنەری کۆچباری سێ میلیون کورد بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات و شارەکانی گەورەی ڕۆژ ئاوای وڵات بە تایبەت ئانکارا و ئاستانبۆڵ و ئەزمیر بووە. لێمشتی ئەو کۆچبارانە ئەوها بووە کە نیوە لە جەماوەری بازێک لە شارۆچکەکان و شارەکانی ڕەخ مەدیترانەی کە لە بیست و پینچ ساڵی ڕابردوو، تاکە کوردێک لە وێ نەژیاوە، ئێستا سەرجەمی دانیشتوانی وێ کورد پێکدێنن.

ئاڕووشەی کورد یان بە قەولی تورکەکان(بوونی کورد"- کە تورکەکان کەمتر لێی حاڵیبوونە- ئەو هندە فرە تەوژم هێنەر بووە کە دەوڵەتی تورکییە و فەرمانگەی ئیستخبارات سانسوری وی بەو زوانە بە یەکێک لە تۆرەڤانانی تورک بە ناوی کەماڵ کیشیکچی و هاوکاری بریتانیایی وی بە ناوی' گارت وین رو" ئیجازە داوە کتبێک بە ناوی مەسەلەی کورد لە تورکییە: نموونەیەک لە کێشمەکێشمی قەومی لە دەرەوی وڵات بڵاو بکاتەوە.

ئەمە یەکەمین کتێبە لەو جۆرە کتێبانە کە بە زوانی ئینگلیزی لە(تورکییە) بڵاو دەبێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستی لە سەر بناخەو ئاکارو هەڵسووبنیش و دابوو نەریت کە قسە

لە سەر ئەو کێشە گەورەیە دەکات کە مەسەلەی کورد لە دامەزراندنی کۆماری تورکییە لە ساڵی ١٩٢٣ بەملاوە لە بەرامبەر وڵات قەرار داوە. بەڵام دوور بە نەزەر دەگات کە حکوومەتی ئێستای تورکییە و یا هەر دەوڵەتێکی دیکەی وڵاتی ئامازە، پێکراو پێشنیارو ڕێگا چارەی نووسەرانی کتێب لەم بارەوە بایەخ بۆدانێت وەبەر چاو بگرێ. هۆکاری ئەو بۆچوونە ڕەشبینانە ئەمەیە کە ڕووی قسە تێکردنی "کریشکچی وین ڕو"بەستێنی ژئوپۆلیتیک و ئواستراتژیک ی ئاوەڵاو بەر بڵاو تر نییە کە تورکییەی ناچار دەکات شەڕ لە گەڵ پ.ک.ک. و بە هاوڕێکی ئەو پاک و بیخەوشکردن قەومی،بە تایبەت لە درێژایی کەوشەن و تخووبی ئێراق وسووریە بەردەوام کات. لە سیپارەی تازە لە سەر ئەمە تێکۆشان کراوە کە ئەو بەستێنە ژئوپۆلیتیک و ئواستراتژیک وەدەست بهێنرێت.

ئاڕووشەیەک دژواریەک کە لێکۆڵەرانی تورک لە نووسینی وتارو سیپارەکانی لێکۆڵینەوە، سەبارەت بە مەسەلەی کورد، لە گەڵ وی دەست بەیەخەن.

"مەتین هپر"٢- بەرپرسی کالیجی زانستی ئیداری وخۆێندنەوی جڤاتی(اجتماعی) زانستگای"بیل کنت" ٣- کە یەکەمین زانستگای تورکییەیە و بە باشی پەسن و بیاندەکات و وێنەی هەڵدەگرێتەوە." "هپر" لەوانەیە بە ناوبانگترو دەنگینترین نووسەرێ تورکییە لە بابەت کاری سیاسیی بیت. ئەو لە گۆڤاری هێزەکانی چەکدار-٤ سەبارەت بە نیزامیان و دێمۆکراسی لە تورکییە ئەوها ئاکام وەردەگرێت : (نیزامیانی تورکییە کە لە بارودۆخ و هەڵکەوتی بەڕێز و خاوەن شکۆی حکوومەتی خۆیان دڵنیان، بە ممبارەکی(یمن)

دووره پەرێز لە پەرەچەنگی ڕۆژانەی سیاسی، دەتوانن لە زوربەی دەسەڵات و ئیختارات و زێدەپاروی خۆیان چاوپۆشی بکەن)ساڵێک دواتر هەر ئەوکەسە، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٥- لە ژێر ناوی(ئیسلام و دێموکراسی) لە تورکییە نووسی: پەیوەندی(وصلت) لە نێوان ئیسلام و دێموکراسی دەتوانێت بە ئەنجام بگات،ئەگەر لایانگرانی چوار پەل قایم(پروپاقرص) سەقامگیر سیاسەتی جودای دین لە سیاسەت، لە بەسەردا سەپاندنی(تحمیل) شێوەی دڵخوازی ژیوار و بایەخەکانی خۆی لە سەر ئیسلام و ئیسلامییەکان خەریکی ئەم نەبن کە بە قەول یان بە کردەوە بناخەو پایەی دێموکراتێکی حکوومەتی جیا لە دینی لە تورکییە پێشێل بکەن.) لە گەڵ ئەو هەمووەش لە سەر دەمێکی کەمتر لە شەش هەیڤ،لە دوایی بڵاو کردنەوەی ئەو وتارە نیزامییەکان حکوومەتی "نەجمەدین ئەربەکانیان" ڕوخاند. و فەرماندەری هێزەکانی چەکداری تورکییە کردەوی خۆیان بە ڕاگەیاندنی ئەم پاکانە شیکردەوە کە"کۆنە پەرستی" یانی بزوتنەوەی ئیسلامی، مەترسێکی مەزن بۆ وڵاتە. ئەمە بۆخۆی نیشان دەدات کە لێک جیا کردنەوەو ئازەنتییەکانی کە پێشتر لە مەڕ سیاسەتەکانی تورکییە کراوە، هەتا چ ڕادەیەک بە دوور لە ڕاستین. ئەمن هیوادارم ئەم نامیلکە بازێک لەو دووربینیانەی بێتام ڕاست کاتەوە.

ئارووشەی(موشکلە) کوردەکان لە ئیران،ئاویتە(ترکیب وآمیختە)و پێکەوەلکان و بیچمی دەوڵەت و وڵاتی ئێران بە ڕادەی تورکییە هەڕەشە لێناکات. بەڵام ئەم تەوفیرە، تەوفیرەکی کەمییە. ئاپۆرەی کوردی ڕۆژهەڵاتی ئێران نزیکەی شەش هەتا دە میلیون کەسن،بە قسەیەکی دیکە نزیکەی (دە)لە سەتی دانیشتوانی شیست میلیونی وڵات بەراوردە

دەکرێت. ئارووشەی نەتەوایەتی کوردەکان لە ئێران،بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە کە یەکەمین وڵاتی سەر بەخۆی کورد لە١٩٤٥ هەتا ١٩٤٦ لە ئێران پێکهات،لە ماوەی سەدەی بیستەم بە توندوتیژی  ئارووشەی کوردکانی تورکییە نەبووە. بەڵام سەرهەڵدان و پەیدابوونی کۆماری کورد لە مەهاباد هەر چەند خۆیابوون دەرکەفتنی گیانی نەتەوەخوازی و ئیرادەی خەڵکی کورد بوو،ئاکامی سیاسەتەکانی ساڵەکانی دواینی شەڕی دونیاگری یەکەم و سەرهەڵدانی سیاسەتەکانی شەڕی سارد بوو. لە دوایی ئینقلابی ئیسلامی لە ئێران،دەوڵەتی تازەی ئێران بە پێ چەقاندن لە سەر ئیسلام و متمانەو باوەڕەکانی ئیسلامی ئەم لە سەرتری هەبوو جەڵەوی نەتەوەخوازی کورد بگرێ لە پێشکەوتنیان پێشگیری بکات. بەڵام تورکییە ئەو ئامێرو چاکترییەی نەبوو. لە تورکییەی لە دوای وەی نیزامیان لە١٩٨٠ جەڵەوەی دەسەڵاتیان بەدەست گرت،ژەنەڕاڵەکان تێکۆشان لە ئامێرێک ئەوها دژی ئارووشەی چەپ کەلک وەرگرن.  بەڵام جەرەیان بە پێچەوانەی ئەمە  کە لە پێهەڵگرتن وخۆ داڕشتن و پانووپۆڕی هەست و سۆزی  نەتەوەخوازانی کورد کەم کاتەوە، ئەوی بەر فرەوانتر و دیسان بەر فرە تر کرد.

### مەسەلەی کورد

دڵ کرمێبوون(نگران)ی ئێران لە پەیوەندی ئارووشەی کورد ئەمەیە کە نارازی بوونی ئانکارا لە هاوکاری نەکردن لە گەڵ وی، لە پەرەچەنگ دژی پ.ک.ک.، تورکییەی مەجبوور لە داکۆکی لە نەتەوەخوازان لە ناو ئازەریەکان دەکات، کە ئاپۆرەیان خۆی لە دە میلیون یانی شانزدە و نیو لە سەتی جەماوەری شێست مێلیونی دەدات. هەتا ئەو جێگایە کە

جەرەیانەکە پەیوەندی بە تارانە، مەسەلەی کورد لە گەل مەسەلەی ئازەریەکان پەیوەندی نزیکی هەیە.

یەکێک لە لایەنەکانی سەرنجڕاکێش و حژمەکار(جالب) خویندنەوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەبەر چاو دەکەوێ، ئەمەیە کە ئەم خوێندنەوەیە لوتفێکی ئەوها بە ڕابیتەی نێوان تورکییەو ئێران نابخشیت. وەک بڵێی کە ئەو لێکۆڵێنەرانەی بە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەکی ئێران ڕادەگەن و خەریکن، هەموو بیرو بۆچوون و شیکردنەوەو حەزو مەیلیان لە پەیوەندی رابیتەی ئێران لەگەڵ ڕۆژ ئاوا بە تایبەت ئامریکا و بە سەرداچوونەوەی هێمنایەتی یەکاوی فارس بڕیوەبردوەو کۆ کردۆتەوە.

ئەم حەزو مەیلە لە دوو لێکۆڵینەوە،لە باشترین تۆژینەوەی دوایین کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی ئێران لە دەیەی دوایی سەری گرتووەو وەبەر چاو دەکەوێ: لە دوایی خومەینی: ڕەوگەی(ریگا) نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئیران ١-نووسینی "کەندال ئەفراسیابی" بە دەگمەن لە پەیوەندیەکانی تورکییەو ئێران وکوردەکان باسێک دێنێتەگۆڕ. لە پێرستی داخۆیانی کتێب تەنیا هەشت کەڕەت وشەی کورد وەبەرچاو دەکەوێ. لێکۆڵینەوەی دووەم،لە ژێر ناوی: لەدوایی خومەینی،کۆماری دووەمی ئیران ٢- نووسینی"انوشیروان احتشامی" بەڕێک زێدەتر باس لەو مەسەلە دەکات، بەڵام ئەم لێپرسینەوە ولێپێچانەوەش لە پێوەلکاوی(پەیوەند )لەگەڵ کوردەکان تەنیا لە ئامێز گرتووی دوو بابەتە کە ئەویش پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی باشووری کوردستانە. ئامانجی مەزنی من لە نووسینی ئەم نامێلکەیە چا کردنەوەی ئەو کەموکوڕی و عەیبانەیە.

گرنگـــــی"ئاڕووشـــــەی) کــــوردی ئەو دوو وڵاتە، کە لە تـــــوركییە زینـــــدووبوونی وڵاتەکەی لە ڕێگـــــای بــــیچم و تەرح و رڤشـــــتی هەنــــووکەی وی هەڕەشـــە لێـــدەکات. دوو وڵاتـــی ئێـــران و تـــوركییە مەجبـــوور دەکـــات تێبکۆشـــن و حەولبـــدەن هەتـــا ئەم هـــالۆزیە لە ڕێگـــای سیاســـــەتەکانی دەرەوەی ســـــنوور و بە هاوکـــــاری و ئاریکـــاری لە مســـائلی ژئوپـــۆلیتێکی هـــاوبەش و جێگـــای حەزو ئـــیلاقەی هەر دوو لا جێبەجـــێ و یەکـــلا بـــکەن. مـــانەوەی هەر دوو رژیـــــــم- و لە پەیڤـــــــین دا لە تـــــــوركییە مـــــــانەوی وڵات- ئاشـــنایەتی(ارتبـــات) و پەیـــوەنی(بەســـتگی) بەم عەمـــرە هەیە. ناوەرۆک و باسی نامیلکەی حازر ئەمەیە.

رابرت السن. دانشگاه کنتاکی دسامبر ١٩٩٧.

مەســـەلەی کـــوردو پەیوەنـــدییەکانی تـــوركییەو ئێـــرانلە شـــەڕی دونیا گری ئەوەڵ هەتا ساڵی ١٩٩٨ی زایینی.

## دەسپێک

ئـــاخۆ بـــۆچی لە دوایـــی شـــەڕی دونیـــاگەری هەوڵ،وڵاتـــی کـــوردی پێکنەهات؟

کوردەکـــان میللەتـــێکن کە ئاپۆرەیـــان نـــزیکەی ٢٠ هەتـــا ٢٥ میلیـــون کەس تەخمـــین لێـــددەدەن، و لە چـــوار وڵاتـــی رۆژ هەڵاتـــی ناوەڕاســـت ژیـــان تێـــپەڕ دەکەن: لە تـــوركییە ١٢ هەتـــا ١٤،لە ئێـــران ٦ هەتـــا ١٠،لە ئێـــراق ٣،و نیـــو هەتـــا ٤ مییلیـــون، لە ســـوورییە یەک میلیـــون کەســـن. نـــزیکەی ســـەت هەتـــا ١٥٠ هەزار کەســـــیش لە ئەرمەنســـــتان و ئازربایجـــــانی شـــــوورەوین. ئاگاداریەکـــــان حیکایـــــت لەمە دەکەن کە ٣٠٠٠٠٠ هەتـــــایەک

میلیـــــون کەس دانیشـــــتووی فیـــــدڕاڵی ڕووســـــیەن. چـــــونکە زۆربەی میللەتـــــی کـــــورد لە ناوچەکـــــانی پـــــیکەوە گرێـــــدراو لە باشـــــووری کوردســـــتان و ڕۆژهەلاتـــــی کوردســـــتان و بـــــاکووری کوردســـــتان و ڕۆژئـــــاوای کوردســـــتان دانیشـــــتوون. بەلانـــــی کەم لە ســـــەدەکانی نێوەڕاســـــت بەم لاوە لێهـــــاتووی پێناســـــی تـــــایبەت و هاوبەشـــــی نـــــاوچەی و ئـــــابلۆقەی بـــــوونە و دەورەیـــــانگیراوە. ئەو هەســـــتی پێناســـــیش شۆڕەشـــــەکانی چـــــارەکە ســـــەدەی نـــــۆزدە بە تابشـــــت و هێـــــز کـــــردن،کە بۆخـــــۆی هۆکـــــاری هاوبەشـــــی ئیحســـــاس و هەســـــتی زۆرتر کرد.

((کوردەکـــــان هەنـــــووکە لە ســـــەر یەک، زێـــــدە لە٤٠میلـــــوین کەســـــن. جـــــگەلەمە کە دوومیلیـــــون وســـــێ ســـــەت هەزارکـــــوردی خوراســـــان لەئێـــــــران قەت نـــــــایەتە حیســـــــاب کە کەلە کوردســـــــتان دوورخراوەتنەوە. وەرگێڕی کودی).

کوردەکـــــان خۆیـــــان لە ڕەگەزو بـــــنەچەکەی مادەکـــــانی کـــــۆن دەزانـــــن(هەر چەنـــــد کە خوێنـــــدنەوەی تـــــازە ئەم داوایەی خســـــتۆتە شـــــک و گومـــــانەوە.)کە بە هـــــۆی زاڵبـــــوون بەســـــەر نەیـــــاردا و وەدســـــت هێنـــــانی ســـــەرکەوتنەکانی نیزامـــــی و شکســـــتەکان و لە بەر یەک هەڵوەشـــــان و تەفـــــرو تونـــــای ئەمپەراتوریەکـــــان، دەســـــتی بە کـــــۆچ و کۆچبـــــاری کـــــردوەو لە دەورو پشـــــتی دوو هەزار ســـــاڵ لەمەو بەر لە چیـــــا و قەلایـــــچەی کیوەکـــــانی تـــــورکییەو ئیـــــراق و ســـــــوورییەی هەنـــــــووکە، نشـــــــتەجێ بوونە،کوردەکـــــــان لەو ناوچـــــانەی"ســـــوق الجیشـــــی) وکارنـــــاتێکەر توانتیـــــان لە حاڵێکـــــدا کە لە ئەمپەڕاتوریەکـــــــــــانی ئەرمەنســـــــــــتانی گەورەی: یۆنـــــان،عەڕەب و تـــــورک، ســـــەفەوی و قاجـــــار وعثمـــــانی- کە دورســـــت هەتـــــا لە بەر یەک هەڵوەشـــــانی ئەمپەڕاتووریەکـــــانی عوســـــمانی و قاجـــــار لە دوایـــــین شـــــەڕی دونیـــــاگری یەکەم لە ســـــەر مێـــــژووی

ناوچە زاڵ و سەرکەتووبوون- پێناسی کۆنی خۆیان بپارێزن. لەبڕگەکانی ٦٢و٦٤پەیمانی سور کە لە١٠ی ئەوت ئیمزا کرا،بە کوردەکانیان وادەی پێکهێنای وڵاتێکی سەربەخۆ دا.

لە دوای کۆتایی شەڕی ١٩٩١ی کەنداوی فارس،ژئوپۆلیتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

وای دەنواند، وەک بڵێی بۆ یەکەمین کەڕەت لە شەڕی دونیاگری یەکەم بەم لاوە، شیاوی پێکهاتن و پێکهێنانی وڵاتێکی کورد تەدارەکی ئامادەیە. دیاریدەدا کە ناوەکی ناوەندی ئەم وڵاتە باشووری ئیراق بێت،یانی هەر ئەو ناوچەیەی کە ئەمپەڕاتووری بریتانیا لە ساڵەکانی نێوان ١٩١٨ و١٩٣٦ ئەوی بە،بەشێک لە خاکی ئیراق هیناحیساب و بە وی لکاند. هەلوومەرج و چۆنیەتییەکان کە ئیجازەیان نەدا ولاتی کورد لە ساڵەکانی دەیەی ٢٠ بە وجود بێت، وەکوو ئەو هەلوومەرجەیە کەلە دەیەی ١٩٩٠ دەیبینین. لێرەش پێداویستیەکان وکەرەسەکانی ژئوپۆلیتێکی ناوچە پێکهێنانی وڵاتێکی کوردی ئیجازە نەدا. ئەو بابەتە مەبەستی باسکردنی ئەو نامیلکەیەیە. بەڵام بە هۆی ویکچوونی هەلوومەرجەکانی ژئوپۆلتێکی ساڵەکانی دەیەی ١٩٢٠ ٢دەیەی ١٩٩٠ دەبێ ئەم پرسیارە بێنینە کایە کە بۆچ لە بنەڕەت، زلهێزەکانی ئوروپایی بە تایبەت بریتانیای مەزن، لە پاش شەڕی دونیاگری یەکەم ئەم هزرو بۆنجە(اندیشە) کۆک و یەکدەنگبوون.

هۆکاری گەورەی هاودەنگی بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی کورد، لە دوای شەڕی دونیاگری یەکەم، حەزوئیلاقەی زلهێزەکانی ئوروپایی بە،بەوجود هێننانی پاردەو پەرژێنێک لە نێوان تورکەکانی ئاناتۆلی و خەڵکی تورک زوانی وڵاتانی ئاسیای

ناوەندی لە قەفقاز،بە تایبەت ئازەربایجان بوو. لێڕوانین و بەرێ خۆوەدان و تێفکرین و دقت بەم خاڵە دەبرگرتووی کۆی گرینگ و بایەخدانە کە  زۆرینەکی زەبەنگ و زەحەڤی تورکەکانی ئاناتۆلی و ئاسیای ناوەندی سوننی مەزەبن. ڕاستە کە نزیکەی سەرجەم ئازەربایجانیەکان شیعەن،بەلام ئەگەر لەم دەرهاویشتنە چاوپۆشی بکەین،کەمەر بەندێکی پێکهاتوو لە سوننی مەزەبان لە ئەستانبۆل هەتا (فرونزە پێشوو)،پێتەختی قزقزستان درێژ دەبیتەوە. بە لێڕوانین لە یەکیەتی عەزیمی موسڵمانان کە دوایی دیاریدا کە سەبارەت بە وی لە ڕادە بەدەر پێوەنان کراوە،بریتانیا کە لە تابشتێ بە مراد گویوو لە زۆر بابەت دەسەڵاتداروحوکمڕانی ناوچەبوو، یەکجار حەزی دەکرد کە لە یەکیەتی و ڕوداوێکی ئەوها پێشگیری بکات.

هۆکاری دیکەی پێکهێنانی وڵاتی کوردستان،بەوجود هێنانی وڵاتیکی پەرژین و پاردە لە نیوان تورکییەی دەمار گرژوو وڵاتی خودموختاری ئازەبایجانی شووڕەوی بوو. دەلیل و هۆکاری سووەم بە وجودهێنانی پاردەیەک لە نیوان تورکییەو جەماوەری ئازەری لە ناوەخۆی ئێران بوو. زوربەو زەبەنگی کوردەکان سوننە مەزەبن. سوننە بوونی وڵاتی کوردی ئەوانەی لە شیعەکانی ئازەربایجان بژاردوو شینبەر (متمایز) دەکرد. بوونی وڵاتێکی کوردی هەتا ئەو جیگایە کەبە بریتانیاو وڵاتانی دیکەی ئوروپایی پەیوەندی هەبوو سەروتری دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەمە بوو کە لە توانایی وبڕستی بە زەبری تورکییەو ئێران و ئیراق کەم دەکردەوە.  وڵاتی کورد کە لە باوشگرتووی ئەو سەر زەمینانە دەبوو کە نەتەوەخوازانی کورد،ناوچەکانی کوردنشینی ڕۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی تورکییە دەزانین،کۆماری تازەی تورکییەی لە

سەرزەمینەکانی گرنگ و لە چوار چیوەی داوای ئەوان بێبەش
دەکرد و لە دەست وێراگەیشتنی کۆماری بە رێگاکانی گەین
بە قەفقاز و ئیراق و سووریيە کەم دەکردەوە وپاردەیەکی بە
تەواوی مانا لە مابەینی تورکییە و عارەب بە وجود دەهینا.
زورتری سەر چاوی ئاو وئیدرولیک وسیستمەکانی ئاو دێری
یان لە ناو ئەو ولاتی کورد دەبوو، یان لە ڕەخ ئامسایی
وهاقمالّی وی قەراری دەگرت. وەدیهینانی ولاتی کورد بە هەر
کام لە ولاتانی جینار وهەروا بە (اتحادجماهیر شوروی) و
زلهێزەکانی ئورۆپایی،بە تایبەت بریتانیاو فەرانسە،ئەو
هەلوو مەرجە پێکدێنا کە لەم ولاتە وخەلّکەکەی دژی ئیران
وتورکییە کەلک وەرگرن. لە ماوای سەر هەلّدانی ئەو هەموو
شۆڕشانەی کە لە سالّەکانی ۱۹۲۵و۱۹۳۰ دژی دەولّەتی
تورکییە قەومان،حکوومەتی تورکییە دەم و دەزگای
پڕوپاگەندی بریتانیاو (اتحادجماهیری شوروی) بە داکوکی لە
ڕاپەرینەکانی کوردان تۆمەتبار دەکرد. لە ماوەی شۆڕشی ناو
دێر بە راپەرینی (ئاگریداغ)ئاراڕات لە دەیەی ۱۹۳۰زایینی،
تورکییە ئێرانی لە یاریکاری بە شۆرش تۆمەتبار دەکرد.

ولاتێکی کورد هەتا ئەگەر تەنیا سنووردار کراو بە سەر
زەمینەکانی باشووری کوردستان(ئیراق) ببوایە، دەیتوانی لە
ترساندنی ولاتانی دەمارگرژی ئێران و تورکییە کەلّک وەر
گیرێ و قازانجی هەبیت. هەر چەند لە ئاکامدا بریتانیا هاتە
سەر ئەو بڕیارە کە ولاتی کوردی لە سەر زەمینی ئیراق ژێر
چاوەدیری خۆی بووجود نەهینێ، لە سەر ئەوش را هەر وا بە
سیاسەتی خۆی لە درێژایی هاندان و دستخۆشی پێگوتن و
چغڕاندنی(تشویق) نەتەوەخوازی میانەروو بەردەوام بوو،بەم
مەبەستە کە هەم لە وی وەکوو ئامێر و بەجود هینانی
هاوسەنگ(تعادل) لە نێوان کوردەکان و عارەبەکان-چ شیعەو

یان سوننی- کەلک وەربگرێت و هەم لە وی سەبارەت بە زاڵ بوون بە سەر ئیراق قازانج وەرگرێت، لە بەرابەر ئیراق وەکووبەهانە( دەستاویزێکی) بە تابشت کوردەوەی سیاسی(شەریفی)خۆی بە کار برێت: یانی کەلک وەرگرتن لە بنەماڵەی هاشمی وەکوو هاودەستی خۆی لە سەر زەمینەکانی رۆژهەلاتی عارەبی. لەم بارەوە کە بریتانیا لەدوای ١٩٢٣ لە بزوتنەوەکانی نەتەوەخوازی کورد لە تورکییەو ئێران داکۆکی کردبێت، چ سەندو بەڵگە لە دەست دانییە. هاندان و دەستخۆشی پێگوتن بەنەتەوەخوازی توندوتیژ لە(ئیراق) هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەلات(سلطە)ی بریتانیا دەبوو،بەلام بریتانیا بە هاندانی نەتەوەخوازیکی ناوەندیتی(معتدل)ی دەیتوانی کوردەکانی ئیراق مەجبور بکات کە سیاسەتی بەریتانیا لە بەرابەر عارەب قەبووڵ بکەن و بە لانی کەمەوە لەگەڵ وی ڕووی رەزامەندی نیشان بدەن. ڕەزامەندی کوردەکانی ئیراق لەگەل بریتانیا پاش ١٩٢٣ ویکچوونێکی زۆرو بەر چاوی لە گەڵ ئەو سیاسەتانە هەیە کە کوردەکان دەوایی شەڕی ١٩٩١ی کەنداوی فارس لە بەرابەر ئامریکا هەڵیانبژاردووە.

بریتانیا هەتا زەمانێک کە لە سەر ئێراق حاکم و دەسەلاتدارو فەرمانڕەوا بوو نەتەوەخوازانی ناوەندیتی کوردی هاندەدان. کوردەکانی باشووری کوردستان(ئیراق) هەر ئەو مەبەستی ژئوپۆلیتک و ژئواستراتژیکی هێمن کردنەوەو سەبووری پێدانیان گرتە بەر کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئێران و تورکییە لە سەر ملی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەبوو. هەڕەشەی نەتەوەخوازای کورد کە لە ئێراق لە ژێر دەسەلاتی بریتانیا سەر چاوەی دەگرت لە ناچار کردنی تورکییە و ئێران بەمە کە ئیرادەی خۆیان لە مەڕ مەسەلەکانی ناوەخۆ

سەقامگیر بکەن و لە کاروباری وڵاتانی دیکە تداخول نەکەن و هۆکارو ئامێری کار تێکەر لە ئاو بێتەدەر. جگە لەمە کە هەڕەشەی نەتەوەخوازی کورد بۆ بە لەمپەری ئەمە، کە وڵاتانی ئێران و تورکییە بە شیوەیەکی مجد لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی، کە هەموو لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و فرانسە دابوون تداخوڵ بکەن.

ئەم ئەرکە بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ ئێراق وەڕاست دەگەرا. لە راستیدا زۆر وێدەچێ کە ئەو هەڕەشەی نەتەوەخوازی کورد ڕەنگە بەشێکی گەورە لەو دورشمەی کە "کەماڵ ئاتاتورک" هینایە گۆڕێ، بێت : "ئاشتی لە ناوەوە. ئاشتی لە دەرەوە." ئەمە دورشمێک بووکە دەوڵەتی تورکییە ئەوی هەتا ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ بە فەرمی لێی بەردەوام بوو. و سەیر ئەمەیە کە شەڕی کەنداوی فارس و زیندوو بونەوەی نەتەوەخوازی کورد لە باشووری ئێراق و خودی تورکییە هۆکاربوو کە دەوڵەتی تورکییە ئەو ڕاسپاردەی ئاتاتورک بە فەرمی وەلابنێت.

هەر چەند لە مابەینی نێوان دوو شەڕی(دونیاگر) نەتەوەخوازی کورد لە ئێران کز تر لە تورکییە بوو، لە سەر ئەوەشرا لە گەڕاندنەوەی ئێران لە بڕیاری سیاسی شەڕ فرۆشانە کار تێکەری وێکچووی هەبوو. گرتنی بڕیارێکی ئەوها بە بریتانیای ئیمکان دەدا بە وڕووژاو کردنی کوردەکانی ئێران بە توندو تیژی بەم کردوە پەرسف بدا. یەکێک لە سەبەب و هۆکاری جوانی پەیوەندی، نێوان تورکییەو یەکیەتی شوورەوی،بێچگە لەو یارمەتییەی کە بڵشویکەکان لە ماوەی شەڕەکانی سەر بەخۆیی و دوایی وی بە کەمالیستەکانیان کرد،ئیلاقەی تورکەکان بەم ئەمرە بوو

که بڵشویەکەکان لە تداخوڵ لە مەسەلەی کوردەکان یان دنە دانی نەتەوەخوازانی کورد بگێڕێنەوە. گەڕاندنەوەی یەکیەتی شووروەوی لە داکۆکی لە نەتەوەخوازی کورد ناخازا دوایی ئەمە کە تورکییە لە ساڵەکانی دەیەی بیست و دەیەی سی سیاسەتی دەرەوەی دیاری کراوی موافیقی ڕۆژ ئاوا وەپێش گرت، بەوەپێش خستن لە سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵات گۆڕدرا. لە دوایی تەفرو تونابوونی یەکیەتی شووروەویش (بەرگەی)کوردستان هەروالە پلەو پایەی کارامەی گرنگ لە پەیوەندی نێوان تورکییەو ڕوسییە باقی ماوە. لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠،لە شەڕی چیچن و رووسییە بەردەوام کە ئانکارا یارمەتیەکانی نیزامی و ماڵی لە بەر دەست "چچنەکان" دادەنا،مەسەکەویش لە پ.ک.ک.داکۆکی نیزامی و سیاسی دەکرد. مەسەلەی کورد دوایی تێکشکانی هێزەکانی رووسییە لە چچنەکان لە١٩٩٦،هۆکارێکی گرینگ لە هاتووچۆی نێوان ڕووسییەو تورکییە بوو.

لاق قرساندن لە سەر ئەو بابەتە،جێگای بایەخ پێدانە، کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئیراق،بریتانیاش لە سەر کوت و کوشتنی نەتەوەخوازای بە ورەو یەک دەنەدەیی کورد لە گەڵ ئێران هاوکاری کرد. هەر بزووتنەوەکی نەتەوەخوازانەی بە هێزو تابشتی کورد لە ئێران دەتوانێت راستەوخۆ لە سەر سیاسەتی بریتانیا لە ئێراق کار تێکەر بیت. بریتانیا لەو نیوەدا لە سەر کوتکردن و بۆمبارانی بەربەرەکانی کوردەکان لە ئێراقیش کارکوشتەو تەقەلادەر بوو. هەتا ساڵی ١٩٣٢ بەشی زۆری ڕێبەرانی کورد لە ناوهەڵگیرابوون و بزووتنەوە ولایانگرانی کەوتبوونە ژێر دەسەڵات و چاوەدێری ئێراق و بریتانیا. سەید تەها،شێخ مەحموود،سمکۆ،و ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی کورد لە تابشت ودەسەڵات وەلانران،ئەرتەشی

ئێران سمکۆی کوشت. ئێرانیەکان لەو رووەوە دژی سمکۆ وارد کارزار بوون چونکە دەیانزانی ئەم کردەوە لە گەڵ سیاسەتی بریتانیا ئاو دەخواتەوەو جۆر دێتەوە. لە مابەینی نێوان دوو شەڕی(دونیاگر) دەوڵەتەکانی تورکییە و ئێران و ئێراقی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا گەڵێک پەیماننامەو قەرار مەداری ئاشتی وسولح وهێمنایەتیان پێکەوە ئیمزا کرد کە بە پێی وی ئەوها دانرا بوو: لە دنە دانی نەتەوەخوازی کورد لە خاکی یەکتر خۆیان بپارێزن. ئەمە بەو مانایە بوو کە ئێران و تورکییە شیوە سیاسەتەکیان وەپێش گرتبوو کە تەواوی بیرو بۆچوونیان سەر کوت کردنی نەتەوەخوازی کورد بوو،لە حاڵێکدا بریتانیا بە هۆی بەڵگەو هێندێک دەلیل تایبەت بە خۆی نەتەوەخوازی کوردی لە ئێراق دنەدەدا- هەر چەند کە ئەم نەتەوەخوازە سازگارو نەرمترین نەوعی مومکینی وی بوو.

داکۆکی نەکردنی بریتانیا لە پێکهێنانی وڵاتی کورد لە باشووری کوردستان،ئێراقی ژێر سەرپەرشت وچاوەدێری خۆی، دەلیل و هۆکاری دیکەشی هەبوو، لە سەریەک هەموو ئەو بەڵگەو دەلیل و دیکۆمەدانە بە شیوەیەک لە گەڵ نەخشەکانی ژئوپۆلیتێکی بریتانیا بۆ وڵاتانی عەڕەب و بەشی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی هەبوو. کاتێک کە فەیسەل لە ئەوتی ١٩٢١ لە سەر تەختی پاڵشایەتی ئێراق پاڵی دایەوە، ڕوون بوو کە بنەماڵەی شەریفی مەکە، لە بەر فرەوانی و کاملکردنی سیاسەتی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- جگە لە سوورییە و لبنان کە فرانسەویەکان لە وێ جێگایان خۆشکردبوو- ڕۆڵێکی بە بڕشت و بە زاکونی دەبێت. بریتانیا پاش ١٩٢١ بۆ بە هێزو تابشت و قایم بوونی سیاسەتی "شەریفی"بۆ خۆی لە ئۆردن و حیجاز مەجبوور بوو

که "فەیسەلی" بە سەلتەنەتی ئێراق بحاوێنێتەوە، ئێراق بازنەی ئەو سیاسەتە بوو. گەلێک لەمپەر لە سەر ڕێگای دەسەڵاتی بریتانیا لە ئێراق هەبوو،بەڵام یەکێک لەو کۆسپ و بەربەست،ئاڕووشە، دیاری کردنی تخووبی تورکییەو ئێراق بوو. پەیمانی لۆزان(١٤ی زۆئیەی ١٩٢٣)مەسەلەی موسڵی حەل نەکرد بوو، لە ئاکامدا کەوشەنی نێوان دوو وڵات هەروا نادیار مابۆوە. ئەم مەسەلە بە پەیمانی ئینگلیز و ئێراق و تورکییە ئاسپاردەراو واگوزار کرا، کە لە پێنجمی ژوئن ١٩٢٥ سنووری نێوان دوو وڵاتی دیاری کرد. تخووبێک کە لە ١٩٢٦بە سەڵماندن و تەسدیقی وڵاتانی واژۆکەری پەیمان وەدیهات، بە پێچەوانەی هەڕەشەکانی پێشووی تورکییە بەمە کە خەتی سنووری دە هەتا ١٥ مایل بۆ لای باکوور بەرەوپێش دەبات هەتا پ.ک.ک. نەتوانێت لە وێرا ئامانجەکانی ناو تورکییە بخاتە ژێر هێرشی خۆی و بپێکێت، هەر وا لە جێی خۆی و بە قوەتی خۆی باقی مایەوە.

بریتانیای مەزن لە دوای ئەمە کە لە ١٩٢١ فەیسەلی بە دەسەڵات گەیاند، بۆ موحکەم و قایم بوونی بارو دۆخ و هەڵکەوتی خۆی، دەبوایە وڵاتێکی کوردی وەدیهێنابوایە و یان لە دامەزران وپێکهاتنی وی چ لە سنوورەکانی ئێراق، چ لە دەرەوە لە وی داکۆکی و پشتیوانی کرد بوایە. بەڵام سەر کەوتنی هێزەکانی نەتەوە خوازی تورک، بە مومکین بوون و وەدیهێنانی وڵاتێکی کورد لە سەر ئەو مەڵبەندانەی کە کۆماری تازەی تورکییە لە پاش ١٩٢٣ داوای خاوەنایەتی وانی دەکرد، کۆتایی پێهێنا. کۆماری تازەی تورکییە لە مەڵبەندی دەسەڵاتداری خۆی هیچ کام لە داوای کوردەکانی بە فەرمی نەناسین. چاخێک لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٢١ بڕیارێکی ئەوها گیرا کە ئێراق لە سیاسەتی"شەریفی" بە

هۆی وەدەست هێنانی دەسەڵات و چاوەدێری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی بازنەیی بە ڕێوە بەرێ، پێویست بوو کە بریتانیا فکری بە وجود هێنانی وڵاتێکی کورد لە دەرەوەی ئێراق لە ژێر سەرپەرشتی خۆی لە مێشک دەرباوێ و، ولابنێت. دەلێلی مەزنی ئەوگۆڕانی هەڵویست ئەمە بوو کە: ئینگلیزیەکان بەم ئاکامە گەیشتن کە کوردەکانی ئێراق دەتوانن لە موحکەم بوونی چلۆنیەتی جەنگەیان لە ئیراق،کە بۆ هێمنایەتی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمرێکی زۆر گرنگ بوو،ڕۆڵی بەبرشت بەڕێوە بەرن. جگە لەوانەش شوێنەکانی نەوتی کەرکووک لە مەڵبەند،یان نزیک بەو مەڵبەدانە بوون کە دانیشتوانی زۆربەی کورد بوون.

کوردەکانی سوننە مەزەب،بە تایبەت دەم و دەزگای ڕێبەری ئەوان بریتی لە مەزەبی و نامەزەبی،لە بەرابەر عاڕەب پارسەنگێکی ناونجی کەر بوون. لە ڕاستیدا دوو دڵی مەلیک فەیسەل،وەکوو نوێنەری عاڕەبی سوننە مەزەب، لە بارەی هێزەکانی بە تابشتی خەڵکی شیعە، زۆر زیدەتر لە ئینگلیستان بوو. فەیسەل چەند مانگ دوایی دانیشتن لە سەر تەختی سەلتەنەت، ئەو دڵەخورپەیەی لە قاقەزێکدا بۆ"سرپرسی کاکس" کزیری پایە بەرزی بریتانیا لە ئێراق دەربڕی. فەیسەل لەو نامەیەدا بە"کاکسی" گوت:

مەسەلەی کوردستان بۆ وی وەکوو پاڵشای ئێراق هۆکاری دیکەشی هەیە، کە ڕەنگە ئەو جۆرەی کە دەبێ سەرنجی ئیمە، سەرنجی(بریتانیا) ڕانەکێشاوە، ئەم لایانە،مەسەلەی زۆرایەتی ژمارەی سوننەکان یان شیعەکان لە پەیوەند لەگەڵ مەجلیسێکە کە بە زوویی بۆ ئەنجمەن بانگهێشتن دەکرین، هەر وەک دەزانین پێشتریش شیعەکان چ لە باری کمی چ لە

مەڕ فنـــی چاکتریـــان بە ســـەر ســـوننە هەبوو،وپێشـــگیری لە هـــاتنی نـــوێنەرانی وان بـــۆ مەجلـــیس،ئەوان لە مەڕ بـــارودۆخ و هەڕەتـــی قـــایمتر قەرار دەدات،ئەو(فەیســـــەل) لەم مەســـــەلە هەســـــت بە مەترسی و دڵەراوکێ دەکات.

سیاســـەتەکانی داپۆشـــراوو نهینـــی لە داخۆیـــانی ڕیـــکەوت ١٩٢١ وردەوردە لە لایەن حکوومەتەکـــانی ئێـــراق و بریتانیـــا ئاشـــکرا کـــران و خـــرانە ڕوو، ولە ئاکامـــدا لە بڕیارنـــامەی ڕێـــکەوت ٥ی اوت ١٩٢٦جەســـــتەی دەر کەوت. ئەم سیاســـــەتانە بە شـــــێوەیەکی بەرفـــرەوان هەتـــا ١٩٦٨بەردەوام بـــوون. مەســـەلەی پەیوەنـــدی نێـــوان عـــاڕەبی شـــیعەو ســـوننە و نێـــوان عـــاڕەبی ســـوننەو کـــورد هەر وا هەتـــا ١٩٥٨ وەکـــوو مەســـەلەیەکی ناوەنـــدی بـــاقی مـــاوە. ئەم خـــاڵەش دەبـــێ زێـــدە بکەیـــن کە لە بەرەو پێشـــبردنی هەرچـــی زۆرتـــری خەتـــی ســـنووری ئێـــراق و تـــورکییە بـــۆ لای باشـــوور،"سرپرســـی کـــاکس" هۆکـــاری حەســـڵی و بنەڕەتـــی بـــوو. گەلێـــک لە کـــار گێرانـــی شـــالیارگەی دەرەوە حـــازربوون ســـەر زەمینـــی زۆر تـــر لە خـــاکی کوردســـتان بە تـــورکییە بلکێـــنن. بـــۆ نموونە،شـــالیاری دەرەوە لە ســـاڵی ١٩٢٦حـــازربوو "عیمـــادیە" بـــۆ تـــورکییە وەگەڕێێـــتەوە. لە مـــاوەی دوایـــین وتـــووێژی ســـاڵی ١٩٢٦یـــــش وەزارەتـــــی دەرەوە هەروا شـــــالیاری هێزەکـــــانی ئاســـمانی بـــۆ رازی کردنـــی تـــورکییە خێـــرا بـــۆ ئیمـــزای پەیمـــان ئامـــادە بـــوون کە خەتـــی تخـــووب لە تەپۆڵکەکـــانی باشـــووری "ڕەوانـــدز"بـــۆ پشـــتەوە بکێشـــنەوە. ئەفســـەرەکانی هێـــزی ئاســـمانی بریتانیـــا فەرمانـــدەکانی هێزەکـــانی چەکـــداری ئێـــراق بـــوون، و لە بەرپرسی داومودەزگانی ئیستخباراتی وڵات جیگایان هەبوو.

ســـــرهنری دابـــــز،کە لە١٩٢٣بە پـــــلەی گزیـــــری بەرز. لە شـــوێن"کـــاکس" دانیشـــت، وەکـــوو شـــینخۆری(ســـلف) جێگـــری خـــۆی

بوونی کوردەکانی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سوننەکان لە حکوومەت بە پێویست دەزانێ. "سررونالد لیندزی"بالۆیزی بریتانیا لە تورکییە کە ڕۆڵی بنەڕەتی لە وتوویژ دا بەڕێوە دەبرد، ئاقیدەو بۆچوونی وابوو کە بۆ کردنەوەی گرێپۆچکەی ئاخری مەسەلەی موسڵ، چاو پۆشیەکانی زەوی سەبارەت بە تورکییە، هۆی گریدانی پەیمانی لێدەکەوێتەوە. ئەو لە "دابز"ی پرسیار کرد ئاخۆ ڕەزامەندیت لە سەرە بۆ ئەوەی وتوویژ بە ئاکام بگات،بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستانی باشوور(ئێراق)بە تورکییە بدرێت؟ "دابز" ڕۆژێک دوایی ئاخافتن لە گەڵ"لیدزی" لە١٦ی مارس هۆکارو بەڵگەی دژایەتی خۆی بۆ بەجێهێشتن: سەرزەمینی پتر بۆ تورکییە، شیکردەوە. ئەو لە پاساودان و پاکانە بۆ کردنی دژایەتی خۆی بۆ بە جێهیشتنی زەوینی زۆرتر بە تورکییە، دەلیلی"سوق الجێشی" و تاکتێکی و سیاسی خۆی بوخچە دەکاتەوە:

کوردەکانی دانیشتووی ئەو سەر زەمینانە، کە تورکییە لەوانی دەوێت، لەنگەری شوێن تێکەری بریتانیا لە ئێراق بوونە. تەنیا بە داکۆکی و پشتیوانی گروپی کوردەکانی موافیقی ئینگلستان بوو، کە توانیمان لە ژوئن ١٩٢٤ پەیمانی بریتانیا و ئێراق بە پەسندی مەجلیس بگەێنین. و ئەم دەستە لە دوایشدا بەر دەوام بە دەنگ و کارتێکەری خۆیان لە سیاسەتی بریتانیا داکۆکی کردوە. دابڕینی پارچەیەک لە خاکی ئەو کوردانەی کە بە ئێمە وەفادار بوونە و دانی ئەو زەویانە بە تورکییە، نەک تەنیا لە ناو کوردەکان، بەڵکوو لە سەرانسەری ئێراق هۆکاری نامتمانە سەبارەت بە ئێمە دەبێت و بارو دۆخ و چلۆنایەتی ئێمە، بە شێوەیەکی نزیک بە نامومکین دەر دێنێت و ئێراق زێدەتر لە پێشوو لە بەرابەر

تەوژمەکانی سنووری کە لە تورکییە بە کوردەوە دێتە دێ، کزو لەرزۆک دەکات.

"دابز"پاشان بەلێکدانەوەی ئاسەوارو شوێنپێ نەریتی و ڤەگەڕاندن هەردی زۆر تر بە تورکییە بەچینی سونییان فەمانرەوادادەچیتەخوار...

ڤەگەڕاندنی زەوینەکانی شیاوی تێڕوانین بەتورکییە،دڵ ئێشی چینی فەرمانڕەوای ئێراق کە هەموو سوننە مەزەبن بەرفرەوان دەکات،چونکە ئەم مەسەلە هاوسەنگبوون لە پارڵەمان بە زەرەری سوننیەکان تێکدەدا و شیعەکانی پاشکەتوو بەدەسەڵات دەگەێنیێت. لە حاڵێکی وادا عارەبی سوننە مەزەبی ناوەنجی،کەسانێکی وەک عەبدولمحسن(سەرۆک وەزیران) بە پێچەوانەی چوونە ژێربارو مل ڕاکێشان بە کردەوەکی ئەوها، بە گرنگتر دەزانن یەکچەلی بۆ تورکییە بگەڕێنەوە.

وتەی "دابز" بە ئاشکرا ڕوون دەکاتەوە کە بە بۆچوونی وی بۆ سوکناییەدەری دەسەڵاتی چینی سوننی مەزەب، لەو پاڕلەمانەی جێگا داکۆکی بریتانیا،ئاتاجی بە پشتیوانی کوردەکان پێویستی کامڵ و تەواو هەیە. پاراستنی هاوسەنگی لە پارڵەمان هەتا بەقیمەتی بیانی کردنی تورکییە ئەرکێکی پێویست و زەروریە. زێدە لەمەش ئاشکرایە کە گزیری پایەبەرز بۆچوون و ڕەشبینی سەبارەت بە شیعەکان هەبوو. دابز لە ماوەی دەورانی خزمەتی خۆی وەکوو گزیری پایەبەرزی بریتانیا(لە ١٩٢٣ هەتا ١٩٢٩) لە دیاریکردنی سیاسەتی ئینگلیستان لە ئێراق بە توندی کارتێکەر بوو. سەر جەمی ئەو سیاسەتانەی کە لە ماوەی شەش ساڵ خزمەت لەم

پۆسـته بـه شـالیارو موسـتعمرات و شـالیارگەر نیشـان دا و بەڕیوه چوو.

لێـره ئەمەی شـیاو گـرنگه ئەمەیه کە لە دیکۆمەنـدو بەڵگەنامەکـانی مەوجـود وای لێهەڵـدەکرێت کە لە دوای مارسـی ١٩٢٢ و هەلوومەرجەکـانی سـەر هەڵـداو لە ئیمـزای بڕیارنـامەی لـۆزان(٢٤ی ژوئـیەی ١٩٢٣) سیاسـەتی ئینگلیسـتان، ئیـدی بە دەلیلـی زنجیـرەیەک هۆکـارو لایەنـی ژئوپولیتێـک و ژئواسـتراتژیک سـازاو هـاوبیری بە وجودهێنـانی وڵاتێکـی کـورد نەبوو.

لە ئێـران دوای شـەڕی دونیـاگری یەکەم داسـەپانی دەسـەڵات بە سـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لە ڕێگـای ئێـراق و بە دەسـت هێنـانی هاوکـاری دەوڵەتـانی ئێـران و تـورکییە بە هـزری بنیاتنـانی وڵاتـی کـورد سـازگاری نەبـوو، زوربە لەو پێداویسـتانەی ژئوپولیتێـک وژئواسـتراتژیک، لە دوای شـەڕی کەنـداوی فارسـیش هەروا هۆکـاری کـارتێکەر بـوون وپێشـگر لە پێکهێننـانی وڵاتـی کـورد بـوون. گروپێـک لە لێکـۆڵنەران پێیـانوایە کە(ایـالات متحـدامریکا) و ئوروپـا بە تـایبەت ئامریکـا - لە بیروبۆچوونیـان دا نەبـوو لە دوای شـەڕی کەنـداوی فـارس وڵاتێکـی کـورد لە باشـووری ئێـراق دامەزرێـنن، ئەوەی دەیانویسـت، وەدیهێنـانی مەوجـودیێتەک بـوو بە ڕادەی بەس و بە هێـز، کە بتـوانن رژیمـی سـەدام حوسـین لە دەسـت پێکـردن بە بازێـک ئاکـاره ڤەگێـڕن. لەو وتـارانەی کە لە دوایـدا دێـت دەبینـین کە دەوڵەتەکـانی تـورکییەو ئێـران و سـوورییە و ئێراقـی کـزو بێهیزکراو،سـەرجەم ئاقیـدەو بۆچوونیـان وا بـوو کە سیاسـەتی ئامریکـا ئەمەیە کە وڵاتێکـی کـوردی لە باشـوور دامەزرێـنن. و هەر چـوار وڵات بە پـێچەوانەی ئەو نـاکۆکییەی

که له گهڵ یهکتریـــــان ههبوو،دهســـــتی هاوکاریـــــان وێکتــــردا ههتــــا پێشـــگیری لهمه بـــکهن، که وڵاتێکـــی ئهوهـــا یـــان(موجـــودییتی) له باشـــووری ئێـــراق به وجـــود نهیێـــت. تـــورکییهو ئێـــران له نێـــوهدا چـــالاکتر له وانیتـــر بـــوون. هۆکـــارهکهش ئهمه بـــوو که به وجـــوود هـــاتنی وڵاتێکـــی کـــورد یـــا ههتـــا(موجـــودییهتی) به هێـــز له باشـــــووری ئێراقیـــــان بـــــۆ پهیوهنـــــدیهکانی ژئوپولیتێـــــک و ژئواســـــترتژیک به مهترســــی دهزانـــــین. ئهم نـــــامیلکه به دوای ئهوه دایه ئـــــازهنتی و شـــــی بکـــــاتهوه که ئهم پهیوهنـــــدییه کامهیان بوونه و ههن.

پاژی یهک:

### بهستێنی تئوریک،ومهسهلهی کورد له تورکییه

لهمهڕ مێژوویی

بواری تئوریک:

نـــــاوو نـــــاوهرۆکی ئهم نـــــامیلکه مهســـــهلهی کـــــوردو پهیوهنـــــدی ئێـــــران و تـــــورکییهیه،له شـــــهڕی دونیـــــاگری ههوهڵ ههتـــــا ســـــاڵی ١٩٩٨،دهباوهشـــــگرتووی کـــــورته باســـــێکه ســـــهبارهت به ڕۆڵـــــی مهســـــهلهی کـــــورد، له هـــــاتوو چـــــۆی نێـــــوان دوو وڵات له ســـــهردهمی ئهمپهڕاتووریهکـــــای ئێـــــران و عوســـــمانی. لهو لێکـــــۆڵینهوهدا مهســـــهلهی کـــــورد له ئـــــامێز گرتـــــوو لایهنهکـــــانی دهرهوهی ســـــنوورو بـــــزوتنهوهی نهتهوهی کـــــورده، مهبهســـــت له ئارووشـــــهی کـــــورد پهرهچهنگـــــێکه که بـــــزووتنهوهی نهتهوهیـــــی کـــــورد له نـــــاو دوو وڵات له بهرابهر دهوڵهتهکـــــانی ئێـــــران و تـــــورکییه قهرار دهداوڕادهگرێ.

تئۆریەکی نیو دەوڵەتی تایبەت نییە کە لە نیزامی سیاسی جیهان، یا هەتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی قسەی بە ڕادەیەکی بەس لە گەڵ کوردەوەی ئێران و تورکییە بێت(کە لە سەر بنەڕەتی وی بکرێت مەسەلەی دوو وڵات بە شیوەیەکی ڕێکووپێک و لە سەر بناغە و قائیدە، شی بکرێتەوە) یەکیک لە باشترین تئیۆریەکان،تئۆری (هاوسەنگ وکامڵ)ە. یەکیەتی ،عناسوری بنەڕەتی تئۆریەکانی هاوسەنگ لە مەکتەبی (نورئالیستی) دەباوەش دەگرێت،بەلام لە بابەتێک لەگەڵ مەکتەب تەوفیری هەیە،و ئەویش پێ قرساندن لە سەر ئەم خاڵەیە کە وڵاتانی دونیای سیوەم،بە تایبەت ڕێبەرەکانیان پێیان باشترە لە گەڵ دوژمنانی دەرجە دووەم خۆیان هاوکاری بکەن، هەتا بتوانن گەورەترین سەر چاوە و پێداوێستیەکانی خۆیان ڕووبەڕووی دوژمنانێک بکەن کە بە مەترسییداریان دەزانن. بۆ بە ڕێوە بردنی ئەو مەبەستە، تێدەکۆشن لە ناو دەستە بەندی دژی خۆی چڕژ کەلین تیباوێن و یەکگرتووانی دونیاو دژکارانی ناوەخۆ ئارام بکەن. ولایەنی بنەڕەتی (هاوسەنگی کامڵ) ئەمەیە کە ئەو بڕیارانەی کە لەو جۆرە دەستەبەندیانە دەیگێڕن جگە لە پەیوەندی لە گەڵ ڕۆڵی پڕمەترسی ناوەخۆ، سەبارەت بە ڕێبەرانی ئەم جۆرە وڵاتانەی گرتوویانە، ناکرێ دەرک و فام بکرێت. لە ئازەنتی و هەللاجی و لێکدانەوەیەک کە لێی دەدوێن، ئەمن لە نموونەی(هاوسەنگی کامل) کەلک وەردەگرم، بەو تەوفیرە کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئێران و تورکییە بە پێچەوانەی،نیزامەکانی حازر کە لەم دەستەبەندیانە جێگای بەڕێ خۆەدان قەرار دەگرن. ئاشکراترین لایەنی(هاوسەنگی کامل) ئەمەیە کە بە پێچەوانەی نموونەکانی(رئالیست و

نورئالیست)ناوەندی بەرێ خۆدان، نەک هەڕەشەی دەرەکی، بەڵکوو مەترسی ناوەخۆیە کە هەڕەشە لە نیزام دەکات.

بناخەی تئوری هاوسەنگی کامل، لە سەر ئەمە دادەڕێژن، کە وڵاتانی دونیای سیوەم باشترە، لە جیاتی ئەمە کە خۆیان لە بەرامبەر ئاژاوە "آنارش"دونیا بپارێزن ئەم "آنارشیە" لە شونێکی دیکە شین بکەنەوە. سیاسەتەکانی دونیای سیوەم نموونەیەکی گچکە ترە لە سیاسەتەکانی سەرانسەری دونیا. پاراستنی هاوسەنگی هەر بەو جۆرە کە لە هەڵسوو بینیشی نێوان حکوومەتەکان ئەمرێکی گرینگە، بۆ گروپەکانی ناوەخۆی وڵاتیش جێگای گرنگ پێدانێکی زافە. تئۆری هاوسەنگی کامڵ بەپێچەوانەی تئورییەکانی قودرەت و دەسەڵات بە دوای وەیە، کە وڵاتانی دونیا سیوەم دەستەبەندییەکان و گروپبەندی خۆی لە سەر بناخە وەرگرتنی تیگەین و فامینی خۆی لەو سێرە دابکەن، کە چلۆن دەشێن و دەتوانن بە شیوەیەکی باشتر خۆیان لەو هەڕەشانەی کە لە گەلی دەست بەیەخەن، بپارێزن و کێشک لێبکێشن- ئێستا سەر چاوەی ئەم هەڕەشانە چ هۆکاریەکانیان ناوەخۆی بن، یان دەرەکی- ناوچەی هێمنایەتی کە هێزەکانی یەکگرتوو بە ڕێبەری ئامریکا لە دوایی شەڕی ساڵی ۱۹۹۱ی کەنداوی فارس لە ئێراق بۆ کوردەکان بە وجود هێنا، نموونەیەکی باشە لە بە وجود هێنانی ئاژاوە(ئانارشی) لەجیاتی ئارامش، لە سیاسەتی سەرانسەری دونیا.

"هاوسەنگی کامل) دیسان لەم بارەوە لە گەڵ تئوڕی تابشت تەوفیری هەیە، کەلە سەر ئەو بیرو بڕوایەیە " ئەو وڵاتانەی کە لە ناوەخۆ کەوتوونەتە بەر سێرەی هەڕەشە و کلۆر بوون، وەک ڕێی تێدەچێ زاف کزن،و لەو حاڵە دا لە سەر هاوسەنگی

دونیای دەسەڵات کار تێکەری ناکەن" ئاخافتنی من لە سەر ئەو کۆڵەکە و ئەستوونە موحکەمەیە، کە ئێران و تورکییە وڵاتی دە کزو لەڕوو، بێ تابشت نین و بێهێزی وان لە ڤەگەڕانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، بە تایبەت پێشگیری لە بە وجود هێنانی وڵاتێکی کورد،لە سەر هاوسەنگی سەرانسەری دونیا کارتێکەری دەکات.

"ئەنەوشیروان ئیحتشامی" و"ریموند هینس بوش" لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو دواییانەیان، بەڵگەو دەلیل دێننەوە کە ئێران و سوورییە قودرەتەکانی دەرجە دوومن لە سیستمێکی ناوچەیی،کە ئی دیکە دەواندا کار تێکەربوونە. ئەم لێکۆڵنەرانە قودڕەتەکانی مام ناوەندی ناوچەیی وەکوو وڵاتانێک مەدح دەکەن کە لە سیستمی سەرانسەری دونیا بە مەرتەبە لە دووەمین قودڕەتدا جیگایان هەیە،بەڵام سیستمەکانی ناوچەیی ئەکتەرانی حەسڵین. دوو نووسەر ئاماژە پێکراو بناخەی بیر کردنەوەی خۆیان لە سەر ئەم دادەڕێژن کە قودڕەتەکانی مامناوەندی وکوو سوورییە و ئیران"لەم بارەوە لە وڵاتانی بچکۆڵەتری ناوچە جیاوازو بژاردەن، کە دەتوانن ڕێبەراتی خۆیان لە ناوچە بە داوەری پەیوەندی پتوونتر، و بە ناڤچیتی ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان، لە بەرامبەر هاوسەنگی قودڕەتی ناوچەیی، ژێر فەرمانڕەوایەکانی کارتێکەری خۆیان لە ناوچە، بە پاڵپشت و ژێهاتووی ڤەگەڕانی خۆی لە بەرامبەر یەکیەتی ولاتانی دیکەی ناوچە بەر بەرەکانی بکەن و لەو رێگایە ڕێبەری خۆیان لە ناوچە بەڕاشکاوی پێ لە سەر بقرسێنن . و لە ئاکامدا قودڕەتی ئەوها عادەتەن ڕێبەرەکانیک هەن کە لەبارودۆخ چلۆنیایەتی کار تێکەرین کە سنووری ناوچەیی لە پشت سەری خۆ بەجێدێڵن."لە ئازەنتی و لێکدانەوەو

شیکردنەوەیەک کە لە خوارەوە دێ، ئەمن بەئیسبات دەگەیێنم کە تورکییە لێهاتووی سەرجەمی ئەم ئەیارانەی (معیار) هەیە.

نووسەر دەیەوێ بڵێت کە ناوچەی ئاسایشی باشووری ئێراق لە ژێر ئیختیاری حکوومەتێکی تایبەت نییە و جێگای مشت ومڕوو دمەقاڵە(منازعە)ی وڵاتانی ئێران وتورکییە و(ئێراق) و ایالاتی یەکگرتووی ئامریکایە، کە هەر کام دویەوێ سیاسەتی خۆی لە وێ بەڕێوە بەرێ و دابەزێنێت. بەم شێوەیە ناوچەی ئەمن ناوچەیەکە، پڕ لە ئاژاوە(آنارشتی)یە، لە بەر ئەمە تئوری نورئالیستی، پەیوەندی نیو نەتەوەیی،هەر وڵاتێک لە دوای قازانجی خۆیەتی و لە بەر ئەمە یەکگرتووایەتی بە هۆی وەڕاست گەڕانی ئەو قازانجەیە، و هەر وڵاتێک تەنیا بە موبارەکی تیکۆشانی خوی دەتوانێ قازانجەکەی وەرگرێت. ئەمە بەو مانایەیە،کە پەرەچەنگی دەسەڵات دایم و دەرهەم وجودی هەیە. تەنیا شتێک کە پێشگری لە ئاژاوە (آنارشی) دەکات هاو سەنگی دەسەڵات لە نێوان وڵاتاتەکان بە تایبەت وڵاتانی گەورەیە(زلهێزەکانە). کاتێک هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان نەبێت،پەیوەندی وڵاتەکان تووشی ئاژاوەو سەر لێشێوان دەبێت،بە بۆچوونی نووسەری کتێب ناوچەی ئاسایشی باشووری ئێراق،ڕەنگدانەوەی تئۆری نارئالیستی(بێئۆقرەیی و سەر لێشێوایوی)یە.

یەکی دیکە لە خۆیاکرنی دەسەڵاتەکانی مامناوەندی ناوچەیی ئەمەیە، کە ئەم قودرەتانە لە مەڕ ئابووری و تکنولۆژی هێشتا لە بنەڕتدا پێوەبەستراوەن،و بۆ ئەوەی کە لەم پێوەبەستراوەییە کەم کەنەوە، دەبێ ئابووری خۆیان

هەمەجۆرە(متنوع) کەن. لە هەمووی گرینگتر لە قسە کردن سەبارەت بە تورکییەو ئێران(وسوورییە) دەبێ بڵێین کە دەسەڵاتدارانی ناوچەیی لەمپەرێکی بە تابشتن، کە پێشگیری لەمە دەکەن چاتری(برتری) زلهێزی "ابرقودرتی" ڕوخساری سەرانسەری دونیا بە خۆوە بگرێ. هەر چەند هەنووکە بە هۆی خوازیاری تورکییە بە ڕۆژ ئاوا، ئێران ئەم ڕۆڵە لە ناوچە زور تر بەڕێوەی دەبات، لە گەڵ ئەمەش ولاتی ئامازە پێکراویش دەتوانیت لەمپەرێکی بەڕاستی لە بەرابەر چاکتری زلهێزی بێت.

قودڕەتەکانی هاو تەرازی مام ناونجی لە سەر یەک دەتوانن لە تەنیایی وگۆشە نشینی و تداخولی نیزامی لە لایەن زلهێزەکان لە ئەمن و ئەمان دابن،چونکە ئەم زلهێزانە مومکینە لە بەرابەر دوژمنیان بە داکۆکی ئەوان ئاتاجی پەیدا کەن. و هەتا زلهێزێکی گەورە کە لە گەڵ ئەوان دوژمنداری دەکات، سروشتییە لە هێرش بۆ سەر وان خۆی دەپاریزێت. تورکییەو ئێران موافق بە ئارەزوەکانی دەسەڵاتدارانی مامناوەندی تێدەکۆشن بە هاو سەنگ کرنی شوێنتێکەری ناوچەیی زلهێزەکان، سەر بەخۆیی خۆیان زێدە بکەن: کار تێکەری زلهێنزەکان هەر ڕادە زۆرتر بێت،تێکۆشانی قودڕەتەکانی ناوچەیی وەکوو تورکییەو ئێران لە سنوور دارکردنی پانووپۆڕی و بەر بەرینی ئەو کارتێکەریە زورترە، لە بیست ساڵی رابردوو حەول و تێکۆشانی ئیران لەو ڕێگایە زۆر زیاتر لە حەولوو تەقەلاکانی تورکییە بووە.

هەر وەک کە "ئیحتشامی" و "هینس بووش" لە بارەی ئێران و سوورییە بەڵگەو دەلیل دێننەوە،ئەمنیش بۆچوونم وایە کە تورکییە لە ناوچەیەک دەشوغڵی ، کە چ لە ڕابردوو و چ

ئێستا، خەڵکانی تر تێیدا کار تێکەریان هەبووە. ئەم کارتێکەریە بە هۆکارو لایەنی زۆر- لە وەدەستهێنای چاکتری (برتری) دەسەڵاتی ئابووری لە سەرینچاوەی نەوت بگرە هەتا پاراستنی ئیسرائیل لە دوایی ١٩٤٠-هەر وا بەردەوام بووە. لە ڕاستیدا دەتوونین بڵێین: دوایی کۆتایی دوو تەوەرە بوونی دونیا لە ئاخروئۆخری ١٩٨٠ کارتێکەری وڵاتانی بیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باڵکان و قەفقاز و ناوچەکانی ئاسیای ناوەندی پڕ تاوی زۆرتری گرتووە و لەم ناوچانەیە کە توورکییە و ئێران بە مافی خۆیان دەزانن ڕۆڵی عەزیم و گەورە لە واندا بگێڕن.

هەم توورکییەو هەم ئێران لە نموونەی سیاسەت دانەری بروکراتیک پەیرەو دەکەن. لەم نموونە سیاسەتی دەرەکی باشقەو هەڵبژاردە (نخبگان)دورستی دەکەن کە پێکەوە لە کێ بەرکێ دان و قازانج و پەیوەندی جودایەزیان هەیە. دەوڵەت بە داکۆی چینی ناوەخۆی ئیحتیاج هەیە، و هزری هەموانی ڕۆڵەک دەگێڕی. لە نموونەیەکی ئەوها سیاسەتی دەرەکی چەکێکە لە پەرەچەنگی (مبارزات) سیاسی ناوەخۆ، ڕۆڵێک کە "مەسەلە" و ئارووشەی کورد لەکۆتایی شەڕی کەنداوی فارس بەم لاوە لە سیاسەتەکانی توورکییە هەبووە. چێڕۆکێکی باشە لەو نموونە. سیستمی بوروکراتێک لە سەر ئەم خاڵەش لاق دەقرسێنێ کە سەرۆک وەزیران ئەم تواناییەو لێهاتوییەی هەیە کە لە نێوان گروپەکان داوری بکات، ئەم ئەرکە" لە بەدوا چوونی سیاسەتێکی دەرەکی بەرئاقلانە بە"هاوسەنگی کامل" سەر بەخۆی دەبخشێت" سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەر لە ئینقلابی ئیسلامی بە هاوکاری تئوری سیاسەتێکی ڕاستەوخۆ ویکدانە ومتور بەکراوی باشقەو بژاردە،هەر بەو

جـــــۆرەی کـە لـە ســـــوورییە بـە کـــــار دەبردرێ،باشــــتر دەکـــــرێ بـەیـــــان کـەین.

"تــــــــز"ی بنـەڕەتـــــــــی ئـەم نـــــــــامیلکە ئەمەیە کە هاوســـــــــەنگی کامـــــــل(تـــــوازن جـــــامع) نمـــــوەویەکە،کە باشــــترین سیســــــتمەکانی سیاســـــــــی دەرەوە نـــــــاوەخۆی ئێــــــــران و تـــــــورکییە بەیـــــــان دەکـــــــــات،وهەروا ئـەم "مەســـــــــەلە"و ئاررووشــــــــــە" کـــــــورد ڕۆڵێکـــــــی یەکجــــار گرنگـــــی لەو سیســــتمە بەڕێـــوە دەبـــات. ئەمـــن لە خـــوارەوە وەڕاســــــــــتی دەگەڕێـــــــــنم کە ئەم ئەرکە- یـــــــــانی "مەســـــــــــەلە" و"ئاڕووشـــــــە"ی کـــــورد- لـە ١٩٩١ بـەم لاوە ڕۆڵـــــی ســـــــەر کەوتـــــووی لـە سیاســــــەتەکانی نـــــاوەخۆی ودەرەکــــی تـــــورکییە هەبـــــووە و لـە شـــــەڕی کەنـــــــداوی فــــــارس بەم لاوە، لـە سیاســـــــەتەکانی درەوەو نــــــــاوەخۆی ئێران، ڕۆڵی گرینگ و مەزنیان گێراوە.

### مەسەلەی کورد لە مەڕ مێژوویی لە تورکییە

ڕۆڵـــــی کوردەکـــــان لە مێــــــژووی ڕۆژهەلاتـــــی ناوەڕاســـــت و ئیســـــلام دایـــــم و دەرهەم گرنـــــگ و لە بەشـــــێک لایەن دیـــــاری و یەکـــــلاکەر بـــــووە. ئەم وتە بە تـــــایبەت لە پەیوەنـــــد لەگەڵ ئێـــــران و تـــــورکیە بـــێ پـــێچ و پەنـــا ڕاســـــتە. بنەمـــای ئەمپەڕاتوریەکـــانی ئوســـــمانی و ســـــــەفەوی وپێکهێنـــــــان و شـــــــکڵ بە خـــــــۆوەگرتنی ئەوان، دایـــــم و دەرهەمـــــــی کـــــــارتێکەر لە حـــــــزووری کوردەکـــــان لە ناوچەکـــــانی ســــــنووری دوو وڵات بـــــــووە. کوردەکـــــــان و ئەو مەڵبەنــــــــدانەی کە تێیـــــدا دەژیان،هەمێشــــــە باعیســـــی جـــــودایەزی و دژکـــــاری تونــــدی نێـــــوان دوو ئەمپەڕاتــــووری بـــوو، و ئەم جەرەیـــــانە هەتـــــا ڕوخـــــان و تەفروتونـــــای دوو ئەمپەڕاتـــــووری لە چـــــارێگە ســـــەدەی ســـــەرەتایی بیســـــت هەروا بەردەوام بـــــوو(چـــــاولە نەخشـــــەکای ١و٢ بـــــکەن) لـەم

کــــێ بەرکێـــــیەدا، یەکێــــک لە هۆکــــاری دیــــاری کەر لە مێــــژووی کــــــورد ئەمە بــــــوو، کە بەشـــــێکی زۆر تــــــر لە ئەوان(کـــــوردی خۆفرۆش)، لایەنی ئەمپەڕاتووری ئوسمانیان گرت.

لێکـــۆڵێنەران دوایـــــی بە تـــایبەت لە ســــەر ڕۆڵـــــی بە برشــــت کە کوردەکـــــان لە مێــــژووی ئوســـــمانی،تایبەت لە پەیوەنــــــد لەگەڵ ســـــەفەوی و بەرەکـــــانی و ڕقـــــبەڕقەی دوو ئەمپەراتـــــووری، لە وەدەســــتهێنانی ڕۆڵـــــی چـــاکتر لە مجــــادلەی شــــیعەو ســــوننی بەڕیوە بردوون لاق لە سەر دەقرساند.

دەمە تەقەو بە بەریەکــــــــداچوون و پەرەچەنگـــــــــی ســـــــەر زەمینەکـــــانی ئێــــران و ئوســــمانی بە گرێبەســــتی پەیمــــانی" قەســـــــری شـــــــیرین" کە جــــــار لە وی بە پەیمــــــــانی زوهــــاب"بڕیارنــــامەی ئاشــــتی و مســــائلی مەرزی)نــــاو دەبەن - یەکلاکـــــراوە. ئەم پەیماننــــامەیە لە١٧ی مەی ١٦٣٩ ئیمــــزا کـــــرا. روح الـــــلە ک. رەمەزانی،پەیمــــان ڕیــــکەوت .١٦٣٩دەنگـــــدانەوەی گۆڕانکــــاریەکی گرینــــگ لە سیاســــەتی ئێــــران دەزانێــــت. ئەو دەڵێـــــت: "ئەم دوو ولاتەی موســـــڵمان بە دەســــــتووری ئیســــــلام بەڵگەیـــــان هێنـــــایەوەوکە دەفرمـــــووێ: "فـــــاتقواللە واصـــــلحواذات بیـــــــنکم" لە حالێکـــــــدا کە ئەمە یەکەمـــــــین کەڕەت بـــــــوو کە پەیوەنـــــدیەکانی خۆیـــــان بە لە بەر چـــــاو گرتنــــی هەردی و دیــــاری کردنی سنووری نێوان خۆیان، قایم و موحکەم کرد"

خــــاڵێکی گرنــــگ کە دەبـــێ لەو بەســـتێنە بێـــتە گـــۆڕ ئەمەیە،کە بـــل لە گونجانـــــدن و ســــازاندن و قــــیچە گۆڕانکـــــاریەک کە بە پێــــی پەیمـــــانی ١٩٣٢ ســــەری گرت،ســـــنوورەکانی مــــابەینی تـــــورکییە و ئێـــــران لە ســـــەر یەک هەر ئەو تخـــــووب و ســــــنوورمانەوە کە بە پێـــــی بڕیارنــــامەی ســــاڵی ١٦٣٩ لە نێــــوان دوو ئـــــامپڕاتووری عوســــمانی و ســــەفەوی بڕیــــاری لە ســــەر درا، و ئەم ســــنوورانە لە

ماوەی حوکمڕانی ئەمپڕاتوورەکانی ئوسمانی و سەفەوی و قاجار،و سەر هەڵدانی دەوڵەتانی تازە لە دوو وڵاتی ئێران و تورکییە هەر وەکوو خۆی مایەوە. بارەو بار پێکردنێک کە ڕووداو،سەرهەڵداو لە دەمەتەقەی سنوور لە قەفقاز بوو. ئەو سەر زەمینانەی کە لە دەستی کوردەکان دابوون و بە پێی پەیمانەکانی ساڵی ١٦٣٠ و١٩٣٢ دیاری کرا بوو، هەر وا بەو شکل و روخسار مانەوە(لە نەخشەی ژمارە ٣بروانن)بارەوبار بوونێکی مەزن کە لە سنوورەکانی نێوان ئەمپڕاتووریەکانی ئوسمانی و ئێران (بەڕوخسارێک کە لە پەیماننامەی ١٣٦٩ی زوهاب هاتبوو) ڕوویدا لە قەفقاز و لە ئاکامی لکانی بازێک لەو سەر زەمینانەی ژێر دەسەڵاتی ئێران بە رووسیە بوو،کە لە بڕیارنامەی گوڵستان ڕیکەوتی ١٨١٣ و بڕیارنامەی تورکمانچایی ١٨٢٨ شکڵی گرت(بڕواننە نەخشەی ژمارە ٤) ئاسۆگە ئامپڕاتووریەکانی ئوسمانی و سەفەوی و قاجار زۆرتر لە سەر بنەڕەتی هەمان شێوە گروپ بەندی و دەستەبەندی بنا دانراوی هاوسەنگی کامل بوو، کە پێشتر باسمان لێکرد.

پێشتر سەبارەت بە بزووتنەوەکانی کورد لە تورکییە و ئێران و ئێراق گەڵێک زنجیرە بابەت نووسراون. لێرە پێویست ناکات بابەتەکان وەرد(مرور) دینەوە، چونکە خاوەن بیروبۆچوون سەبارەت بە ئاخیزگاکان(خاستگاها)و ئاشکراکردنی بناخەی نەتەوەخوازی کورد و تورک و ئێران دەریان بڕیوە. لێکۆڵینەران لەم بارەوە یەکدەنگ و کۆکن، کە دەمارگرژانی تورک بە شیوەی بزووتنەوەیەکی ئاقیدەتی و فکری لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم و لە ماوەی سەردەمی "تورکانی لاو" سەری هەڵدا. دەمارگرژی(ناسیونالیسم) فارس،جیا لە دەمار گرژی ئێرانی،بەر لە سەدەی بیستەم پێی هەڵگرت و خۆی داڕشت،هەر چەند هاتنە سەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی لە

١٩٢٥ ڕەنگ و ڕوخساری دیاریدراو تری بە خۆوە گرت. خولخواردنی(دورەبندی) نەتەوەخوازی کورد زۆر دژوار تر لە خولخواردنی نەتەوەخوازی ترک و ئێرانییە. ئێستا باسکردن ودەمەتەقە لە سەر ئەمەیە کە ئاخۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی زۆرتر بزووتنەوەکی نەتەوەخوازی بوو، یان ئاخیزو بزاڤی مەزەبی. خۆلخوارد وبەرفرەوانی وپانووپۆڕی نەتەوەخوازی کورد نەک تەنیا لەم بارەوە گرینگە کە بە فامینی زۆرتری مێژووی کورد یارمەتی و ئاریکاری دەکات، بەڵکوو لەم بارەوەش کەلە تێگەیشتنی مێژووی تورکییەو ئێرانی ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی دونیاگر، هەروا وەرگرتنی بنچینەی پتوونی مێژوو نووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی سەردەمی دوایی شەڕی دونیاگری یەکەم زۆری قازانج لێوەردەگیرێت.

نێزیکا هەموو بابەتێکی کە سەبارت بە ئاخیزگەکان و سەرەتای نەتەوەخوازی کورد بە زنجیرە نووسراوە و بە ڕۆڵی دەورەیی کە شۆرشی شێخ سەعید لە بەرزبوونەوەی ئاگایی سیاسی کوردەکانی باکووری تورکیە کامل بووە، قۆڵی لە سەر دەکێشن وپێی لە سەر دەقرسێنن. ئەم شۆرشە بە ڕەواڵەت لە تێگەین ووەرگرتنی دەوڵەتی تورکییە لەم بارەوە کە نەتەوە خوازی هەتا لە سەرەتای هاوسبوونی خۆی دەتوانیت هەڕەشەیەک لە بۆ دەمارگرژی تورکی بێت کە لە سەر بنەڕەتی قەومییەت بناخەی دانراوە،کە کمالیستەکان لە دەیەی ١٩٢٠ دورستیان کردوە، ڕۆڵی گەورەی بەڕیوەبردووە. لە ڕاستیدا لە ١٩٢٥ بەم لاوە دەوڵەتی تورکییە بەردەوام لە گەڵ کوردەکان لە شەڕدا بوو. لە ساڵەکانی ١٩٣٠،١٩٣٧،١٩٣٨یش شەڕی دەگەورەی لە گەڵ کوردەکان کرد. سەرکوتی ساڵی ١٩٣٧-٣٨ کوردەکانی درسیم(تونجلی

ئێستا) بە ڕادەیەکی گەورە بوو کە لێکۆڵەران لە وی بە ڕەچەڵەک و نەتەوەکوژی، یان نیژاد کوژی، یان هەر دووک باس و شرۆڤەی دەکەن و لێکیدەدەنەوە. یەکێک لە هۆکاری گرنگی کە بە سەر کوتی شۆرشیەکانی کورد لە١٩٣٠بەم لاوە یار مەتی کرد، بەر بڵاو بوونەوی هێزەکانی ئاسمانی تورکییە بوو کە لە١٩٣٠ نزیکەی ٣٠٠فرۆکەی شەڕی لە بەر دەست بوو.

بایەخ پێدانی(اهمیت) شۆڕسەکانی کورد لە ساڵەکانی ١٩٣٧، ١٩٣٠، ١٩٢٥، ٣٨ و (نقشی)ڕۆڵێک کە نەتەوەخواز لە سەر بناخەی قەومییەتی تورک لەو بێنەدا بەڕێوەی برد، وکزی و بێدەرەتانییەک کە بە دوای ویدا(متعاقیب) یەخەو بەرۆکی نەتەوەخوازی کوردی گرت، ڕەنگە(شاید) بکرێت بە ئاماژە بەو وتارانەی کە کار گێڕانی پلە بەرزی تورک، لە کۆتایی هەریەک لەم شۆرش و ڕاپەڕینانە دەریاندەبڕی، بە شیوەیەکی باشتری وێنە لێبکێشرێت

لە سەرەتای ئاوریلی ١٩٢٥ لە دوایی سەرکوتی ڕاپەڕینی شێخ سەعید، و دورست لە دوایی بە یەخسیر گرتنی شێخ،- "عیسمەت ئینۆنۆ" سەرکۆماری تورکییە ئەوهای گوت:

ئێمە ڕەپ و ڕاست(رک وراست) دەمار گرژین(ناسیونالیستین)، و دەمار گرژی هۆکاری بەر دەوامی و تالیم دراوی ئێمەیە. لە بەرابەر زۆرینەی تورک، کەمایەتیەکان و نەتەوەکانی تری ولات کارتێکەریان نییە. ئێمە دەبێ بە هەر قیمەتێک کە بێ دانیشتوانی سەر زەوی خۆمان بکەین بە تورک. ئێمە ئەو کەسانەی کە لە گەڵ تورک و تورکیسم دژایەتی دەکەن لە ناو دەبێین و نابود دەکەین. ئەوەی لە خزمەتکارانی ولات چاوەڕوان دەکەین ئەمەیە: کە لە سەرەتا تورک و"تورکیست"بن... بە ئێمە دەڵێن کە ئیلاقکمان بە مەسائیلی

مەزەبی نییە. ئێمە هەموو ئەو کەسانەی کە بەرابەری ئێمە خۆ دەنوێنن،ڕادەوستن،دژایەتی دەکەن، و لە مەزەب وەکوو وەسیلە و ئامێر کەلک وەردەگرن، وردو نابود دەکەین.

چل ساڵ دوایی "ئینۆنۆ" هێشتا بیرو باوەڕی نەگۆڕابوو. لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکی(معروف) دەنگینی تورک،"عبدی ایپکچی" ئەو کە بۆخۆی سەردەمێک شالیاری تورکیە بوو گوتی: (چارەنووسی نیزام لە ئولکەی سیاسەتی ناوەخۆ و نیزامی ئەبەدەن پەیوەندی بە ئاکامی دیاری کراو ئەریتی شۆرشی ڕۆژهەلات نەبوو)

پێنج ساڵ دوایی ئاخافتنی "ئینۆنۆ" لە١٩٢٥،لە ماوەی سەرکوتی شۆڕشی ئاگریداغ(ئاڕاڕات) مەحموود ئەسعەد بوزکورت،وەزیری ولاتی تورکییە قسەکانی پێشوو دەنگینی خۆی وردە داوە وگوتی:

تەنیا میللەتی تورک لەم چاکترییە(امتیاز) کەلک وەردەگرێ کە لە ولات داوای مافی نەتەوایەتی خۆی بکات. مومکین نییە ئەم مافە بۆ هیچ کام لە گروپەکانی قەومی دیکە بە فەرمی بناسرێت. ئیدی ئەم ڕاستییە ئاتاج بە شاردنەوە نییە. تورکەکان خاوەنی ئەو ولاتەن. ئەوانەی ڕەگەزی تورکیان نییە،تەنیا مافێکیان هەیە، ئەویش ئەمەیە: کە بێ ئەملا ئەولا بە میللەتی شەریفی تورک خزمەت بکەن و نۆکەرو غولام و فەرمانبەری ئەو بن.

ئاتاتورک لە دوایی سەرکوتی شۆڕشی درسیم لە ١٩٣٨ و چەند مانگ بەر لە مردن چەند قسەیەکی کرد و لە ماوەی واندا گوتی: کە خۆشحاڵە ڕابگەێنێ کە "ئیجازەمان نەداوە و نادەێین کە هیچ شتێک پێشگرو لەمپەر لە سەر ڕێگای ئێمە

بێــــت کە میللەتــــی ئـــیمە لە دەســــت وێـــراگەین بە ڕاســـــتایی پێشکەوتوویی و خۆشبەختی قەگەڕێنێت، کە شیاوی وییە."

ئەو وتــــــارانەی کە لە ســــــەرەوە ئاماژەمـــــــان پێکـــــــردن بابەتەگەلێـــــک بــــوون، کە لە دوایــــی هەرس هێنــــانی ســــێ ڕاپەڕینــــی گەورەی کــــورد، لە دوایــــی شـــــەڕی دونیـــــاگری دووم دەریـــان بڕیبـــوون،، هەمـــوو ئەو بـــایەخەی کە ڕێبەرانـــی پـــایە بەرزی تـــورک بـــۆ ســـەر کـــوتی ئەو شوڕشـــانە بە هـــۆی لاق قرســـاندن لە ســـەر کەمالیســـمی تـــورکی لە ســـەر بنـــاخەی قەومیـــیەت قایـــل بـــوون، بە ڕوون و ئاشـــکرا نیشـــان دەدات. ســـێ ســـەر کـــوتی ئەو ســـێ شورشـــە لە ســـاڵەکانی نیـــوان دوو شـــەری دونیـــاگر، بە چـــڕۆ دەرکـــردن و پـــان و بەرینـــی بـــێ دەمە تەقەو قـــڕەو شـــەڕە دنـــدۆکە(بلامنـــازع) جەرەیـــانی دە مـــارگرژی تـــورک وبە پـــێ قرســـان لە ســـەر قەومییەتـــی تـــورک یـــارمەتی زۆر کـــرد. ســــەرکوتی کوردەکـــــان و دوور خســـــتنەوەو خـــــاوێن کـــــردنەوەی قەومـــی، کە ئەم خەڵـــکە خســـتیانە بەر چـــاو معـــروزی وی بـــوون مـــومکین بـــوونی بەربەرەکـــانی لە گەڵ دەمـــارگرژی تـــورکی کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەڕوپـــۆی داویشـــت یەک لایـــانتر (تـــک بعـــدی تـــر)دەبـــوو لەوان بێبەشکرد.

## پاژی ٢

### مەسەلەی کورد لە ئێران

ئەزمـــــوونی کوردەکــــان و قەبیلەکــــانی کـــــورد لە ئێـــــران لە گەڵ ئەوەی کە لە ئەمپڕاتـــووری ئوســـــمانی بـــــوونی هەبـــوو، تەوفیـــــری هەبـــوو. یەکیەتـــی سیاســـی- نیزامـــی کە ئوســـمانیەکان پـــاش ســـاڵی ١٥١٤ لەگەڵ کوردەکانیـــــان بنیــــات نــــا، بە زەرەری ئەمپڕاتـــــووری

سەفەوی بوو. سەفەویە(١٥٠١-١٧٢٤) وجێگرانیان، قاجاریەکان(١٧٩٥-١٩٢٥) بەچ شێوە پێیان خۆش نەبوو ئەزموونێکی ئەوها دوو پات کەنەوە. لە ئاکامی سیاسەتییان لەم بارەو پۆشتەو پەرداخ کرد، کە ئاماراتی کوردی بێهێزوکز، یان نابوود کەن و لە ناو بەرن. لە ئاکام قەبیلەکانی کورد دوچاری سیاسەتێکی توندترو چاوەدیری مالّی کەمتر لە قەبیلەکانی دیکەی ئێران بوون. عەباس والی بیرو باوەڕی وایە کە" ئامانجی گەورەی ئەم سیاسەتە متمانەپێدەری داکۆکی سیاسی و نیزامی قەبیلەکانی کورد لە پەیوەندی دوو لایەنی سنووری لە گەڵ دوڵەتی ئوسمانی بوو، لە حاڵێکدا کە لە پێکهێنانی یەکیەتیەکانی بەهێزی تایفەیی لە کوردستانی ئێران پێش دەگرت."والی پێی وایە کە لە ناو بردنی ئاماراتی کورد هۆکاری قەبیلە بوونی ناوەندی شاری لێکەوتەوە. ئەمە هەتاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو،و ئەو کات بوو کە ئەندامانی بنەماڵەی سەلتەنەت جێگری سەرۆکانی قەبیلە بوون. ئەم جەرەیانە هەتا ئەو جێگا کە پێویستی بە باسی ئەو وتارەیە، بابەتێکی سەرنجڕا کێشە، لەو ڕووەوە کە ئەم ئاڵەگۆڕی سیاسەت لەوانییە بەشێک لەو بەدواهاتانە بێ، کە شۆرشی سالّی ١٨٨٠-٨١ شیخ عەبیەدوڵلا بە باری هێنا، هەر چەند ڕاپەڕێنی شێخ عەبەیدوڵڵا بزوتنەوەکی نەتەوەخوازی بە حیساب نائێیت. بەڵام ئەمە بۆ خۆی نموونەیەک لە بزووتنەوەکی بە قووەوت و تابشت و هێزی کوردە، کە خوازیاری سەر بە خۆیی زۆر ترە. لە مەڕباسی و تاری ئێمە، بایەخی شۆرشی شیخ عەبیدوڵلا لەمە دایە کە ئەم ڕاپەڕێنە بە شێوەکی گەورە لە مەڵبەندەکانی کوردنشینی ئێران و ئوسمانی قەوماو سەریگرت. دوازدە هەزار سەربازی ئێران لە دامرکانی ئەم ڕاپەڕینە بەشداریان

هەبوو، و پەیوەندی ئێران و ئوسمانی ئاڵۆزو سپرزە و کرک و لەرزان بوو. ئێرانییەکان ئەو شۆرشەیان بە دنەی ئوسمانی دەزانیێ، هەتا دەوڵەتی ئامازە پیکراو بتوانێت "ئەنجمەنی کورد" دژی بەر فرەوانی نەتەوەخوازی ئەرمەنی لە سەر زەمینەکانی ڕۆژهەلات کەلک لێوەرگرێت. بایەخ شۆرشی شێخ عەبیدولڵا و بزووتنەوەی کوردی وی لەمە دایە کە داوای کوردەکان- چ نەتەوەخواز، یا بەپێچەوانە- ئەو وڵاتانەی گەورەی کە کورد تێیدا دانیشتوو بوون، بە ئاڕووشەیەکی گەورە ڕوو بەڕوو کرد.

شۆرشی سمکۆش یەکی دیکە لە ڕۆگەو ڕوخساری گرنگی کورد لە ئێرانە. ئەمە کە ئاخۆ ئەو مرۆڤێکی نەتەوەخواز بوو، و ئەو بزووتنەوەی کە ئەو ڕێبەری دەکرد بزوتنەوەکی نەتەوەیی بوو، دیسان جێگای دمەتەقە و باس لە سەرکردن وگفتوگۆیە. "نادر انتسار" بۆچوونی ئەوهایە کە ڕاپەڕینی سمکۆ"یەکەمین شۆڕشی مەزن بووە کە لە لایەن کوردان بە مەبەستی بنیات نانی کوردستانی سەر بەخۆ بە کردەوە هاتۆتە دی، "مارتین وان روئین سن"یش ئەم بزووتنەوە بە شۆڕشی نەتەوەیی دەزانێت" هەر چەند کە لە گەڵ شۆڕشەکانی قەبیلەیی هێندە تەوفیری نییە" دیوید مک داول" بۆچوونی وایە کە نەتەوەخوازانی سمکۆ ئەو هەندە کە لایەنی ئابووری- کۆمەلایەتیەکەی ئاشکرا بوو، لایەنی قەومییەکەی نەبوو. لە لایەکی تر " عەباس والی" لە سەر ئەم خاڵە پێ دەقرسێنێ کە ئەم راپەڕێنە لە بناخەرا شۆرشێکی قەبیلەیەی و"ئێشقیاخوازییە". لە مەڕ لە دواداگەڕانوو تۆژانەوەی ئەم ناملیکە بایەخی ڕاپەڕینی سمکوو لەمە دایە: کە دەوڵەتی ڕەزاشا ئەوها لە گەڵ وی ڕوو بەڕوو بوو کە

بڵێی كه شۆڕشێكی نەتەوەییە،چونكه هەڕەشەی لە وڵات دەكرد.

سەركوتی قەبیلەوسەرۆكانی قەبیلەكانی كوردی لە دوایی ڕاپەڕینی سمكۆ ئەوهێندە توند بوو كە دواییەكانیش چاخێك كوردەكان لە ساڵەكانی ١٩٤٤- ١٩٢٦ ڕاپەڕین،ڕاپەڕینەكەیان نەك لە سەر بنچینەی قەبیلەیی بەلكوو پایەگای شارستانی هەبوو، ئەمە نەتەوەخوازێك بوو كە ڕۆڵی گرینگی لە بنیاتنانی كۆماری مەهاباد هەبوو، كە یەكەمین و تەنیا دەوڵەتی كوردی بوو كە بنیات دەنرا. عەباس والی دەڵێت: كە سەر كوتی پێناسی كوردەكانی لە ماوەی سەردەمی حكوومەتی ڕەزاشا" (بەشێك لە جبلی و شروشتی وڵاتێكی نەتەوەیی) بوو كە لە حاڵی بەوجود هاتندا بوو، هەر ئەو كردەوەی پێناسی بە زۆرەملی، و پڕكێشی لە سەر دەربڕینی تەوفیری ئەوان بوو، كە پایەو بناخەی سەر هەڵدانی نەتەوەخوازی كوردی لە كوردستانی ئێران بنیات نا. "والی"پیكهێنانی كۆمەلەی ژیانەوەی كوردستانی " لە ١٩٤٤وەكوو نیشانەی سەرهەڵدان و گزنگی(فكرو كردەوە)ی نەتەوەخوازی لە كوردستانی ئێران تاریف دەكات.كۆمەڵە لە١٩٤٤ ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی هەڵبژارد و ڕۆڵێكی گرنگی لە بنیات نانی كۆماری كورد لە مەهاباد بەڕێوە برد، كە لە دەسامبەری ١٩٤٥ هەتادسامبەری ١٩٤٦ دەوامی كرد.

سەركوتی شۆڕشەكانی كورد لە ماوەی ساڵەكانی نێوان دوو شەڕی دونیاگر،چ لە توركییە و چ لە ئێران،بۆ نەتەوەخوازانی كورد لە هەر دوو وڵات ئاخرو ئاكامی وەك یەكی هەبوو. سەر كوتی پێناسی كوردی لە هەر دوو وڵات بەشێكی زاتی و

سروشتی دەمارگرژی ئێرانی و تورک بوو. دەمارگرژێک کە لە هەر دوو وڵاتی تورکیەو ئێران هێشتا لە نوختەی سەرەتایی چرۆ بوو، کارگێرانی حوکمڕانی هەر دوو ولاتی هێنایە سەر ئەو باوەرە کە چاوەدێری و خوداسەپانیان بە سەر کۆمەڵگایەکدا، بە باس و وتوێژێک لە مەڕ پێناسی قەومی ئێرانی و تورک ناوەند گر بوو بەڕێوە بەرن.

هاوکاری تورکییەو ئێران دژی کوردەکان لەساڵەکانی دوایی شەڕی دونیاگری یەکەم.

دڵ کرمۆڵ(دلواپسیها) بوونەکانی وەک یەکی هەر دوو وڵاتی(ئیران وتورکییە) بە هاوکاری زۆرتر و گرێبەستی پەیمانەکان بە هۆی چاوەدێری لە سەر کوردەکانی دانیشتووی لێواری سنوور، بە ئاخر گەییشت. دەوڵەتی ئێران هەر لەو ساڵی ١٩٢٠دڵەخۆرپەی ڕووداویک(وقایع)ی بوو کە لە وڵاتی کورد نشینی ئوسمانی و جیناری ئێران تێدەپەڕی، و بە تایبەت بە توندی گوێچکە بە زەنگی تێکۆشانی وفدەی نوێنەرانی کورد لە کۆمەڵگای نێو نەتەویی، و مەسەلەی کورد لە کۆمەڵگای ئامازە پێکراو بوو." وفدەی نوێنەرانی ئێران لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی حکوومەتی ئێرانی راسپارد، لە جیاتی دەست بە دامین بوون بە زۆرەملی و سەر کوتی پێناسی قەومی کورد، سیاسەتی بەرەوخۆ هێنانی فەرهەنگی هەڵبژێرێت. لە ١٩٢٧ حکوومەتی ئێران بە ڕادەیەک لە بەرفرە بوون و پانووپۆڕی و بەر بەرینی هێزەکانی شۆرشی شێخ سەعید و شوێنتێکەری تێکۆشانەکانی سمکۆ، کە هۆکاری ناهێمنایەتی ناوچە ببوو پڕمەترسی وهەراسان بوو، کە بە دەوڵەتی تورکیەی لە سەر کوتکردنی بزووتنەوەکانی کورد پێشنیاری هاوکاری کرد. هەر لەو ساڵیدا ئەرتەشی تورکییە

كه هەر وا لەگەڵ كوردەكان دەجەنگێ كە لە راپەڕینی شێخ سەعید بەشداریان هەبوو، شۆڕشەكەیان بۆ ناو سنوورەكانی ئێران سەردەدو ناو بە دوایداچوون، بەو مەبەستە كە ئەوان بە دیل بگرن،بەڵام بە پێچەوانە سەر بازانی توركییە بە دەستی كوردەكان بە ئەخسیر گیران. ئانكارا بەو لێكدانەوە كە توركەكانی بە دیل گیراو بە دەستتوری دەوڵەتی ئێران بۆ تاران ناردراون، بە گاس كردنەوەی باڵوێزی خۆی لە تاران لەم كردەوە وەدەنگهات. ئەمە یەكەمین جار بوو كە باڵوێزیك،بە ئەنقەست لە سەر مەسەلەی كورد بە ناوی رەخنەو نارەزاییەت دەربڕین بۆ وڵاتی خۆی(متبوع) بانگ دەكراوە.

لە ماوەی تەواوی ساڵەكانی دەیەی ١٩٢٠ كوردەكان چ بە مەبەستی پەنابەری یان بە مەبەستی تێكبەردانی دوو دەوڵەتی ئێران و توركییە بە ئازادی لەم وڵاتە بۆ وڵاتی دیكە دەچوون. گەلیك لەو كوردانەی كە لە دوایی شۆڕشەكانی ساڵەكانی ١٩٢٥ و ١٩٣٠لە سەر كوتی توركییە دەربازیان ببوو، بۆ ئیران و ئێراق پەنابەر ببوون. سمكۆ بەر لە كوژران بە دەستی ئەرتەشی ئێران لە ٢١ی ژوئنی ١٩٣٠ ، بۆ توركییە وئێراق پەنای برد. سیاسەتی كوشتی رێبەران یان ڕێبەرانی بە هێزی كورد سیاسەتێك بوو كە دەوڵەتی ئێران هەتا ساڵی ١٩٢٠وەپێشی گرتبوو. لە ١٩٢٨ سمكۆ بەڕەواڵەت" بە وادەی دەوڵەتی توركییە بە لە سەر كار دانانی وی، بە فەرماندەری یەكێك لە هەنگەكانی عەشیرەیی و وێدانەوەی مڵكەكانی لە ناوچەی شاخاوی سنوور، بۆ توركییە چوو"ئەو بەڕەواڵەت بەم هۆكارە لە١٩٣٠كوژرا، كە تاران كەلك وەرگرتنی ئانكارای لە وی بە هەڕەشە بۆ ناوچەكانی سنوور حیساب بۆ دەكرد ،وبڕیاری بە كوشتنی وی گرت.

له ماوەی شۆرشی کوردەکان له دەوروپشتی چیای ئاگریداغ(ئارارات) له هاوینی ١٩٣٠، تورکەکان چەند جار هەڕەشەیان کرد ئەگەر ئێران له داکۆکی کوردەکان دەست نەکێشێتەوە، سەر زەمینی ئێران بۆمباران دەکات. تورکەکان داواکار بوون که ئێران به شۆرشەکان یار مەتی دەکات. تورکەکان هەتا فرۆکەخانەیەکیان له چەند فەرسەخی سنوور له گەڵ ئێران سازدا، که سەت فرۆکەی له خۆیدا جێ دەکردەوە. شۆرش له داکۆکی به قسه یان به کردەوەی ئێران کەلکی وەردەگرت. له دوایی تێشکانی هێزەکای کورد به دوای بۆمبارانێکی قورس له پاییزی ١٩٣٠،ئێران به دەربازبوانی ئیجازەدا واردی خاکی ئێران بن. نادر انتسار ئاقیدەی وایه که ڕەزاشا"به ڕەواڵەت مەبەستی ئەمه بوو به کەلک وەرگرتن له کوردەکان(که پەڕی گەمه بوون) تورکییه ناچار به سازش و ڕێککەوتن به بازیک دەژایەتی و نەسازانی سنووری له گەڵ ئێران بکات. شۆرشگێڕانی کورد به فەرماندەری ئیحسان نووری پاشا،که له شۆرشی شێخ سەعید ڕۆڵی ئاچەری هەبوو وکەلوپەلی پێویستیان له کوردستانی ئێران و ئازەربایجان وەردەگرت.

شۆرشی ئاگریداغ(ئارارات)له پەیوەندی تورکیه و ئێران و بۆ مەسەلەی کوردیش سەرەتای مێژووەکی تازەیە. ئەم ڕوداوە هۆکاری پێکهاتنی سنووری نیوان دوو ولات بوو که له ٢٢ی ژانویەی ١٩٣٢ ئیمزا کرا. که به دەست تێوردانێکی کەم که له ساڵی ١٩٣٧دەویدا کرا هێشتا هەر وا به هێزی خۆی ماوەتەوە. به پیی پەیمانی سنووری ساڵی ١٩٣٢ داخوازی تورکییه به چاوەدێری له سەر داوێنی ڕۆژ هەڵاتی کێوی ئارارات که کوردەکان له ماوەی شۆرش به دڵنیایی و متمانەو دڵ ئاسودەیی له وێ نشتەجی و سەقامگیر بوون، به تورکییه

دراوە!. لە بەرابەردا باریکانێک لە زەویەکانی نزیک بە (قطور) و بازرگان بە ئێران درا. لە ساڵی ١٨٣٧ دەست تیوەردانێک بە قازانجی ئێران لە ناوچەی"ماتبیشو" هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای ورمێ لە پەیمان جێی بۆ کراوە.

دوو وڵات لە ٢٣ی ژانویەی ١٩٣٢ بڕیارنامەی پێکهاتن ودۆستاتی (تفاهم و دوستی) ڕێکەوتن وپێهاتنێکی تەواو لە هەموو بوارەکان لە ڕێگای داوەری واژو کرد. بە دوای ویدا لە پینجەمی نوامبەری ١٩٣٢ پەیمانی دۆستی ئیمزا کرا. ئەو سێ پەیمانانە پایەو بناخەی نوێی بۆ هەڵسووبینیش و پەیوەندی ئێران و تورکییە پێکهێناو ئامادە کرد. ئەوکات هۆکاری(اساسی) بنەڕەتی لە دیاری کردنی خەتی مەرزی مابەینی دوو وڵاتی ئێران و تورکییە مەسەلەی کورد بوو. ئەو رابیتەیەی کە لە سەر هیم و بناخەی ئەم بڕیارنامەیە و بە مەستی ئارام کردنەوەو چاوەدێری لە سەر تێکۆشانی کوردەکان نێوان ئانکاراو تاران سەریگرت، هەتا شەڕی ئێران و ئێراق(١٩٨٠- ١٩٨٨) و ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ هەروا بەردەوام بوو. بەڵام لە دوایی شەڕی کەنداوی فارس لە ١٩٩١ وتوویژیکی تازە بە مەبەستی چاوەدێری تێکۆشانەکانی پ.ک.ک. یان حیزبی کرێکارانی کوردستان،یانی هەر ئەو سازمانی نەتەوەخواز و شەڕکەری کوردی تورکییە کە لە پاش شەڕی کەنداوی فارس بە شێوەیەکی زۆر قایم و موحکەم لە باشووری ئێراق و باشووری ئێران جێگر ببوو،هاتە کایە. ئەم بابەتە لە خوارەوە شی دەکەێنەوە.

پەیمانەکانی ساڵی ١٩٣٢ لە گەل پەیمانی دەستدریژی نەکرن ناودێر بە پەیمانی سەعد ئاباد کە در ٨ی ژوئیەی ١٩٣٧ بە ئیمزا گەیی سەلماندراو واژۆ کراو ویستان. ئەفغانستان و

ئێراقیش لە ئیمزاکەرانی پەیمان بوون. بێجگە لە ئەفغانستان نیگەرانی و دڵەڕاوکەی مەزنی واژۆ کەرانی ئەم پەیمان مەسەلەی کورد و هەڕەشەیەک بوو کە لە لایەن کورد ڕووی لەوان بوو. لە دە بڕگەی بنەڕەتی پەیمان چوار بڕگەی وی راستەوخۆ بە پیویستی چاوەدێری لە سەر کوردەکان دەدوا، و ئەم عەمرە بە لێڕوانین بەمە کە ئامانجی پەیمان داکۆکی لە ئیمزا کەران لە بەرابەر"هێرشی" دەرەکی بوو،ئەمرێکی سەیر وعجایب بوو.

پەیمانی سەعد ئاباد چاخێک ئیمزا کرا، کە تورکییە لە جەنگەی "خاوێن کردنەوەی" شۆرشی درسیم بوو،کە سیوەمین شۆڕشی گەورەی کورد لە ماوەی دەورانی نێوان دوو شەڕی دونیاگر بوو. شۆرشی دەرسیم بە پێچەوانەی شۆرشی شێخ سەعید و شۆرشی ئاراڕات لە نزیک سنوورەکانی ئێران ڕووی نە دابوو ،لە بەر ئەمە ئارووشەی ئاسایی وەکوو پەڕێنەوە لە سنوور و داکۆکی ئێران لە شۆرشگێڕان لە گوڕێ نەبوو. "عباس والی" ئاقیدەو بۆچوونی وایە کە یەکێک لە ئامانجەکانی پەیمانی سەعدئاباد " ناوچەیی کردنی مەسەلەی کورد لە چوار چیوەی یەکیەتیەکی دژی کمونیستی" بوو، ئەمە بە باشی بەیانگەری لە "دڵەراوکێ لەم بارەوە بوو کە قەومییەتی کورد لە کاتی باشبوونی هەلوو مەرج و بارودۆخی ناوچەیی دەیتوانی هەڕەشە لە وڵاتانی ئێران و تورکیە و ئێراق بکات."

## بنیاتنانی کۆماری مەهاباد و شوێنتێکەری وی.

بنیاتنـــــانی کۆمـــــاری مەهابـــــاد کە دورســــت ســــالێک،یانی لە دســـــامبەری ١٩٤٥ هەتـــــا دســـــامبەری ١٩٤٦ دەوامـــــی کـــــرد شـــــوێنتێکەریەکی نالەبـــــاری لە ســـــەر پەیمانەکـــــانی ١٩٣٢١ و ١٩٣٧ دانەنـــــا، لێکـــــۆلینەرانی پێشـــــوو لە ســـــەر ئەو خـــــالە پێـــــدادەگرن کە هۆکـــــار کۆمـــــاری مەهابـــــاد لە ڕاژە(درجە)ی یەکەم نەتەوەخـــــوازی کـــــورد بـــــوو. دامەزرانـــــدن و هەلۆەشـــــانەوەی کۆمـــــاری مەهابـــــاد زۆر تـــــر مەســـــەلەیەکی نەتەوەخـــــوازی کـــــوردی بـــــوو، لە ســـــەر کوردەکـــــانی ئێـــــران و ئێـــــراق و تـــــورکییە کـــــار تـــــێکەر بـــــوو. دامەزرانـــــدنی کۆمـــــاری ڕاســـــتەوخۆ لە ســـــەر پەیوەنـــــدی ئێـــــران و تـــــورکییە کـــــارتێکەر نەبـــــوو،هەر چەنـــــد ئانکـــــارا بـــــێ دوو دلـــــی لە بیســـــتنی خەبەری هەرس هێنـــــانی کۆمـــــار بە دەســـــتی محەمـــــەد ڕەزاشاە،پاشـــــای تـــــازەی ئێران،یەکجـــــار خۆشـــــحاڵ بـــــوو. تورکەکـــــان هیـــــوادار بـــــوون کە شـــــا وەکـــــوو بـــــاوکی لە پەیوەنـــــدی لە گەڵ کوردەکـــــان، لە هاوکـــــاری لە گەل ئەوان(تورکەکـــــان) کۆتـــــایی نەکـــــات،بەلاَم بنیاتنـــــانی کۆمـــــاری مەهابـــــاد بـــــۆ کوردەکـــــانی تورکییە کارتێکەر بوو،

چـــــۆنکە هەر بەمجـــــۆرە کە "نـــــادر انتســـــار" ئامـــــاژەی پێـــــدەکات ئەم ڕووداوە لە بـــــزووتنەوەی نەتەوەیـــــی کـــــورد لە ڕۆهەلاتـــــی ناوەڕاســـــت" بە وێـــــنەی خـــــالێکی ســـــەرنج ڕاکـــــێش مـــــاوەتەوە" کۆمـــــاری مەهابـــــاد ئیلهامـــــدەری بزووتنەوەکـــــانی نەتەوەخـــــوازی کـــــوردی بـــــوو، کە لە تـــــورکییە خۆیـــــان دادەڕشـــــت و دەکەوتـــــنە سەرپێ.

یەکـــــی دیـــــکە لە لایەنـــــی دلەڕاوکێـــــی کۆمـــــاری مەهابـــــاد ئەمە بـــــوو کە بـــــۆ یەکەمـــــین کەڕەت لە ئیمـــــزای پەیمـــــان ســـــقر لە ١٩٢٠ بەم لاوە بە مەســـــەلەی کـــــورد لایەنـــــی تەواو نێـــــونەتەوەیی دا. ئەمە

عەمرە هەتا ١٩٩١ دوو پات نەبۆوە. ئەم عەمرەش کە کۆماری مەهاباد یان کۆماری دیموکراتێکی ئازەربایجان ڕۆڵی گرینگی لە سەرەتای شەڕی سارد هەبوو بۆخۆی شایەتی لە سەر ئەم داوایەیە، کە بنیاتنانی کۆماری ناوبراو نەک تەنیا لەمەڕ مێژووی لاتانی ئێران و ئێراق و تورکییە کارتێکەری بوو، بەڵکوو لە بیروبۆچوونی نیو نەتەوەیش جێگای بایەخ پێدان بوو. بریتانیای مەزن نەخازا هیچ خۆشی لێنەدەهات کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست شایەدی بنیاتنانی ولاتێکی کوردی بێت. لە ڕاستیدا هەتا بە دووری دەزانێ کە بریتانیا ئەمەی پێخۆشبێت کە هەتا بوونی خودموختاریەکی بە هێز لە ئێراق یان ئێران یان تورکییە ببینێت. داکۆکی بریتانیا لە نەتەوەخوازێکی کوردی سازشکارو بوروکرات لە باشووری ئێراق بۆ بەر دەوامی سیاسەتی "شەریفی" وی لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێویست بوو. جەستەی بزووتنەویەکی بە هێزی نەتەوەخوازی کورد چ لە ئێران و چ لە تورکییە ئەم سیاسەتەی تووشی مەترسی دەکرد.

لە ١٩٤٥ بریتانیا و ئامریکا و ئوڕوپا بەم ئاکامە گەیبوون کە تورکییە دژی یەکەتی شوورەوی نەخشی دەورە لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاست دەگێڕێ،و ئەم وەرگرتنە و لێهەڵکڕاندنە لە ساڵەکانی ١٩٤٦ و١٩٤٧ لە دوکوورینی"ترومن" بۆ کار لە سەر کردن دانرا، لە هەنگاونانی تورکییە بۆ ناتۆ لە ١٩٥٢کار تێکەر بوو. بەشداری کوردەکانی کمونیست لە حیزبەکانی چەپی ڕۆژهەلاتی ناقین بە مترسی حیسابی بۆ دەکرا. کۆماری مەهاباد ناسێنەری ئەو هەڕەشەیە بوو، کە شۆڕشی شێخ سەعید بیست ساڵ بەر لە وی لە تورکییە سەری هەڵدا بوو. لە هەر دوو بزووتنەوە ڕێبەرانی مەزەبی خۆیا دەکران. ڕێبەرانی تورکییە،و ئێران و ئێراق و بریتانیای مەزنیش کە

دەســـەڵاتی ئامپریالیســـتی ســـەرووی کـــاتی نـــاوچە بـــوو، هـــیچ کـــات چـــاوی بینینـــی تیکەڵاویەکـــی ئەوهـــا لە ئیســـلامیان نەبـــوو. هەر وەک پێشـــــتر ئاماژەمـــــان پیکـــــرد "عیســـــمەت ئینۆنـــــۆ لە ١٠٢٥ بە ڕاشـــــکاوی لاقـــــــی لە ســـــــەر قرســـــــاندن و رایگەیانـــــــد کە ئـــیمە "تورکەکـــان" هەر کەســـێک کە لە ئیســـلام دژی ئـــێمە وەکـــو ئـــامیر کەلـــک وەر بگرێـــت، وردوو خەڕاش و نـــابودی دەکەیـــن و لە ناوی هەڵدەگرین و لە بەینی دەبیێن"

ئەمـــن لە شـــوێنێکی دیـــکە نووســـیومە کە ســـەر کـــوتی شۆڕشـــی شـــێخ ســـەعید لە قـــازانجی ئیســـلام وەکـــوو وەســـیلە هەڕەشـــە، یـــان دژایەتـــی نەک تەنیـــا لە تـــورکییە بەڵکـــوو لە ولاتـــانی تـــری ڕۆژهەڵاتـــــی ناوەڕاستیشـــــی کەم کـــــردەوە. ئەو گروپـــــانەی کە ئیلاقەمەنـــد بـــوون لە ئیســـلام وەکـــوو ئامیرێـــک بـــۆ هاوکـــاری لە گەڵ ولاتـــانی ئیســـلامی کەلـــک وئیســـتیفادە بـــکەن، یـــان لە بـــدواداچوونی ئامانجەکـــانی دیـــکەی نیـــو نەتەوەیـــی، کەلـــک وەرگـــرن،تێگەین کە لە کـــارتێکەری وی کەم بـــۆتەوە. ســـەر کـــوتی هەر گروپێکـــی نەتەوەیی،قەومـــی یـــان بەشـــێک لە وی خەریـــک بـــوو ئیســـلام وەک وەســـیلەی هەڕەشـــەی نیزامەکـــانی حـــاکم قەرار بـــدات، ڕەنـــگە ئامـــانجی مەزنـــی هەمـــوو دەوڵەتـــانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەنـــدی بـــوو،کە هەتـــا ١٩٩٨ جیـــایی دیـــن لە سیاســـەتیان وەکـــوو پـــایەو بنـــاخەی شـــەرع پێـــدانی خۆیـــان لاق لە ســـەر دەقرســـاند (ئەفغاســـتان و پاکســـتان لە نـــاو ئەو کـــۆیە هەڵـــداوێرین) . تەنیـــا هەڵاواردنـــــی ئەم قاعیـــــدە ئێـــــران بـــــوو، کە لە ١٩٧٩ لە وێ دەوڵەتێـــک لە ســـەر بنـــاخەی ئیســـلام بە دەســـەڵات گەییشـــت. لە تـــــورکییەی سیاســـــــەتی دژی کـــــوردی و دژی ئیســـــلامی(کە ژمـــارەیەک لە کوردەکـــانی نەتەوەخـــوازی لە ئـــامێز دەگـــرت) هەر وا هەتـــا ئێســـیا بەردەوامە. لە١٩٩٧یەکەمـــین حیزبـــی(ئیســـلامی) حیزبـــی رفـــاە،بە ڕێـــبەری نەجمەدیـــن ئەربەکـــان کە لە ژوئـــن

١٩٩٦به پێکهاتن له گەل حیزبی رێگای حەقیقەت بۆ به رێبەری سەرۆک وەزیری پێشوو،خانم تنسوچیللر،بە دەسەلات گەیی وەسیله هێزەکانی چەکداری تورکییەی دەسەڵاتی لێوەرگیراوە: هێزەکانی چەکداری تورکییه حیزبی رفاه-ی به"کۆنه پەرست"ڕاگەیاند. له ڕاستیدا له ساڵی ١٩٩١٧ بۆ یەکەمین جار له ماوەی دەیەو نیوەک هێزەکانی چەکداری تورکییه سیاسەتەکانی ئەمنییەتی تورکییەو شتەکانی زۆرتری دیش دیاری دەکەن،لاقیان له سەر داگرت که دوژمنی ژماره(١) وڵات نەک پ.ک.ک. بەڵکوو هەر ئەم حیزبی ڕفاه و ئیسلامی کۆنه پەرستییه که ئەم حیزبه ناسێنەری ئەوە. هێزەکانی چەکداری تورکییه ودەوڵەتی ڕاست گرای مامی مەیهن" که له ٢٠ ژوئن به دەسەڵات گەیشت ڕایگەیاند که گەورەترین مەترسی که هەڕەشه له نیزامی کەمالیستی دەکات" نەک پ.ک.ک. بەڵکوو هاوکاری ئیسلامیەکان لەگەڵ پ.ک.ک. یان بەقسەیەکی دیکه گروپەکانی نەتەوەخوازی کوردییه."

له مەی ١٩٣٢ هەتا ئینقلابی ئیسلامی ئێران له ١٩٧٩ ئانکارا یان تاران هیچ وەخت له هیچ کام له بزووتنەوەکانی کوردی که له ناو وڵاتی هاوسێ تێکۆشانیان بوو به فەرمی داکۆکی نەکرد. له دوایی ئینقلابی ئیسلامی هەر دوو دەوڵەت به دەیانجار ڕایانگەیاند که له سازمانەکانی نەتەوەخوازی کوردی ناوەخۆی یەکتر داکۆکی ناکەن. لەم پەڕی گەمەیه، له بەرابەر سازمانەکانی گەورەی کورد له ئێراق کەلک وەردەگیرا: یانی پارتی دێموکراتی کوردستان، به ڕێبەری بارزانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان به ڕێبەری جەلال تاڵەبانی. تاران له عەینی حاڵدا له بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان به ڕێبەری شێخ ئوسمانی ڕانیەش داکۆکی کرد-

ڕانییە ناوچەیەکە لە باشووری ئێراق و پێوەنووساو بە سنووری ئێران.(ڕایت خاکی کوردستانی فیدڕالە. وەرگێری کوردی).

بە دواداچوون و شیکردنەوەی من لە مەڕ ئەمەیە: دڵەڕاوکەکانی ژئوپولیتێک وژئواسترتژیکی تورکییە و ئێران لە ١٩٢٠ هەتا ١٩٧٨ ڕادەیەک بە گوڕ بوو، کە هیچ کام حەزی نەدەکرد وڵات یان سازمانێکی دیکە قازانجی زۆرتری ژئوپولیتیکیان بە داکۆکی لە سازمانەکان، یان بزووتنەوەکانی نەتەوەخوازی کورد، یان بە دنەی کوردەکان بە شۆڕش،تروریسم یان شەڕ، هەرەشە لێبکات. هەتا لە دەیەی ١٩٩٠ ئەو کات کە مەعلووم بوو تاران لە ئیراق و ئەروپا بە پ.ک.ک. یارمەتی دەکات و ئانکارا لە مەجاهدین خلق، لە تورکییە و ئێراق داکۆکی دەکات، هەر دوو وڵات تێدەکۆشان ئەم ڕاستییە بە شیوەیەکی "دلێل و بەڵگەو بەر ئاقڵانە" وەدرۆ بخەنەوە.

پاژی ٣

## لەئینقلابی ئیسلامی هەتا شەڕی کەناوی فارس:
## ١٩٧٩-١٩٩١

تورکییە لە پەیوەندی لە گەڵ ئینقلابی ئێران دوو نیگەرانی مەزنی هەبوو: دڵەراوکەیەک لەم بابەتە کە جەریاناتی ئیسلامی تورکییە دابگریت،ئەوەیدیکە تێکقرمانی ئینقلاب ئێران بە دابەشبوون ڕووبە ڕوو کات و بنیاتنانی وڵاتی کوردی لێبکەوێتەوە. دووریش نەبوو کە نەتەوەخوازان و

ئیسلامیەکان تێکەڵی یەکتربن، یانی هەر ئەو لولوی سەردەمی دوو شەڕی "دونیاگر" کە ئانکارا لە وی بە توندی تۆقیبوو. سیاسەتی تورکییە لە بەرابەر ئینقلابی ئێران لەم ڕێگایە بوو کە پێشگیری لەو سناریوەیە بکات کە ئەم دوو جەرەیانەی کۆمەڵگا و میللەتی تورکییەی ژێر کار تێکەری خۆیان بخەن. لە بەر ئەمە سیاسەتی تورکییە سیاسەتی خۆپاراستن ولێلادان بوو.

"سوها بلۆک پاشی" لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گەپچان(برخورد)ی ئانکارا لە گەڵ ئینقلابی ئیسلامی کار تێکەر لە سێ سیاسەتی گەورە بوو: دۆستایەتی لە گەل ئێران،ڕاگرتنی بیلایەنی تەواو لە شەڕی ئێران و ئێراق، و کەلک وەرگرتن لە شەڕ بۆ بەرفرەوانی پەیوەندییەکانی ئابووری لە گەڵ ئێران. ئەو دەسەلمێنێت کە بڕیاری تورکییە بە حەوانەوە لە گەل ئێران تێکۆشانێکی پێوراوو هەڵسەنگاندراو بوو، کە بۆ پێشگرتن لە لاپەو گلانی ئێران و تێکەوتن ئێران لە بازنەی کارتێکەری شوورەوی گریدرابوو، ئەمەی لێی زێدە دەکات و دەڵێت: کە دەوڵەتی ئامریکاش ڕەخنەی لەو سیاسەتە نەبوو. لەمەدا شک و گومان نییە کە هیچ کام لە دوو دەوڵەت نەیدەویست ئێران لە گەڕانگە(مدار)ی شوورەوی قراربگرێ،بەڵام بە لێڕوانین لەو راستییە کە دەیەی دوایی یەکیەتی شووڕەوی لێک پرش و بلاوبوو، دەبێ بگوترێ کە ئانکارا هەر ڕادە بە پێشبینیەکانی (سازمانی سیاە)لە مەڕ بەردەوامی قودەڕەت و دەسەڵاتی شووروی بە ئیمان بە ئاقیدەبێت، دیسان ئەم خاڵەی دەدۆزیەوە کە ئیتحاد جەماهیری شووڕەوی نەیدەتوانێ ئێران قوت بدات.

دوو دڵەڕاوکێی مەزنی تورکییەی هجوومی ئێراق بە ئێران لە دسامبەری ١٩٨٠قایم کرد. ڕاست دە رۆژ بەر لەم هێرشبۆسەرئێران،،کودیتای نیزامی لە تورکییە ڕوویدا. یەکێک لە هۆکارو لایەنی قەومانی کودیتا و، وەدەستگرتنی دەسەڵات بەدەستی نیزامیان نیگەرانی زۆرتری سەرۆکانی پلە بەرزی ئەرتەش لە یەکیەتی نێوان هێزەکانی جۆراو جۆری چەپی تورکییە و گروپەکانی نەتەوەخوازی کورد بوو. وێدەچێ دەوڵەت و هێزەکانی چەکداری تورکییە لە هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران باخەبەر ببن. بە ڕوانین لە ئاڵۆزیەکانی هەلوو مەرجی سیاسی تورکییە،هێزەکای چەکدار بێگومان دەیانویست دەست بەکاربوونیان بە وریایی و خۆپاراستن وەدی بێنن و لە سەرجەمی پارێزگاکانی کورد نشین حکوومەت نیزامی دابنێن و پێشی ئاڵۆزی بگرن. حکومەت نیزامی کە لە ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٣بەردەوام بوو لەو نێوەدا توانایی حکومەتی لە سەرکوتی بزووتنەوەکانی ئیسلامی وهەروا پ.ک.ک. زێدەکرد و بە حکوومەتی ئەو فورسەتە ڕەخساند کە لەگەڵ پڕوپاگەندەی ئیسلامی کە لە ئێران سەر چاوەی وەردەگرت بەربەرەکانی بکات.

هۆکاریکی گرنگی دیکە کە تورکییەی بە حەوانەوە وپێکەوە ژیان لە گەڵ ئێران و ئینقلابی ئیسلامی (ترغیب) هاندا- ناخازا لە دوایی هەڵگیرسانی شەڕ لە بەینی ئێران و ئێراق- فورسەتێک بوو کە بۆ تورکییەی دەڕخساند کە بارستایی ئاڵەگۆڕی بازرگانی خۆی لە گەڵ دوو وڵاتی دوژمن زێدە بکات. لە دوای ئەوەی کە نیزامیەکان لە ١٩٨٠ بەدەسەڵات گەیین ڕاگەیاندرا کە تورکییە دەستی بە(ئازاد سازی)ئابووری خۆی، یەک لەوان خسووسی (تایبەیمەندی)سازی زیدەتری وی دەدا. و ئیرادەی(هەم) خۆی لەم بەستێنە لە سەر دەرکردە(

صادرات)، تێدا جێگرتوو(متمرکز) دەکات. سیاسەتێکی ئەوها پێویستی بە ئاخناو(انباشت)ی دەستمایە بوو،و ئانکارا بەو ئاکامە گەیشت کە یەکێک لە سەر چاوەی متمانەدەری دەستمایەی پێئەوجە بوو، دەتوانێ ئێران بێت. گۆڕینەوەی بازرگانی لە نێوان دوو وڵات لە زێدەی دا و لە یەک میلیار دولار لە ساڵی ١٩٨٠ بە ٢/٥میلیارد لە١٩٨٥ گەیشت، هەر چەند دواییەکان کەم بۆوە.

ئەو وڵاتانەی کە بە توندی تێدەکۆشن بە مەبەستی پیشەیی(صنعت) کردنی وڵات دەستمایەکی زۆرتر پاشە کەوت بکەن، سروشتییە لە بەگژ یەکداچوون لە شەڕەکانی دەرەوەی وڵات خۆیان دەپارێزن، مەگین کە نیزام و ڕێبەری وی هەست بە مەترسی بکەن. ئەم عەمرە لە ئاڵگۆی"هاوسەنگی کامل"کە لە سەرەتای ئەم نامیلکە باسی لێکرا بە ئاشکرا وەبەر چاو دەکەوێت."فرد لاوسن" پێشتر بەڵگەی هێنایەوە و سەلماندی کە سوورییە لە دەیەی ١٩٩٠ بەم هۆیەوە لە گەڵ تورکییە شەڕی نەکرد کە بۆ داکۆکی لە استراتژی ئابووری خۆی ئاتاجی بە ئاخنینی(انباشتن) سەرمایە هەبوو. هەر چەند هاتووچۆی مابەینی دووو ڵات لە سەر کێشەی پەیوەندار بە دابەشکردنی ئاوی فەرات و پشتیوانی سوورییە لە عەولا ئۆجەلان،ڕیبەری پ.ک.ک. و پەنادان بە وی لە سوورییە یکجار بولێل بوو، بەڵام شەڕ لە مابەینی دوو وڵات نەقەوما.

قسەیەکی وەێکچوو(مشابە) دەتوانی لە بابەت تورکییەش وەڕاست بگەڕێت. بۆ تورکییە ئاخنینی دەستمایە زۆر گرنگتر لە مەترسییەک بوو، کە لە لایەن ئێران هەستی پیدەکرا. بۆ تورکییە دۆزینەوەی دەستگیرە بۆ شەڕ لەگەڵ سوورییە زۆر سانایی تر لە پەیدا کردنی ئەو دەسگیرە بۆشەڕ لە گەڵ

ئێران لە ساڵەکان و دەیەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٠ بوو. بازێک لە هۆکاری ئابووری کە سوورییەی لە ئانبازو دەست بە یەخە(درگیری) بوون لەگەڵ توورکییە ڤەگەڕاند،لە بارەی توورکییەش ڕاست بوو. ئاتاجی بەئاخنینی دەسمایە ڕۆڵێکی گەورەی لە سیاسەتی پێکەوە ژیان لە گەڵ ئێران بەڕیوەبرد. بە بۆچوونی من ئەو ئەوجەبوونە لە درێژایی دەیەی ١٩٩٠هەروا بەردەوام بوو. هەر چەند ئەوجە پێبوون بە هەلاخنینی دەستمایە توندو بە گوڕ بوو، ئەمە لە ساڵەکانی هەوڵی ئینقلابی ئیسلامی ئێران ئەوندە جێگای لێڕوانین نەبوو. لە ماوەی ئەم دەورە،زۆرتر لێڕوانینی سیاسەتی ئێران بە وەدەست هێنانی شەرعییەت پێدان بۆ ڕژیم و سەر کەوتن بە سەر ئێراق وکەمکردن لە دووره پەرێزی ولات لە سیاسەتەکانی ناوچە و دونیا بوو. بەلام دەکرێ بڵێین کە لە دوای ساڵی ١٩٨٩موحتاج بوون بە ئاخنینی دەستمایەش ڕۆڵێکی ناوەنجی باش لە پەیوەندی ئێران لە گەڵ هاوسێکان بە تایبەت ولاتانەی ناعەرەب ئی وەکوو توورکییە بەڕیوە برد. هۆکارێکی گەورە کە دەشیا تێکدانی دۆستایەتی مابەینی توورکییەو ئێران یارمەتی بکات، مەسەلەی کورد و ئارووشەیەک بوو کە دوو ولات لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی خۆیان لە گەڵی دەست بە بەرۆک بوون، گۆڕکی دژایەتی لە بارەی مەسەلەی کورد سیاسەتێک نەبوو کە دوو ولات لە بەرابەر کوردەکای خۆیان وەپێشان گرتبوو،بەڵکوو تێکۆشانێک بوو کە بە مەبەستی دامەزراندنی(سلطە) ژێدەرکەفتن ودەروەستهاتن لە سەر کوردەکانی باشووری ئێراق لە دوای کەم بوونەوەی کار تێکەری ئێراق لە ناوچە، لە ماوەی شەڕی ئێران و ئێراق بەدوایدا دەچوون. دڵەڕاوکی گەورەی توورکییە ئەمە بوو کە بەغداد ئیدی ناتوانی باشوور

بەڕێوە بەرێت و پارتی دیموکڕاتی کوردستان، یان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان یان هەر دوو لەگەڵ پ.ک.ک. هاوکاری بکەن: پ.ک.ک. لە ساڵەکانی سەرەتای شەڕی لە باشووری ئێراق وباشووری ئێران جێگیر بوو. ئانکارا دەڵیلی ئەو دڵەراوکەیەی هەبوو،چونکە لە سەرەتای ژوئیەی ١٩٨٣ پارتی دێموکراتی کوردستان وپ.ک.ک. ڕەزامەندنامەی ناودێر (بە بنەماو بنچینەی پەیوەندی) ئیمزا کردبوو کە بە پێی وی رێککەوتبوو دژی نەیاری هاوبەش هاوکاری بکەن. ئەم پەیمانە هێندە دەوامی نەکرد ودوو گرووپی ئامازە پێکراو خێرا لە گەڵ یەک بەشەڕ هاتن. لە دوای شەڕی کەنداوی فارس گەپچانی دوو گروپ هەروا بەردەوام بوو.

ئانکارا هەتا بەر لە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی باشوور و پ.ک.ک. تووشی دڵە خورپە بوو،و لە ٢٦ی مەی (١٩٨٣ ) گەڵ ٨٠٠٠هەتا ١٠٠٠ سەرباز لە باشووری ئێراق هێرشی بردە سەر پ.ک.ک. و مابەینی ٢٥ میلی لە ناو خاکی ئێراق بەرەوپێش چوو،چەند سەت کەس لە ئەندامانی پ.ک.ک.ی بە یەخسیر گرت. بەغدا بەو هجوومە ڕازی بوو کە تارانی تووڕە کرد.

وقسەی سەر زوانی ئێران دژی تورکییە ئەمە بوو، کە بە ئێراق یارمەتی دەکات هەتا بە قازانجی ناتۆ و ئامریکا ناوچەکانی نەوتی خۆی بپارێزێت. چاخێک بەغدا لە سەر داخوازی تورکییە سەبارەت بە گرێبەستی پەیمان ڕەزایەتی دەربڕی کە بەهێزەکانی تورکی ئیجازە دەدا لە کاتی بەدواداچوون و سەر دەدوونانی شۆڕشگێڕانی کورد بچنە ناو خاکی ئێراق،تاران داخوازیەکی بەو شێوەیی ڕەت کرد. بڕیارنامەی ئامازە پێکراوە ئۆکتوبری ١٩١٤ لە مابەینی

تورکییەو ئێراق ئیمزاکرا. بەڵام ئێران لەگەل گرێبەستی(پەیمانی هێمنایەتی) لە گەڵ تورکییە ڕەزامەندی دەربڕی،و ئەم پەیمانە لە ٢٨ی نوامبری ١٩٨٤ واژۆکرا. ئەو پەیمانە لە هەر دوولایەنی دەویست لە خاکی خۆیان پێشگیرو بەرەبەست لە هەر جۆرە تێکۆشانێکی دژی وڵاتی هاوپەیمان بن. تێکۆشانی ئاماژە پێکراوە بۆ تورکییە بە ئاشکرا پ.ک.ک. بوو، وبۆ ئێران بزووتنەوەی دژکارانی ئێران لە ناو تورکییە،بە تایبەت (مجاهدین خلق). لە ١٨٨٥ جگە"مجاهدین خلق) نزیکەی یەک هەتا ١/٥ملیون ئێرانی لە تورکییە بوون کە تێکۆشانی سیاسیان هۆکاری دڵەخۆرپەی ئێران بوو. پەیمانی هێمنایەتی ڕیکەوت ١٩٨٤ ئێراقی دەبەر نەدەگرت، وهەر دوو وڵات(ئێران وتورکییە) بەڕەواڵەت لە داکۆکی بە نەیاران لایەنی بەرابەر،بۆ خۆی ئازادی کردەوە قائل بوون.

لە١٥ی اوت-ی ١٩٨٦ تورکییە دەستی بە دەست درێژیەکی تر دژی پ.ک.ک. لە باشووری ئێراق کرد. لە دوای ئەم دەستدەرێژیە، سنوور بەزاندنی دیکە لە ڕۆژەکانی ٣-٤و٢٧ی مارس-ی ١٩٨٩ دەست پێکرد. بەرپرسی پاڕڵەمانی ئێران، هاشمی رەفسنجانی،ئانکارای بە بەرنامە داڕشتن بۆ دەست بە سەرداگرتنی چاڵەوەکانی نەوتی کورکووک تۆمەتبار کرد. ئەمە تۆمەتێک بوو کە ئێران لە تەواوی درێژایی دەیەی ١٩٩٠ دوو پاتی کرد. هەر چەند تاران تورکییەی تۆمەتبار دەکرد و دەیگوت کە دەیەوێ سەرچاوەکانی نەوتی باشووری ئیێراق بخاتە ژێر چاوەدێری خۆی،لەمە دا گومان هەیە کە ئامانجی سەرەکی و حەسلی تورکییە ئەوها بووبێت. چاوەدێری لە سەر چالاوەکانی نەوتی باشووری ئێراق لە ڕاستیدا بە مانای پاراستنی دەسەڵات بەسەر زۆروکەمی ٣/٥ ملیونی ئەو کورد دەبێت کە لە باشووری ئێراق ژیان تیپەڕ

دەکەن. "فردهالیدی" ڕوونی کردۆتەوە کە نەوتی موجوود لە چالاوەکانی نەوتی باشووری ئێراق تەنیا بەشی بیست ساڵ بەرهەم لێوەرگرتن دەکات. "گراهام فولر" بۆچوونی وایە کە نەوت هێشتا هۆکارێکی گرنگە،چونکە لە ساڵی ١٩٩٠ یەک و نیوو ملیون بەرمیل(بۆشکە) داهات و بەروبومی ئەو بوو. "نادر ئینتسار"ئاقیدەی وایە کە "تاران مەترسی لەمەیە کە تورکییە لە بەر ئەمە دایە چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ چالاوەکانی نەوتی باشووری ئێراق بخاتە ژێر حوکم و چاوەدێری خۆی و بەم شێوازە هاوسەنگی دەسەلات لە ناوچە تێکبدات."هنری بارکی" کە بابەتێکی زۆری سەبارەت بە ئارووشەی کوردی تورکییە نووسیوە، لە گەڵ ئاقیدەو بیرو بۆچوونی"هالیدی" هاودەنگە کە لە باشووری ئێراق لێڕوانینی سیاسەتی تورکییە لە پلەی یەکەم ئاماژە بە نەوت نییە،و سیاسەتی ئانکارا" وەدوای ئامانجێکی حەسڵی دەکەوێ، و ئەو لە ناو بردنی هەر جۆرە کارتێکەرییە، کەکوردەکانی تورکییەیی بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری یان سەربەخۆیی هاندات... تورکییە لەمە دەترسێ کە وەدیهاتنی ولاتێکی سەربەخۆی کوردی و یان هەتا بەوجودهێنانی"مەوجودیت'ی فیدراڵی لە چوارچیوەی ئێراق بە خودموختاری لە تورکییە بەرفرەوان و ئاگر خۆشکەربێت. دلکرمێبوونی تورکییە لە پەیوەندی لە گەڵ کوردەکان هەموو دڵەراکێی ناوچەکانی دیکەشە، بۆ نموونە ئەم مەترسییە بە تابشتەی ژێر ترووسکەی خۆی دەخات، کە ئێراقێکی لە ژێرحکومەتێکی بیرچەوت و، لادەرو هەتا ددان پۆشتە و چەکدار بە چەکەکانی ناوەکی(ئاتۆم) و لە بەر دەست دابوونی لانی کەمی بیست لە سەت پاشەکەوتی نەوتی دونیا دەتوانێت بۆ هێمنایەتی تورکییە مەترسیەکی گرنگ بێت.

چەتوونە بکرێ سیاسەتی ئێران یان تورکییەیی لە پەیوەند لە گەڵ کوردەکانی باشووری ئێراق لە سەر بناخەی تخمین و گومان لەم بارەوە کە چ رادە نەوت هێشتا لە چالاوەکانی نەوتی باشووری ئێراق پاشەکەوت ماوەتەوە،پێشبینی کەین،تایبەت چاخک باسەکەمان واریدی بەستێنێک دەبێت کە لە سەر بناخەی بەڵگەو دەلیل و دیکۆمەند نییە."بارکی" لە ١٩٩٣ لێکدانەوەیەکی نیشاندا کە پێنج ساڵ دوایش موعتەبەری دەنوانند. ئەمن لە سەر ئەو بۆچوونە کە دەسەلاتی تورکییە بەتایبەت لە ڕێگای دەست بە سەرداگرتن و بنچۆکدانی نیزامی باشووری ئێراق گرنگترین نیگەرانییە، کە ئێران لە بابەت بەرفرەوانی کار تێکەری تورکییە لە باشووری ئێراق هەست پێدەکات. ئەم دڵەڕاوکەیە بە ڕەواڵەت لە سالانی دەیەی ١٩٩٠یش وەک ساڵەکانی دەیەی ١٩٨٠ بەردەوام بوو. مەترسی تاران لەم بارەیە کە دەسەلاتی تورکییە بەدەر لە باشووری ئێراق دا، ئاشکراکەری دەسەلاتی سیاسی،وەکوو دەسەلات لە سەر پارتی دێموکراتی کوردستان،سنووری هیمنایەتی سیاسی تورکییەی چەند سەت میل لە باکوور و ڕۆژهەلات بەرەوپێش بەرێت. ئەم جۆلانەوە بە هۆی هێمنایەتی ،بە شێوازی کردەوە مایەی دڵەخۆرپەی تارانە. دنەیەکی ئەوها بۆ لای ڕۆژهەلات بەم مانایە دەبێت کە ناوچە لە ژێر کارتێکەری تورکییە لە باشووری ئێراقە،لە خەتێک بە درێژایی دوو سەت میل یان زێدەتری ئاقار بە مەڵبەندی کوردنشین و ئازەری نشینی ئێران پاڵ وێدەدات. جەماوەری ئازارییەکانی ئێرانییان بە نزیکەی ١٠میلیون کەس یان ١٦/٥لە سەتی دانیشتوانی ٦٠میلیونی ئێران تەخمین و بەراورد دەکەن. دەڵێن کە ئازەریەکان نزیکەی ٧٥ لە سەت لە بازارەکانی تاران لە بەرخۆ دەگەرن،و لە زوربەی

بەشەکانی کۆمەڵگای ئێران خاوەن کارتێکەرن. هەر وەک پێشتر گوتمان گەورەترین هەڕەشەیەک کە سەبارەت بە تەواوەتی خاکی ئێران لە دوایی وەدەست هێنانی سەربەخۆیی لە ١٩٢٥جلی کردەوەی پۆشی،لە ساڵی ١٩٤٦ و لە گەڵ بینیاتنانی کۆماری کورد لە مەهاباد و کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان بوو،کە ئازەریەکان و کوردەکان بەشادمانی بیری دەکەن. لە سێرەی چاو دوورە کە دەوڵەتی ئێران بیهەوێت ئەم ئەزموونە دووپات بێتەوە.

تێکچوون و تەفرو تونابوونی یەکیەتی شوورەوی و سەربەخۆیی ئازەربایجانی(شوورەوی) دەستووجێ لە سەر ترس و دڵەخورپەی ئێرانی زێدە کرد، نەکوو نەتەوەخوازان ورووژاوی کۆماری نوێ، کە پڕو لیپاولێپ و دارماڵ لە ئاخانراوی نەتەوەخوازانەی تورکییە،بۆ ئازەربایجانی ئێران تەشنە کات و لە ئازەریەکان کارتێکەر بێت. نیزامی مەزەبی تاران لە گەڵ ئەو هەموو ئارووشە کە ڕووبەرووبەتی، بیگومان نەیدەویست نەتەوەخوازانی جەماوەری ئازەری وڵاتێکی بە تایبەت لە پارێزگاکانی باشووری وڵات کە ئینەهوو ئازەربایجانی ڕۆژهەلات وڕۆژئاوای پێدەڵێن،کارتێکەر ی هەبێت. ئەگەر تورکییە ئارووشەی کوردەکانی هەبوو،ئێرانیش لە دوایی ساڵی ١٩٩١ لە گەڵ ئاروشەی بە هیزی ئازەریەکان ڕووبەروو بوو. لە هەمووی گرنگتر ئەمە بوو کە ئێران نەیدەویست هاوکات لەگەڵ ئارووشەی کوردەکان و ئازەریەکان ڕوو بەڕووبێت،کە لە سەریەک ٢١میلیون کەس دەبن(١٠میلیون ئازەریەکانی ئێران،پێنج میلیون ئازەریەکانی کۆماری ئازرەبایجان و ٦میلیون کوردی ئێران)،سیاسەتی تارانی لە بەرابەر ئازەربایجان لەدوایی ١٩٩١ و لە پەیوەند لە گەڵ

قەفقاز،بریتی لە کێمشەکێمشی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەر مەسەلەی "ناگورنو قرەباغ" ئەوها تەکووزو رێکووپێک گەلاڵە بکرێ کە پێش لەمە بگرێت کە نەتەوەخوازانی ئازەربایجان لە سەر ئازەریەکای وڵات کارتێکەربن. بەڕەواڵەت ئامانجی بنەڕەتی ئەم سیاسەت، زۆرتر ئەمە بوو،و بەربەرەکانی لە گەڵ بەرفرەوانی کارتێکەری تورکییە لە خودی ئازەربایجان لە جێگای دوەمی بایەخ قەراری گرتبوو.

(( ئازربایجانی ڕۆژئاوا یەکیک لەو چوار پارێزگای کوردستانە وناوی کوردستانی باشوور بوو، ڕەزاشاە ناوی ئازربایجانی ڕۆژئاوای بەسەردابڕێ. وەرگێری کوردی))

چاخێک کە ئێران لە ئاوریلی ١٩٩٣ ئەردەبیلی کە شارێکە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران، بە ناوەندی پارێزگای دیکە لە ئازەربایجان گۆڕی،بۆخۆی شایەدی ئاشکرای لە مەڕ ئەو نیگەرانییە دەدا کە لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەی ئازەریەکان هەستی پێدەکرێت. "ئەردەبیل" پێشتر یەکێک لە فەمانداریەکانی ژێر دەسەلاتی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەلات بوو،کە ناوندی وی تەورێز بوو. یەکێک لە هۆکار ولایەنی تەرەقی پێدان بە"ئەردەبیل" وبوون بە "پاڕیزگا"مەبەست کەم کردنەوە لە ڕەکێشکەری و کار تێکەری پڕووپاگەندەی نەتەوەخوازانی کۆماری ئازەربایجان بوو.

( زۆرینەی نزیک بە هەموو دانیشتوانی آزەربایجانی ڕۆژ ئاوا، کوردەکان پێکدێنن. لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیە پێشتر بە کوردستانی باشووری دەنگین و ناو دێر بوو و لە سەردەمی (محمدرضاشاە)،ئەو ناوەیان بە سەر ویدا سەپاند.وەرگێری فارسی)

تاران بێگومان،ناخازا لە ١٩٨٨ بەم لاوە،هێندیک دڵەراکێی لە پەیوەندی بەرهەم وەرگری و دابەشکردنی هەستانگەکان(سەرچاوەکان)ی نەوت و گازی ناوچەی دەریای خزر هەبوو. لە ژوئیەی ١٩٩٧ کارگێڕانی ئامریکا هەستانگاکانی نەوتی دەریان خزریان بە دوسەت وپەنجاە بیلیون بۆشکەبەرئاورد کرد. کە بەشی ئازەربایجان لەو بینەدا بە٣٢بیلیون بۆشکە تەخمین لێددرا. بوونی ئەو هەستانگانە مەزن وگەورەی گازی ناوچە،بە تایبەت "تورکمنستان" و"قەزاقستا" وایدە کرد کە ئێران سیاسەتێکی هەڵبژێرێ و بگێرێ کە فورسەت بە وی دەدات هەتا ئەو جێگایەی بۆی بۆز دەخوات لە بەرهەم و داهات هەڵگرتن لەو سەر چاوانە بەشداری بکات.

ئەو ئەژمارەی سەرەوە پەیوەند بە هەستانگەکانی نەوتی ئازەربایجانی"استروب تالبوت" جێگری شالیاری دەرەوەی ئامریکا لە جەرەیانی سەرلیدانی مانگی ئەوت"حەیدەر عەلی ئۆف" لە واشنگتوون ڕایگەیاند. "دیلیپ هیرو" لە سەر ئەو ئاقیدەیە کە هۆکار نیشاندانی ئەو براوردانە زێدە ڕوولە سەرچاوەکانی نەوتی دەریا خزر ئەمەیە کە دەوڵەتی ئامریکا دەیهەوێ بە ئامریکائینان متمانە و دڵ ئاسودەیی بدات کە لە دەرەوەی کەنداوی فارسیش هەستانگەی نەوتی زۆرن و ئەگەر ڕۆژێک نەوتی کەنداوی فارس ڕابگیرێت لە دەورو پشتی دەریای خزر نەوتێکی زۆر هەیە. ئەو هەروا بۆچوونی وایە کە وەڕیخستنی" ئەو پرووپاگەندەیە سەبارەت بەزۆری نەوتی دەریای خزر ولاتانی نەوتی عارەبیش پۆنگژاوو تووشی دڵەراکێ دەکات و ناچاریان کات کە بایی نەوت نزم ڕاگرن".

"گۆڤـــــاری ئەژمـــــاری بـــــریتین پێترۆڵــــــۆم "ســـــەبارەت بە هەســــتانگەکانی انـــــرژی دونیـــا )لەکۆتـــایی ١٩٦٦ پاشـــــەکەوتی ســـــەلماندراوی نەوتــــی ئازەربایجـــــای ٧بیلیـــــون بۆشـــــکە ڕادەگەێنێ،یــــــانی چوارونیــــــو کەمتـــــــر لەو ئەژمـــــــارەی کە ئامریکایەکان لەم بارەوە نیشانیان داوە.

گەلێـــــک لە بەرنامەکــــانی گـــــویزتنەوەی نەوت و گـــــازی دەریـــــای خـــزر ۆ بـــۆ بازاڕەکـــانی ڕووســـیە و ئوڕوپـــا و ئامریکـــا هێشـــتا لە ســـــەرەتای و تـــــووێژ دان. ئێـــــران پێیخۆشــــە کە بازێـــک لە خەتـــــی بۆڕیـــانە، چ نەفتـــــی وی (بەرن- یـــــان- نەبەن) بە خـــــاکی ئێـــــران دا تێــــپەڕن، . ودوور نیـــــیە ئەگەر خەتـــــی لوولەکــــان بە خـــــاکی ئیـــــران دا تیــــپەڕن بازیـــــک هەڵگـــــری نەوت وگـــــازی وی بـــــن، بازێـــــک لەو خەتە لـــــوولانەی کە قەراری لە ســـــەر گیـــــراوە لە باشـــــووری ئێـــــران وتـــــــورکیییە تێـــــــپەڕن، ناچـــــــار بە ئەو ناوچـــــــانەدا دەڕۆن کە هەمـــــــووی کوردشــــــینن و لە تـــــــورکییە بەو ناوچـــــــانەدا دەڕۆن کە لەم پـــانزدە ســـاڵەی دوایــــی شــــوێنی تیکۆشـــانی پ.ک.ک. بـــــوونە. و ئەمە بۆخــــــۆی هاوکـــــاری تـــــورکییە و ئێــــــران لە پاراســــــتن و متمـــــــــــــــــانەدەری ڕەوگەی لولەکـــــــــــــــــان لە بەرابەر تـــــاژانکەری(خرابکـــــاری) فکـــــر بووچـــــووی کوردەکـــــان، پێویســـــت دەکات.

ئێـــــران و تـــــــورکییە و تورکمنســـــتان لە مـــــــانگی مەی ١٩٩٧ ڕایانگەیانــــد کە خەتـــــی لـــــوولەی گـــــوێزتنەوە گـــــاز لە ڕۆژ ئـــــاوای تورکمنســــتان بـــــۆ تـــــورکییە ١٢٥٠ کیلـــــۆمێتر بە خـــــاکی ئێـــــران دا تێـــــدەپەرێت،و دوای مـــــاوەی ١٠٠ کیلـــــۆمێتر لە"وان" کۆتــــایی دێـــــت- کە پارێزگـــــایەکە لە ڕۆژهەلاتـــــی تـــــورکییە. دوو بەشـــــی ئێـــــران و تورکمنســـــتان پـــــێکەوە لکـــــاون. زوربەی ئەو مـــــابەینەی(ئێـــــران وتـــــورکییە) پێشـــــتر لـــــوولەی بـــــۆ کێشـــــڕا بوو،پاژێـــــک کە دەبـــــێ ئەم

خەتەی بە"وان" بلکینێ لە دەستی چاکردن دایە و قەرارە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ بەکۆتایی بگات.

هەر وەک لە سەرەوە گوتمان ئەو بەشانەی لەو خەتی لوولە لە ئێران و هەر وا ئەو لەکەی کە بەوان دلکێت و لەو ناوچانە تیپەڕ دەبێ کە زۆربەی کوردنشینن. لە نیوەدا زێدەتر لە هەیفێکە کە لەم ناوچەیەی کە خەتی لوولەی پێدادەڕوا شەڕ لە نێوان پ.ک.ک. و هێزەکانی چەکداری تورکییە لە قەومانـدایە. تەواو کردنی ئیشی خەتی لوولەی گازی تورکمستان-ئێران- تورکییە لە پاڵ وێکدان تورکییە بە خەتی لوولەی نەوتی باکۆ- تفلیس-سوپسا-جیهان کەم دەکاتەوە. کاری چاک کردنی ئەو خەتی لوولە جگە لەو بەشە کە لە گورجستان بۆ "جیهان" دەڕوا کۆتایی هاتووە. مەسکۆ ڕایگەیاندوە کە بەشی ئەو خەتی لوولەی کە قەرارە لە گورجستان بە "جیهان" بلکێ هیچ کات وەکار ناکەوێت، چونکە بەو مەڵبەدانە دا تێدەپەڕێ، کە شەڕکەرانی پ.ک.ک. پازدە ساڵە لەو مەڵبەندانە لە گەڵ دەوڵەتی ئانکارا دەجەنگن.

"ماهرولات" نوینەری پ.ک.ک. لە ولاتانی "مشترک المنافع" و ئوڕوپای ڕۆژ هەلات، دەریبڕی کە"بۆ ئەمە کە ئەم خەتی لوولە بتوانێ بەو ناوچانەدا بڕوات کە لە ژێر دەسەلات و چاوەدێری پ.ک.ک.یە،دەبی سەرەتا پ.ک.ک. لە بن و ڕیشەو ڕەگەو دەربێنین" -هەڵبەتە ئانکاراش هەر ئەو فکری لە مێشکدا دەزرینگێتەوە. تورکییە پێی وایە کە ئەگەر ئێران دەیەوێ لە شەبەکەی ڕوو بە پێشکەوتووی خەتەکانی گوێزراوەی نەوت و گاز لە ناوچەی " دەریای خزر "بەشداری بکات دەبێ لە ڕیشە هەڵکەنینی پ.ک.ک. بە لانی کەم

ئاریکاری تورکییە بکات، یان هەر نەبێ ئەوەی لە خاکی ئێران وەدەربنێ و دەرکاتە دەر.

خولاسە،لە دورووپشتی کۆتایی دەیەی ١٩٩٠ بە هۆکاری حەوجە پێبوونی دوو وڵاتی ئێران و تورکییە بە بەرفرەوانی ئابووری، خودی مەسەلەی کورد وەکوو بریکارێک لە پەیوەندی نێوان دوو وڵات دێمەن (نمود)و ئارایشت و تەوزاندن(جلوە)ی پێشووی لە دەست دەدات. ئەوجە بوونی تورکییە بە"ئەنرژی" لە دەیەی دوارۆژ بە ڕادەی یەک سیوەم زێدە دەبێت. ئێران کە خاوەنی هەستانگەکانی(منابع) دوڵەمەندی نەوت و گەورە ترین سەر چاوەی گاز لە دونیایە و لەو بابەتەوە لە دوای رووسیە لە پلەی دووم دایە،ئەوجەیبەمە هەیەکە ئەم نەوتو و گازەی بۆ بازارەکانی دونیا بنێرێت، بەشداری زۆرتری تاران لە بەرهەم و داهاتی ئەم سەرینچاوانەی ئەنرژی، لە حەینی حاڵ بە وی یارمەتی دەکەن کە لە لاتەریکی سیاسی و ئابووری خۆی کەم کاتەوە.

هۆکاری دیکەش هەیە کە ئێران و تورکییە ناچار دەکات کە نەک تەنیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد بەڵکوو لە زوربەی گۆڕەپانی دیکە و بە پێچەوانەی ڕکەبەری کە لە ئاسیای ناوەندی و قەفقاز لە گەل یەکیان هەیە، هاوکاری یەکتر بکەن. جەماوەری هەر دوو وڵات لە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠ بە حەفتا میلیون کەس دەگات،هەر دوو بە هێزترین بەستێن و بناخەی کشت و کاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینن، و خاوەن سامان و ئەنگراون، زۆر ترین سەر زەمێنی لێهاتوو بەپیت و بەرەکەتی داچاندنی دخڵوودانیان هەیە، و بێجگە لە ئیسرائیل،جۆراجۆرترین کامیلترین ئابووریەکانی ئیقلیمین(هەر چەند ئابووری ئێران هێشتا زوربە، بە نەوت

بەستراوەیە.)بەروبووی خالیسی نەتەوەی تورکییە لە ساڵی ١٩٩٧ خۆی لە ٢٠٠میلیارد دۆلار دابوو،بەرهەمی ناخالیس ملی ئێران خۆی لە ٩٠ میلیارد دولار دەدا. تورکییە هیوادار بوو هەتا ساڵی ٢٠٠٠دەرکردەی(صادرات) خۆی لە ٣٣میلیارد دولار هەنووکە لە ٥٠ میلیارد زێدە ترکات. ئێران بەو سەرینچاو گەورەیەی خۆی ئەم ئامادەگییەی هەیە، کە داهاتی ملی خۆی لە دوو دەیەی داهاتوو خێرا زێدە کات. ئێران و تورکییە ئەگەر بە هۆی تداخولی نیزامی، یان مل پێوەنانی(اقدامات) ئابووری لە لایەن ئورووپا، یان ئامریکا بە ڕاستی دەستی لێنەوەشێ- دیسان جگە لە ئیسڕائیل کە دەست بە سەرداگرتنی بەشێک لە بەشی عەرەبی کەنداوی فارس بە چاوی ڕەزامەندی لێدەڕوانێ- هەر دوو بە پەلە دەتوانن بەگرنگترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆردرێن. لە ڕاستیدا لە ماوەی چارێگە سەدەی بیست یەکەم دەتوانن لە ناوچە بە ڕادەیەک بگەن کە لە سەدەی هەژدە بوون. بەر لە وەی کە ئوروپایەکان بە جیا کردنەوەی بەشێک لە سەر زەمینەکانیان، پێشی هێزی دەسەڵاتی ئەمپەڕاتوریەکانی ئوسمانی و قاجار بگرن. کار تێکەریەک کە عاڕەبەکان لە ماوەی سەدەی بیستەم وەدەستیان هێنابوو،لە سەدەی بیست و یەکەم لە کەمی دەدات،لە سەدەی بیست و یەکەم بایەخی مەزنی وڵاتانی عاڕەب هەڵکەوتوو لە کەنداوی فارس بە پشتیوانی ئەنرێژی سنووردار دەکرێت. چ تورکییە و چ ئێران ناوچەکانی ئاسیای ناوەندیان دەبێت، کە لە واندا بەشداری بکەن، هەر دووک بۆ بازرگانی لە گەڵ ڕووسیە و ئوڕوپا و ئاسیاش لە بارو دۆخ و چلۆنایەتی بە هێز، بەهرەوەرن.

ئەگەر چی هیچ کام لەم دوو وڵاتە، لەوانەیە، هەموو ئەوەهەی کە لە(عرصە) گۆڕەپانی ئابووری بە

دوایدان،وەدەست نەهینن، لە گەل ئەو هەمووە لە سیرەی چاو بەدوورە بەکوردەکان، چ کوردەکانی ناوەخۆی وڵات، یان کوردەکانی ئێراق ئیجازە بدەن کە ئەستراتژی، یان هیواکانی ئابووری بخەنە ژێر هەڕەشەی خۆیان(و تورکییە بە تایبەت ئیجازەیەکی ئەوها بە سوورییە نادات.) تورکییە لە شەڕی پ.ک.ک. لە تورکییە و باشووری ئێراق ئەو مەسەلەی ڕوون کردۆتەوە. لە ١٩٩٣ تەخمین لێدەدرا کە تورکییە هەر ساڵێک ٨ میلیارد دولار مەسەرەفی شەڕ لە گەڵ پ.ک.ک. دەکات. لە دوایی هێرشەکای بەرفرەوانی تورکییە لە ساڵەکانی ١٩٩٥و١٩٩٧ ئەم هەژمارە بە ڕادەیەکی بەر چاو لە زێدەی دا. مەزیخی(هزینە) عەمەلیاتی ساڵی ١٩٩٧،لە دوای هەرەس هێنانی دەوڵەتی ئەربکان لە ١٨ی ژوئن ئەو ساڵێدا بە مەسەلە و ئاڕووشەیەک(مشکلات) لە نێوان دەوڵەت و هێزەکانی چەکداری تورکییە گۆڕا. بە تاڵکردن و دوور خستنەوەو پاکسازی و خاوێنکردەوەی زێدە لە سێ میلیون کورد لە باکوور ڕۆژهەڵات و ڕۆهەڵاتی تورکییە و خاپوورو وێرانی ٣٦٠٠ گوند و کۆخ، شایەدی لە سەر ئارەزووی بەکەیفی هیزەکانی چەکداری تورکییە، لە ریشە دەرهێنانی پ.ک.ک. و سەر کوتێکی توندی نەتەوەخوازای شەڕکەری کوردە.

لە ڕاستیدا مرۆڤ جار وایە لە دڵی خۆیدا فکر دەکاتەوە، سیاسەتی دەوڵەتی تورکییە،بە تایبەت لە ١٩٩١ تەنیا بەم مەبەستە نەبووە کە کوردەکان لە وەدەست هێنانی خودموختاری، یان سەر بەخۆیی پێش بگرێت، بەڵکوو لەو ڕاستایەش دابووە کە رۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات بۆ ڕاکێشانی لولەکانی نەوت و گاز کەلە لایەن دەریای خزر و ئاسیای ناوەندی دێن، دڵنیاییەدەر بکات. لە دوای عەمەلیاتی

وێرانی کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوو لە ناوچەکانی کورد نشین بەڕیوەچوو، کوردەکان لە فرەوانکردنەوەی کشت و کاڵ کە لە ناوچە بەڕێوەدەچن ئیستفادەیەکی هێندە وەرناگرن. هەر ئەو قسەیەی دەکرێ لە پەیوەندی لە گەڵ پرۆژەی ئاناتۆلی باکوورێ ڕۆژهەلات،ناو دێر بە"گاپ" دووپات کەین، کە پرۆژەیەکە پەنجاە میلیارد دۆلاری بۆ دڵنیا بوون لە بەرق، و بەرفرەوانی شەبەکەی ئاو داشتن و توریسم(گەشت و گوزار) لە باکووری ڕۆژهەلاتی تورکییە. ئێستا ئەگەر "گاپ" بە هەموو ئامانجەکانی چاوەڕوانکراویشی بگات، دیسان قازانجێکی ئەوندە لە وی وەدەست کوردەکان ناکەوێت. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو کۆچ وکۆچبای مەزنی کوردەکان بۆ پارێزگاکانی ڕۆژئاوا هەر وا بەردەوام بێت، کوردەکان هێندە لە ناوچە نامێننەوە کە لەم بەرفەرەوانی ئابووری کە لە بەرنامەدایە لە دواڕۆژێکی نزیک جلی کردەوە لە بەر کات، کەلک وەرگرن. تەنیا خاوەن مڵکەکانی گەورە و ژمارەیەکی کەم لە بە سامانانی گەورە هەن کە لەم بابەتەوە قازانج دەبەن. کەم بوونەوەی جەماوەر ی کوردەکان لە ناوچەی"گاپ" یان هەر گروپێکی نەتەوەخواز، یان نارازی دیکە بۆ وێرانکاری لە بنیاتنانی ئەو پرۆژە کەم دەکاتەوە. لەم نێوەدا کۆچباری کوردەکان لە مەڕ گشت وگوزارو سەرمایە دانانی دەرەکی لە سەر دڵڕاکێشان بەرەوخۆی ناوچەی گەلاڵەی گاپ زێدە دەکات. ئیسڕائیل وەک کە دەبینین هەر لە ئێستاوە دەست بەکار بووە،تل آیوو،دەیەوێ بە ئاوەکانی فەرات و جیهان و سیهان و ئەوعەنبارانەی کە بەشێک لەم گەلاڵەن، وەدەستی بێنێ. ئەمە سیاسەتێکە کە ئامریکاو ئوڕوپا بە توندی لە وی داکۆی و پشتیوانی دەکەن، چونکە بیروبۆچۆنیان وایە کەبۆ دەست وێڕاگەین بەو ئاوە کە

دواڕۆژی ئیسڕائیل و عارەب بە وی بەستراوەتەوە، دەست ویڕاگەین بەم ئاوە ئەرکێکی پێویستە و زەرورییە. ئەم عەمەرە هەتا ڕادەیەک ئەو بڕیارنامانەی کە لە ١٩٩٥ بەم لاوە لە نێوان ئیسڕائیل و تورکییە بە ئیمزا گەیی شی دەکاتەوە. قەراردادەکانی بەستراو لە نێوان ئانکاراو تل آویو، لەو نێوەدا بە سوورییە فشار دێنن هەتا لە پەنا دان بە عەولا ئۆجەلا،ڕێبەری پ.ک.ک. دەست بکێشێتەوە.

بڕیارنامەکانی گرێبەست لە نێوان تورکییە و ئیسڕائیل لە پەیوەندی لە گەل مەسەلەی کورد کارتێکەری ڕاستەو خۆی لە سەر پەیوەندی و هاتووچۆو هەڵسوو بنیشی ئێران و تورکییە نەبوو. بەڵام تاران دڵەخۆرپەی لەمە بوو کە کردەوەی تەوژمی توند وتیژ لە سەر سوورییە بۆ پەنا دانی ئۆجەلان و یارمەتی بە پ.ک.ک.،یەکگرتووی گەورەی وی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کزو بێهێز دەکات و لە پلەی وی لە بەرابەر فشاری ئامریکا لە جەرەیانی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و توانایی وی بە داکۆکی لە پ.ک.ک. و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە باشووری ئێراق- بە تایبەت پ.ک.ک.- ولە دوایی شەڕی تەواو عەیاری کە لە ١٩٩٢ لە نێوان ئەوو پارتی دێموکراتی کوردستان و بەرفرەوانی کار تێکەری خۆی لە باشووری ئیراق، بۆ ئێران قازانجی هەبوو. لە دوایی ئەوە کە پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشوور لە ١٩٩٢ بە پەیوەندی تەنگتر لە گەڵ تورکییە ڕوو بەڕوو بوو، داکۆکی تارانیش لە باشووری ئێراق و لە خودی ئێران، شیوەیەکی توندو تیژو بە تایبەت تری بە خۆوە گرت.

بەم شیوەیە سێ خاڵی مەزن هەن کە لە مەڕ ژئواستراتیژیک و ژئوپۆلیتێکی تورکییە وئێران دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە لە

بارەی مەسەلەی کورد هاوکاری بکات" ١-ئیلاقەی هاو بەش بە بەشدار بوون لە ئاستانگەکانی سەرچاوەی(منابع) نەوت و گاز و شەبەکەکانی بڵاو کردنەوە، ئەم دووە ٢- حەزی بە نکردنی تداخول لە سیاسەتەکانی یەکترییە، لە قەفقاز و ئاسیای ناوەندی،بە تایبەت لە پەیوەند لە گەل ئازەربایجان و بە پەیرو لە وی مەسەلەی ئازەریەکانی ئێران، و٣ ئەوجە بوون بە ڕەزامەندی سەبارەت بە بەستینەکانی کارتێکەری خۆیان لە باشووری ئێراق. خاڵی دوایی داوەری دەکات کە تورکییە نابێ کارتێکەری خۆی پەرەپێبدات و پان و پۆڕی کاتەوە، کە لە سنووری ئێران و ئێراق نزیک بێتەوە و حەولەدا کە بۆخۆی راستەو خۆ یان بەشیوەی ناراستەو خۆ لە ڕێگای نوێنەرانی لە باشووری ئێراق لە(وەڕەقی ئازەری) کەلک وەربگرێت. لە بەرابەردا ئانکاراش چاوەڕوانە تاران لەو سیاسەتانە داکۆکی نەکات کە لە باشووری ئێراق کۆتایی بە بنیاتنانی خودموختاریەکی بەهێزو قووەت بێت،کە کوردەکانی تورکییەش ورووژاوکات. لەو نێوەدا تاران نایەوێ شایەدی ئەمە بێت کە ڕیگاکانی لولەی نەوت وگاز باشووری ئێراق لە ژێر دەسەڵات وچاوەدێری تورکییە دابێت، یان تورکییە گروپەکانی کوردی باشووری ئێراق وەکوو پارتی دێموکراتی کوردستان، بخاتە ژێر کارتێکەری و چاوەدێری خۆی. تاران پێی باشترە کونترۆڵی خەتەکانی لوولە بە بەغداد بێت، نەک ئانکارا. و ئانکاراو بەغدا لە مانگی مەی ١٩٩٧ بڕیارنامەی ٢/٥میلیارد دۆلاریان بۆ ناردنەدەری گاز لە گەڵ تورکییە ئیمزا کرد،لە ئاکامدا بە سنووردار کردنی دەسەڵات و حوکم و کارتێکەری هەر دوو گروپی کورد، یانی پارتی دێموکراتیکوردستان و یەکیەتی نیشتمای تەواو بوو، لە نیوەراستی مانگی مەی ١٩٩٧ وا بە نەزەر دەگەیی کە

تورکییە و ئێران سەبارەت بە بەستێنی کارتیکەری خۆیان لە باشووری ئێراق، بە لێک تیگەیشتنێکی مام ناوەندی گەیوون: تورکییە هافاڵبەندی پارتی دێموکراتی کوردستان و، ئێران یەکگرتوو یەکدەنگی یەکیەتی نشتمانی کوردستان بوو. لە ماوەی شەڕ لە نێوان دوو گروپی کورد (پارتی دێموکراتی کوردستان وپ.ک.ک.) و لە دوایی هێرشی تورکییە لە بەهارو هاوینی ١٩٩٧،پارتی دێموکراتی کوردستان لە رەخ تورکەکان شەڕی کرد.

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان سەرەتا لە شەڕ لەگەڵ پ.ک.ک. ڕازی نەبوو،بەڵام دوایی لە گەڵ وی واردی شەڕ بوو: ئەم دوو گروپە(یەکیەتی نشتمانی و پ.ک.ک.) هەر دوو لە لایەن ئێران داکۆکیان لێدەکرا. دوور نییە کە ئەم ڕیککەوتنەی مام ناوەندی لە نێوان ئانکاڕاو تاران بتوانێ سنووردارکردنێک لە سەر ئامانجەکانی زۆرتر خوازانەی هەر دوو گروپی مەزنی کورد (باشووری ئێراق) بەڕیوەبەرێ. ئەم بارودۆخ و چلۆنایەتیەکە، کە دەتوانی ئاریکاریدەر بێت بۆ وەی کە بەغدا بە شیوەکی قایم و توندو تیژتر داواکاری گەڕانەوەی مافی خۆی لە مەڕ باشووری ئێراق بێت. بەلام ئەگەر ئێراق بیهەوێ دەسەڵاتی زۆرتر لە داوڕۆژ دا بەسەر باشووری ئێراق نیشان بدا، دەبێ لە مەڕ چوونە پێشی ئەمر لە گەڵ تاران و ئانکارا وتوویژ بکات- وئەمە خۆی ئارووشەیەکی دیکە لە پەیوەند لە گەڵ خەرێک بوون بومەسەلەی کورد وڵاتانی نادەرگیریش تووشی ماجەڕا دەکات.

لە ئاخری ئەم نامیلکەدا تێدەکۆشین نیشان بدەین کە پاش شەڕی ١٩٩١ی کەنداوی فارس، نە تورکییە و نە ئێران هیچ کام ئیجازەیان نەدا کە مەسەلەی کورد لە تەواوی بەرچاو

بــــــوون و خویــــــــاکردنی ئەو قـــــــازانج و پەیوەنــــــــدیانەی کە لە ســـــەرەوە باســـــمان لێکـــــردن تووشــــــی مەترســــــی بکـــــات. ئەو لەت بـــــوونەی کە لە ڕابیـــــــتەی نێــــوان دوو وڵات ســــــەری هەڵــــــدا، لە جــــــودایەزی و دژایەتــــــی کـــــردن پەیوەنــــــد بە مەســــــەلەی کــــورد نەبــــووە بەڵکـــــوو-ســـــەرهەڵداو لە داکـــــویەک بـــــوو کە تورکەکـــــان داواکـــــار بــــوون، ئێـــــران لە ئیســــــلامیەکانی تـــــورکییە،بە تـــــایبەت لە (حیزبــــــی رفـــــاه) دەکـــــات، کە لە ئاکامــــــدا ئەو دوو وڵات بـــــاڵوێزی و ئەندامانی وفدەی سیاسی یەکتریان لە وڵات دەر کردن.

پاژی ٤

## مەسەلەی کورد لە دوای شەڕی کەنداوی فارس

ئارووشــــــــــەی ســـــــــــەرجەم و تەواو کە لە پەیوەنــــــــــــدی لە گەڵ مەســــــەلەی کـــــورد لە نێــــوان ئانکـــــاڕاو تـــــاران ســــــەری هەڵــــدا، ئاکــــامی عەمەلیـــــــاتی نیزامـــــــــی تـــــــــورکییە لە ســـــــــاڵەکانی ١٩٩٢ و١٩٩٥ و ١٩٩٧ لە باشــــــووری ئێـــــراق بــــــوو. ئەژمـــــاری ئەو هێـــــزانەی کە لەم هێرشـــــــــەدا بەشــــــــداریان کـــــــرد لە ١٠٠٠٠کەس لە ســـــــاڵی ١٩٩٢ بە٥٠٠٠٠ هەتـــــــا ٦٠٠٠٠ کەس لە ١٩٩٧ زێــــــدەی کــــــرد. پەرســـــــفی ئێـــــران بە هێرشــــــی ســـــاڵی ١٩٩٢ بێــــــدەنگی بــــــوو،بەڵام تــــــاران لە ئاکـــــــامی یەکییەتـــــــی تـــــــورکییە لە گەڵ هێزەکـــــــانی زلهیـــــــز بە ڕێــــــبەری ئامریکـــــا لە شــــــەڕی کەنــــــداوی فـــــارس لە نییەتــــــی تـــــــورکییەی وەشـــــــک کەوتبــــــوو. بەڵام هەر دوو وڵات لەم بـــــــارەوە لە مــــــپەر بــــــن کە لێمشــــــتی گەورە لە کوردەکــــــان بـــــۆ ســــــنوورەکانی وان ســـــەراوژێر نەبێـــــت و دزە نەکـــــات هاوئاقیـــــدەو یەک هەســــــت و ئیحســـــاس و بیـــــرو بۆچـــــوون بــــــوون. ئەممـــــا هـــــیچ کـــــام لەو دوو وڵاتە نەیدەویســـــــت کە کوردەکـــــــان هەتــــــا ئەو ڕادەیە کزوبێهێــــــز بـــــن کە

سەدام حوسین بتوانێ ئەوان بۆ مەبەستی خۆی چزوو پێوە بکات.

ئێران حەزی نەدەکرد بارزانی یان تاڵەبانی هێزەکانی خۆیان بە هاوبەشی شیعەکان لە شۆرش، لە دوایی شەڕ بە کار بەرن. تاران هەر والە حەزی دەکرد کە کوردەکان ئەوی لە دەرکردنی مەجاهید خەلق لە بنکەکانیان لە ئێراق ئاریکاری بکەن. ئانکارا وەکوو هەمیشە دەیەویست پێشگیری لەمە بکات کە بارو دۆخی کوردەکانی ئێراق لە کوردەکانی تورکییە کارتێکەر نەبێت. بەم هۆیەوە ئانکارا لە فکری بەوجود هێنانی ناوچەیەکی ئارام و ئەمین بە ڕەواڵەت بەر لەوی بە هۆی "جان میجر" سەرۆک وەزیرانی بریتانیای مەزن پرێسکەی بکرێتەوە، سەرەتا لە لایەن" تورگوت اوزل" سەرۆک وەزیرانی تورکییە بوخچەی کراوە.

ئێرانییەکان ئەوەندە بە(ناوچەی ئەمن) خۆشبین نەبوون،دژی کار ڕاپەڕاندنی هێزەکانی نیزامی و(عەمەلیاتی تامین ڕفاە)ی بوون، کە لە گەڵ وی کەوتبوو. تاران جگە لە هێز تێخزاندن لە ولاتانی عەرەبی لێواری کەنداوی فارس(عەمەلیاتی تامین رفاە)ی وەسیلەیەکی دیکە بۆ هاتنی ئامریکا بۆ ناوچە دەزانی. (عەمەلیات تامین رفاە)ناوچەیەکی یاساخ پێدا هەڵفرینی فرۆکە، لە باشووری ئیراق بە گەڕانگەی ٣٦ پلە بۆ فرۆکەکانی ئێراقی پێشبینی دەکرد. ئێران لە حەینی حاڵدا لەمە ترسی ڕێنیشتبوو کە ئەم (ناوچە ئەمن)بەپاراستنێک بۆ گروپەکانی دژی حکوومەت،بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،کەلکی لێوەردەگرێ. ئێرانییەکان وایان فکر لێدەکردەوە کە ئامریکایەکان لە دەست درێژی بە خاکی ئێران لەو سەرزە مینانەی هەڵکەوتوو لە باشووری ئێراق لە

گەڕانگەی ٣٦ پلە داکۆکی بکەن. لە ئاکامدا لە تەواوی وەرزەکانی بەهارو هاوینی ساڵی ١٩٩٣ ئێران بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیرانی لەناو( ناوچەی پەرواز ممنوع) بومباردومان کرد. ئەو جار تاران لەو نێوە دا لە پروپاگەندەی حیزبی دێموکراتی کوردستای ئێران بە توندی ناراحەت بوو کە دەیگوت سیاسەتی ئانکارا سەبارەت بە کوردەکانی خۆی زۆر باشتر لە سیاسەتی تاران سەبارەت بەکوردەکای ئێرانە- کە هەڵبەتە بە لێڕوانین لە سیاسەتەکانی پاکسازی قەومی کە تورکەکان دژی کوردەکان بەڕیوەیان برد بوو، ئەم هەڵسەنگانە هەڵسەنگانێکی بێ ناوڕۆک وپوچ و بێمانای دەنواند. لە ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٥ ئانکارا بەرەواڵەت حازر بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ئەستوندەک بۆ ڤەگەڕانی ئێران لە داکۆکی پ.ک.ک.،لە کار برێ. ڕابردوو بەڵگەو دیکۆمەند بەیانگەر لەمە دەکەن کە یارمەتییەکانی ئێران بە پ.ک.ک.ش لە باشووری ئیراق و هەروا ئۆردوگای باشوور ی ئێران زۆر زیدەتر لە یارمەتی تورکییە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانێ ئێران بووە.

تاران هەتا ئەو جێگایە کە یارمەتی بە: پ.ک.ک. دەکرد ئاتاجی بە هۆکارێک بوو کە لە سەر بناخەی وی بتوانێت داکۆکی خۆی بە پ.ک.ک. بە شێوەیەکی بەر ئاقلانە حاشا لێبکات، هەتا ئانکارا ناچار نەبێت پشتیوانییەکای زیدەتری خۆی لە بەردەستی گروپەکای ئێرانی دژی حکوومەت، بە تایبەت (مجاهدین خلق) چ لە تورکییە چ لە ئێراق بنێت.لە ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٨ی هەر دوو وڵات بە قازانجی خۆیان زانی کە مەسەلەی دەرەوەی سنووری کورد لە باشووری ئێراق بە شێوەیەکی بەڕێوە بەرن کە لە ئاسەواری وی لە کوردەکانی خۆیان کەم بکەنەوە،و ئێران لە عەینی حاڵدا دەیەویست

ئەوها کار بکات کە گروپەکانی دژکاری حکوومەت لە کاری بەکردەوە دژی وی بگێڕێتەوە. "نادر ئینتسار" بیروبۆچووی وایە کە دەنگدانی مەی ١٩٩٢ بە مەبەستی هەڵبژاردنی دەوڵەتی ناوچەیی لە باشووری ئێراق و ویچوون وئیمکانی ئەمە کە لەم هەڵبژاردنە لە دوارۆژ دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەر وەدەر بخات ودوو وڵاتی ئێران و تورکییەی "لە عەینی حاڵدا کە هەر یەک بە شک و گومانی زۆرتر لە مەڕ ئامانجی ئاخری دیکە لە پەیوەند لە گەڵ دەوڵەتیکی گونجاوی دوارۆژ دەڕوانی،ناچاری بە هاوکاری لە گەڵ یەکتر کردن."

## قەرار دادنامەکانی تورکییەو ئێران بۆ پێشگیری لە *سەر هەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی*

لەگەڵ ئەوەش کە چ ئانکارا و چ ئێران بە داکۆکی ئامریکا و ئوروپا لە پشتیوانی "موجودیتی" خودموختاری لە باشووری ئێراق ڕەزامەندیان دەربڕیبوو،هەردوو پایتەخت لەم بارەوە یەک بۆچوونیان هەبوو، ئەویش ئەمە بوو: کە بە قازانجی ئەوان نییە کە وڵاتێکی سەر بەخۆی کورد لەم "موجودیت" بە ئاکام بگات. لە ١٩٩٣ بەم لاوە هەم تورکەکان و هەم ئێرانییەکان ،هەر دوو( بەهەڵاواردنی سوورییە، کە چاوپۆشی لە ئێراق وڵاتێکی دیکە بوو، کە نەدەویست وڵاتێکی کوردی لە باشووری ئێراق ببینێت).

بۆ پێشگرتن لە قەومانی ڕوداوێک زنجیرەیەک قەراردادنامە ئیمزا کران. بۆ تاران ڕاکێشانی سوورییە بۆ لکان بەم قەراردادنامانەی هێمنایەتی، عەمرێکی سەهل وسادە بوو،چونکە لە ساڵەکانی دەیەی هەشتا بەم لاوە زنجیرەیەک

موافیقەتنامەو بڕیارنامە لە بەستێنی جۆراوجۆر لە گەڵ ئەویانی ئیمزا کرد بوو. بە پێچەوانەی دووبەرەکی وکێشەیەکی گرنگ کە لە نیوان ئانکاراو دێمشق لە سەر لایەنی جۆراجوری مەسەلەی کورد و دابەشکردنی "ئاوی فەڕات" لە گۆڕێ بوو، ئەم دوو وڵاتە بۆ پێش گرتن لە سەر هەڵدانی وڵاتێکی کوردی لە باشووری ئێراق- کە هەر سێ وڵات پێیان وابوو کە ئەمە شتێکە کە ئامریکا و ئوروپا خوازیاری ئەون- دەستی هاوکاریان وێکتری دا.

لە دوایی هێرشی تورکییە لە باشووری ئێراق لە مارسی ١٩٩٢ ئانکاڕا و تاران بۆ بەرەبەست لە پەیدا بوونی وڵاتیکی کورد لە باشووری ئێراق و سنووردار کردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئوروپا،کە هەڕەشەیەک بۆ سێ رژیم بوو،لە گەڵ دێمشق واردی زنجیرەیەک قەراردادنامەی هیمنایەتی بوو، و بە پێی ئەم مل پێوەنانەی هیمنایەتی ئارام وئاشتی عوهدە داربوون کە هەر شەش هەیڤ جارێک لە ڕێزی وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵات کۆببنەوە- لەم مابەینەدا دانشتنێک بە بەشداری کارگێڕانی پلە نزم پێکدەهات. یەکەمین قەراردادنامەی لەم شیوە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ لە ٣٠ی نوامبەری ١٩٩٣ لە ئانکارا بە ئیمزا گەیی. ئەم بڕیارنامەیە بڕیاری دەدا هیچ کام لە وڵاتانی ئیمزا کەر، بوونی سازمانەکانی تروریستی بۆ وڵاتی خۆیان ئیجازە نەدەن(مەبەست لە سازمانی تروریستی پ.ک.ک. بوو) غولامحوسین بلندیان، ئاندامی وفدەی نوێنەرایەتی ئێران و نوێنەری موختاری سەر کۆمار ڕەفسنجانی بەیانی کرد کە ئێران کاری خۆی دژی پ.ک.ک. بە کردەوە ئەنجام دەدات. ڕۆژنامەی (محافظەکار صباح) لە ژمارەی ڕیکەوت ٧دسامبر ١٩٩٣ ی خۆی بە خەتێکی درشت نووسی: " ئێران بۆ کوشتنی

ئەندامانی پ.ک.ک." بە پێی ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامەی بلندیان (بە سنوورانانی خۆی) دەستوور داوە تەقە لە پ.ک.ک.بکەن،چاوپۆشی لەمە کە ئینیفورمی پ.ک.ک.یان لە بەربێت، یان قاچاخچی بن. وتاری ئەو ڕۆژنامەیە بەم ڕستەیە کۆتایی دێ: "لە کۆتایی حەوتەمین دانیشتنی(هێمنایەتی) وفدەکانی ئێرانی و تورکییە، قەراردادنامەکانیان لە بەستێنی هەنگاو هەڵێنان دژی تروریسم ئیمزا کرد"

لە ٤ی مەی ١٩٩٤ "ناهید منتشە" وەزیری وڵاتی تورکییە ڕایگەیاند کە ئێران ٢٨ کەس لە ئەندامانی پ.ک.ک.ی تەحویلی تورکییە داوە، لەو گروپە دە کەس زیندوو بوونە. لە ١٣ی ژوئن ئانکارا لە "محەممەد بەشارەتی" وەزیری وڵاتی ئێران داوا کرد بە تورکییە ئیجازە بدات بنکەکانی پ.ک.ک. لە ناوچەکانی دەوروپشت ئاگریداغ،(ئارارات) و چیای "تندورک(ئاراراتی بچوک) کە هەم لە ناو ئێران و هەم لە ناوچەکانی وێ، بۆمباران بکات. ئەمە هەمان ناوچەیە کە لە ١٩٢٧ هەتا ١٩٣٠ ئولکەی گەلێک شەڕو پێکدادان بوو. لە١٤ی ژوئن "سەر کۆمار سولیمان دمیرال" لە کاتی کەلک وەرگرتن لە وچانی هاوینی لە شوێنی دانیشتنی خۆی ڕایگەیاند کە ئانکارا و تاران لە سەر ئەمە پێکهاتوون کە دژی پ.ک.ک. لەگەڵ یەکتری هاوکاری بکەن،و چاپەمەنیەکانی تورک لە ١٦ی ژوئن ڕایان گەیاند کە ئێران بە تورکییەی ئیجازە داوە بنکەکانی وی لە ناوخاکی ئێران بۆمباردومان بکات. ئەم داخۆیانە ئاخناوی سێ خاڵی گرینگ بوو کە لە سەر ئەوان ڕەزامەندی دەربڕابوو : ١-لە وارد بوونی ئەندامانی پ.ک.ک. لە باشووری ئێراق بۆ ناو خاکی ئێران پێشگیری بکرێت.٢- لە هاتوو چۆی ئەندامانی پ.ک.ک. ڕۆیین بۆ ئەرمەنستان ولە وێ

را بۆ ڕووسیە پێشیان پێبگیرێت. ٣- بە تورکییە ئیجازە دەدرێ ڕێگاکانی کە کەلووپەل ڕاگویزتنی پ.ک.ک. کە متمانپیدەری تەدارەکاتی ئوردوگانی هەڵکەوتوو لە ئێران بە مەبەستی هێرش بۆ سەر خاکی تورکییە کەلکیان لێ وەربگیرێ و لە خاکی ئێران دا بۆمباردومان بکات. "بشاڕەتی" لە کۆنفرانسی چەپەمەنیەکانی خۆی فەرمی نەیسەلماند کە ئێران بە تورکییەی ئیجازە دەدات کە بنکەکانی پ.ک.ک. لە خاکی ئێران بۆمباردومان کات. بەڵام گوتی کە ئێران بە هەر شێوەیەک لە بەربەرەکانی لەگەڵ"دوژمنانی هاوبەش" هاوکاری دەکات. لە بەرابەر ئانکارا ڕایگەیاند کە "دژی مجاهدخلق" کە بنکەکانیان لە تورکییەیە هەنگاو هەڵدێنێت. منتشە ڕایگەیاند کە تورکییە بە هیچ گروپێکی ئیجازە نادات لە خاکی وی دەست لە وڵاتی ئیران بوەشێندرێ. هەتا ١-ی سیپتامبەر ١٩٩٤ نزیکەی دە دانیشتنی هێمنایەتی بە بەشداری کارگێڕانی پلە بەرزی دوو وڵات بەڕیوەچوو بوو. باسی گرنگ لە هەموو دانیشتیەکان بەڕەواڵەت چەند پات کردنەوەی چاوەدیری لە سەر خەباتی ئەو گروپانە بوو کە بە بۆچووی بەشدارکەران،هێزەکای حکوومەتەکانی ئەوانی هەڕەشە لێدەکرد.

لە چاوپێکەوتنوو وتوویژی سەرکۆمار دەمیراڵ و سەرکۆمار ڕەفسەنجانی کە لە ڕۆژەکانی ١٥ و١٧ی ژوئیەی ١٩٩٤ لە تاران سەر ی گرێت، دڵەخورپەی مەزنی ئەو دوو وڵاتە لە دەوروپشتی مەسەلەی کورد دەخولاوە. ئەمە یەکەمین چاو پێکەوتنی سەرکۆماری تورکییە لە ئێران لە ماوەی دەیەکانی دوورو درێژ بوو، و بە شێوەیەکی گەورە لە مەترسییەک

دەئاخافت کە لە لایەن کوردەکان ڕووی لەو دوو وڵاتە بوو. هاشمی ڕەفسەنجانی لە وتووێژەکانی بەر لەو چاوپێکەوتنە متمانەی دەدا کە ئێران لە پەرەچەنگ لە گەل پ.ک.ک.بە تەوای هاوکاری تورکییە دەکات،وگوتی: کە بە وجود هاتنی وڵاتێکی کوردی" عەمرێکی هەیهاتە" هەر چەند ڕەفسەنجانی بە تایبەت لە سەر ئەو داوایە لاقی قرساند کە کۆماری ئیسلامی ئێران مەسەلەی کوردەکانی خۆی بەرابەری"روحی ئیسلام" یەکلا کردوە، ئەم قسە بەڕەواڵەت لە ڕاستای ڕەزامەندی لەگەڵ "حیزبی ڕەفا" لە تورکییە بوو، کە لە هێڵی دژکاری حیزبی"ڕێگای حەقیقەت" بوو. چاو پێکەوتنی دمیراڵ – ڕەفسەنجانی لە چاپەمەنیەکانی هەر دوو وڵات زۆر بە تام و خوێ بوو،بەڵام داوینی کار تێکەری وی بە هۆی هەراو هوریایەک کەلە دوروپشتی سامانی کەسینی خاتوون چیللر و شووەکەی وەڕی کەوتبوو سنووردار بوو. ئەو ژن ومێردە تۆمەتبار بوون بەمە کەر چوار میلیون دۆلاریان لە (خانووبەرە کڕی و دووکان کڕی و ساختومانکڕی)لە ئامریکا پووڵ تێڕشتووەو سەرمایەداناوە. لە ماوەی چاوپێکەوتنی سەرکۆمار دەمیراڵ لە تاران "حیکمەت چیتن" وەزیر دەرەوەی تورکیە، ناچار بە وازهێنان و دەست لە کار کیشانەوە بوو. هەر چەند کە دەلیل و هۆکاری مەجبووری چیتین بە وازهێنان هێشتا بە شیوەیکی دورست و کامل ڕوون نییە بەڵام دوور نییە شیوە گەپچانی لە گەڵ مەسەلەی کورد و ئارووشەی کوردەکانی تورکییە و ئاشکراکردنی زۆری وی، ڕۆڵی لەم دەست لە کارکێشانەوەی زۆرەملی هەبووبێت. "چیتن" بە ڕەگەزە کوردە و بە بۆچوونی هێزەکانی چەکداری تورکییە لە گەپچان لە گەل مەسەلەی کورد نەرمی دەنواند. "ناهید منتشە" وەزیری وڵاتی تورکییە،ڕایگەیاند کە ئەو دڵنیایە کە

رێککەوتنەکانی هێمنایەتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە،هەروا ئەو موافیقەتنامانەی کە لە گەل سوورییە ئیمزاو واژو کراوە،هۆی گرتنی ئوجەلان ڕێبەری پ.ک.ک. پێکدێنێت، ئەویش وەکوو کارلوس ناودیر بەاشغال کە چەند پێشتر زیندانی کرا" ناتوانێت بۆ دائیم لە دەستی عەدالەت خۆی دەربازکات"

هاتووچۆی تورکییەو ئێران لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ هەنگاوی بەرەو باشی هەڵگرت. زورتری ئەو باشییە سەر هەڵداو لە بەشدار بوونی ئێران لە "کسنرسیومی" پێکهاتوو لە کۆمپانیەکانی نیو نەتەوەیی بە هۆی دورست کردنی خەتی لوولەی گازی بوو، کە لە تورکمانستان بە تورکییە دەلکا- کە پشتر باسمان لێکرد. دەستووجێ لە دوای سەرەتای وتوویژ سەبارەت بە درستکردنی خەتی لولە، ئێران دەستی بە دانەوەی ٢٠٠میلیون دولار کرد کە بە دەرکردەکان (صادرکنندگان)ی تورکییە قەرزدار بوو.

بەربەست و تەگەرە تێهاویشتن لە سەر هەڵدان و بوونی وڵاتێکی کوردی لە باشووری ئێراق دیسان مەبەست و بابەتی بنەڕەتی و مەزن و باس وخواس و وتوویژی حەوتەمین دانیشتنی سێ قۆڵی شالیارانی دەرەوەی تورکییەو ئێران و سوورییە بوو. ئەم دانیشتنە لە ٨ سپتامبری ١٩٩٥لە تاران بەڕیوەچوو. ویەکەمین دانیشتنی وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵات لە دوایی هێرشی پان و بەر بڵاوی تورکییە بۆ سەرباشووری ئێراق لە بەهاری ئەو ساڵی دابوو. تاران و دێمشق ئەم دەستدرێژیەیان وەکوو خەوشەدارکردنی سەر جەمی ئێراق و بە ناوی کردەوەیەک کە هەڕەشە لە تەواوەتی وڵاتی ئێراق بکات و بەرەو دابەشکردن و لە بەریەک هەڵوەشانی بەریت،

مەحکوم و ئیدانە کرد. سوورییەو ئێران بە پێچەوانەی هێرشی زوانی کە چەند مانگ پێش لە وی سەبارەت بە تورکییە کردبوویان بەڕەواڵەت حەزیان لە وتووێژ لە گەڵ وڵاتی ناوبراو بوو. سی وەزیری دەرەوە داخۆیانی پێشووی خۆیان جاریکی تر سەلماندو لاق لە سەر قرساند،پێویژ(مشعر) لە مەڕ ئەمە کە: ١-دژ بە دابەشبوونی وڵاتی ئێراقن.٢-دژ بە تروریستن. (لە کەسینی یان سازمانێکی تایبەت ناو نەبردرا) ٣-هەر سێ وەزیر لە بابەت کەڵەکەی چەک لە باشووری ئێراق نیگەرانن.

چاخێک مورتەزا محەممەد خان، وەزیری کاروباری ئابووری و دارایی ئێران لە٧ی نوامبری ١٩٩٥ لە ئانکارا لە گەل دەمیراڵ چاوپێکەوتنی کرد دەمیراڵ گوتی کە ئەو لە گەڵ ئەو بڕیارانەی کە لە حەوتەمین دانیشتنی سێ قۆڵی و ئەوگرێبەست وبڕیاری لە تاران گیراوە بە تەواوی موافیقە. ئەو گوتی:" وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە بیروبۆچوونیان دابوو وڵاتی کوردی بە یارمەتی جیاوازی خوازان بەوجوود بێنن." و دووپاتی کردەوە کە تورکییە و ئێران بەربەرەکانیان پێکەوە هەبوو. محەممەدخان لە پەرسف بە پێویستی هاوکاری ئابووری زۆرتر لە نێوان دوو وڵات لاقی قرساند. "انووریمن" جێگری شالیاری دەرەوەی تورکییە ،لە یەکەمی دسامبر سەردانی ئیرانی کرد ولەگەڵ سەرکۆمار ڕەفسنجانی وتووێژی کرد. لە ماوەی ئەم وتووێژە سەرکۆمار ڕەفسنجانی بە پەیوەندی جوان و تەکۆزی نێوان تاران و ئانکارای ئاماژە کرد،بەڵام ئەویش بە ئیلاقەی خۆی سەبارەت بە هاوکاری ئابووری زۆرتری سەلماند.

موافیقەتنامەکانی ئاسایش نێوان تورکییەو ئێران لە دوای شەڕی کەنداوی فارس هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ ،لە چەند لاوە گرینگن: ١-لە هەڕەشەی نەتەوەخوازی کورد بۆ هەر دوو ،تایبەت پ.ک.ک. بۆ تورکییە حیکایەتیان دەکرد،٢-ئاگادارکەرەوی ئەمە بوون کە ئانکاراو تاران زێدە لە وەی کە ڕۆژ ئاوا لێکیدەداوە سەبارەت بە سیاسەتەکانی دواڕۆژی خۆی لە قەفقاز،بە تایبەت لە پەیوەند لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ئارووشەی "ناگورنو قەرەباغ" و،لە کۆتاییدا، بوونی زۆرتری رووسیە لە ناوچە حازر بە هاوکارین،٣-باسیان لەمە دەکرد کە دوو وڵات ئێران و تورکییە حازرن لە سیاسەتەکانی خۆیان سەبارەت بە وڵاتانی ئاسیای ناوەندی زۆرتر هاوکاری بکەن، و٤-لە مەڕ ئەوجەبوونی تورکییە بە هاوکاری لە گەڵ ئێران لە بەربەست لە سەر هەڵدانی وڵاتی کوردی لە باشووری ئێراق دیاری دەدا،کە خەنجەرێک بوو کە بەرۆکی هەر دوو وڵاتی نیشانە گرتبوو،و ژانەسەرووژئو پۆلیتێک و ژئو استراتژیکی بۆ هەر دوو وڵات پێکدەهێنا.

لە شەڕی کەنداوی فارس هەتا کۆتای ساڵی ١٩٩٥ ئاشنایەتی وعەیلاقەی ئێران وتورکییە لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەی کورد گەڵێک شەپۆلی بە گوڕی لە سەر تێپەڕاند. بە پێچەوانەی نیشانەکانی هاوکاری کە لە ماوەی دانیشتەکانی سێ قۆڵی سەری هەڵدا، پەیدا بوونی مەڵبەندەکانی لە دەرەوەی سێرە چاوەدێریدەوڵەتی ئێراق لە باشوور، هۆکاری ڕەکەبەری مابەینی ئانکاراو تاران بۆ وەدەست هێنانی بەستینێکی کار تێکەری زۆرتر لەم ناوچانە بوو، ئاڕووشەی حەسڵی ئەمەیە کە خەتی دواین لە بەستێنی کارتێکەری لە کوێ دەبێ بکێڕێت، ئەم ئارووشە لە ساڵەکای ١٩٩٤ و١٩٩٥ دووپات بۆوە وئەو کاتێک بوو کە دوو گروپی نەتەوەخوازی

گەورەی کورد، یانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکییەتی نیشتمانی کوردستان لە ئاکامی کێشمەکێشمی خۆیان لە تورکییەو ئێران نزیک تر بوون.

نموونە بە وجود هێنانی بەستێنەکان و کارتێکەری لە کوردستانی ئێراق موافیقەتنامەیەک بوو کە: بە پێی ڕاپۆرتەکانی نێوان جەلال تاڵەبانی و دەوڵەتی ئێران ئیمزا کرا، کە بە هۆی وی تاڵەبانی حزووری سێ هەتا پێنج هەزار کەس لە واحدەکانی پێکهاتوو لە شیعەکان، کە پێشتر لە ئێراق پەروازە ببوون و هەنووکە لە ژێر حوکمی ئایەتوڵلا باقر حەکیم،ئاندامی پارلەمانی ئەعلای ئیسلامی ئێراق گیرسابوونەوە، لە باشووری ئێراق ئیجازەدا.

تاڵەبانی ڕایگەیاند کە ئەم هێزە لە عەمەلیاتی هاوبەش لە گەڵ پێشمەرگەکان دژی سەدام حوسێن کەلکیان لێوەردەگیرێ. "سەفین دزەیی" نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان لە ئانکارا لاقی لە سەر قرساند کە پارتی دێموکراتی کوردستان پەیوەندی لە گەڵ جێگر بوونی ئەم هێزە نییە و ئەم عەمرە بە تەواوی بڕیاری کەسینی تاڵەبانی بووە، ئەمەی لێ زێدە کرد کە پارتی دێموکراتی کوردستان ئەو جەرەیانەی کە لە ناوچە لە ژێر حوکمی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان تێپەر دەبێ بە وردی لە بیژینگ وەرد ددات(ئەم ناوچەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ دەبەرگرتووی نیوە لە خاکی باشووری کوردستای ئێراق و ٧٠ لە سەتی دانیشتوانی وی بوو). دزەیی زێدەی کرد وگوتی: هێزێکی ئەوها لە باشووری ئێراق دەبێ لە سەر بناخەی بڕیاری(کۆنگرەی نەتەوەیی ئێراق)بوایە، نەک راستەو خۆ لە سەر بڕیاری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ئاکام وەرگرتبوایە. بڕیاری تاڵەبانی بە جێگربوونی ئەو

هێزانەی کە لە ژێر فەرمانی ئێرانییەکان بوو ڕەواڵەت دەبوایە بە مەبەستی لاق قرسان لە سەر ناڕازی بوونی وی سەبارەت بە بەشێکی کەم بووبێت کە لە شوێنی باج، لە(وسایط نقلیە)وەردەگیرێ: ئەم باجە لە خاپۆر لەو کامیۆنانە وەردەگیرا کە لە نێوان تورکییەو ئێراق لە هاتووچۆ دابوون وخواردەمەنیان دەهێناو نەوتیان دەبرد،ورۆژانە نزیکەی ٢٠٠٠٠٠هەتا ٣٠٠٠٠٠ دۆلاردەبوو،کوێرەڕێی "خاپۆر" لە مابەینی تورکیەو ئێراق ولە ناوچەیەکی ژێر چاوەدیری پارتی دێموکراتی کوردستان هەڵکەوتبووە کە ئێستا یەکگرتووی نزیکی ئانکاڕایە. چاخێک پارتی دێموکراتی کوردستان لەمەڕ ئابووری زۆرتر وابەستە بە تورکییە بوو، یەکیەتی نێشتمانی کوردستانیش ناچاربوو لە بابەت ئابووری سنوورەکانی خۆی بەڕووی کەلووپەلی ئێرانی هاوەلا کاتەوە،ویەکێک لە داواکانی ئێران لەم بەستێنە، حزووری زۆرتر لە باشووری ئێراق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تورکییە بوو. هەتا ١٩٩٥ هەر یەک لە دوو سازمانی کورد بەنایب ونوێنەری هاوسێی گەورەی خۆیان گۆڕدران.

ئازیز قادر،رێبەری ٢٥٠٠٠٠تورکمانی ((ئەو ژمارەیە بە تەواوی درۆیە. کێ سەرژمێری کردوە !! ئەمە قسەی تورکیە و چڵکاو خۆرەکانیەتی، تورکمان لەکەرکووک لەسەت هەزاریش کەمترە. وەرگێڕ)) باشووری ئێراق داواکار بوو کە مووچەی ئەم هێزەی شیعە جێگر وسەقامگیر لە باشووری ئێراق سەر جەمی ئێران دەیدات وتاڵەبانی لە ئاکامی نزیکی زۆرتر ی پارتی دێموکراتی کوردستان بە تورکییە مەجبوور بوو داوایەکی ئەوها لە ئێران بکات- ئەمە شتێک بوو کە تاران و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان یانی هەر دووک لە وی دەترسان. چاخێک پ.ک.ک. لە ئەوتی ١٩٩٥ بۆ سەر پارتی

دێمـــــوکراتی هجـــــووم بـــــرد و پـــــارتی دێمـــــوکراتی کوردســــتان ناچـــــاربوو بەرنامەکـــــای عەمەلیـــــاتی خـــــۆی دژی پ.ک.ک. لە گەڵ هێزەکـــــانی چەکـــــداری تـــــورکییە هاوئاهەنـــــگ بکـــــات ،دڵەخـــــۆرپەی یەکییەتـــــی نیشـــــتمانی کوردســــتان و ئێـــــران تونـــــدو تیژیەکـــــی زۆرتری بەخۆوەگرت.

جێگـــر بـــوونی هێزەکـــانی ژێـــر حـــوکم و چـــاوەدێری ئـــایەتووڵلایەکی ئێرانـــی لە بەســـتێنی یەکییەتـــی نیشـــتمانی لە باشـــووری ئێـــراق حیکـــایەتی لە بـــێ ئیعتوبـــاری تەوافیقنامەکـــان دەکـــرد کە لە کۆنفرانســـەکانی مانگەکـــانی ئەوت وســـپتامبر "درەیـــد"ی ئیرلنـــد وەدەســـت هـــاتبوو. ئاکـــامی گەورەی یەکەمـــین کـــونفرانس ئەمە بـــوو کە پ.ک.ک. ئەوی کـــردە دســـتگیرەی هێرشـــی خـــۆی بـــۆ ســـەر پـــارتی دێمـــوکراتی کوردســـتان. عەولا ئۆجەلان،مەســـعودبارزانی و پـــارتی دێمـــوکراتی کوردســـتانی بە نـــاوی "بـــووک بـــووکێنەی بـــی بـــی جـــان خـــانم"ی ئامریکـــا و تـــورکییە تـــاریف کـــرد. لەو نیـــوەدا ئـــۆجەلان بەڕەواڵەت بـــێ تـــاب بـــوو ودەیویســـت هەرچـــی خیراتـــر ڕادەی نـــــاڕەزایەتی کوردەکـــــانی بادینـــــانی،کە بەســـــتێنی بـــارزانیین،لە ئـــازموون بـــدات،و بزانـــێ ئـــاخۆ ئـــاوجۆرەی کە ئەو فکـــری لێکـــدەکات لەوی نـــاڕازین. یەکیەتـــی نیشـــتمانی کوردســـتانیش لە بازیـــک لایەنەکـــانی کـــونفڕانس"رویـــدا" نـــارازی بوو،چاخێـــــک لە ١٥ی ئەوت هێزەکـــــانی پ.ک.ک. پـــــارتی دێمـــوکراتی کوردســـتانیان خســـتە بەر هێرشـــی خۆیـــان، بـــۆ ئاریکـــاری وی نەچـــوو. لە کۆتـــایی ســـاڵی ١٩٩٥ کێشمەکێشـــمی مـــابەینی ئانکـــاڕا و تـــاران بەوجودهێنـــانی بارودۆخێـــک لە باشـــووری ئێـــراق ڕوویـــدابوو کە نـــاوچەی ژێرحـــوکمی پـــارتی دێمـــوکڕاتی کوردســـتانی لە مەڕ سیاســـی وئـــابووری بە بەســـتێی کـــارتێکەری تـــورکییە گۆڕیبـــوو- لەگەڵ هێـــرش وهجوومەکـــانی هەر چەنـــد جـــار هێزەکـــای چەکـــداری تـــورکییە و یەکگرتـــووی ئەو-

پارتی دێموکراتی کوردستان- بۆ پ.ک.ک. بەستێنی یەکیەتی نیشتمانی هەر چرکە زۆرتر لەمەڕ سیاسی وئابووری بە ئێران نزیکتر دەبوو. تورکییە بۆ پاراستنی هاواکاری ژئوپۆلیتێکی بەرفرەوانتر لەگەڵ ئێران، ناچار بوو تێشکانی کۆنفرانسی درویدای قەبووڵ کات(ئێران لەم کۆنفرانسانە لاتەرێک کرا بوو)وبە ئێران ئیجازە بدا بەستێنی کارتێکەری خۆی لە باشووری ئیراق بەرفرەوان بکات. بە قسەیەکی دیکە ئەوجە بوون بە ژئوپۆلیتێکی ئانکارا بە سنووردارکردنی داوینی کردەوەی هێزەکانی پ.ک.ک. وی مەجبور بەهاوکاری بە ئێران کرد و بەم شیوەیە بۆ تارانی کات ڕەخساند لە سیاسەتی(ئەوساری دوو لایەن)ئامریکا ڕەخنە بێنێتە دی. ئەمە نموونەیەکی باشە لە ئەوجە بوونەکانی ژئوپۆلیتێکی قودڕەتەکانی مام ناوەندی ناوچەیی – و لەو بابەتەی تایبەت بە تورکییە- لە هاو کاری لە گەڵ ڕەقیبی ناوچەیی و دژایەتی لە گەڵ سیاسەتەکانی ژئواستراتژیکی یەکگرتووی زلهێز، یانی"ئایالاتی یەکگرتوو ئامریکا". ئەوجەبوون بە شکانی یەکگرتووەکەنی لە گەل ئامریکا کار تێکەر لە مەترسی پ.ک.ک. و نەتەوە خوازی کورد بوو. لەم جەرەیانەدا ولاتێک کە دەیتوانێ لە ئەوسار کردنی پ.ک.ک. زۆرترین یارمەتی بە وی بکات، نەک ئامریکا،بڵکوو ئێران بوو.

## پاژی پێنج

### بزووتنەوەی ئیسلامی  لە تورکییەو مەسەلەی کورد:

یەکێک لە دەلیل و هۆکارەکان کە تورکییەی وا لێکرد بە"مەسەلەی کوردە"کانی خۆی خەرێک بێت و لە تداخول لە

ئارووشەی کوردەکانی ئێران و دنەو هاندانی ئازەریەکان خۆی دووره پەرێز ڕابگرێ،بزووتنەوەی ئیسلامی ناوەخۆ بوو، کە ڕۆژ بەڕۆژ وەکوو دار چرۆی دەر دەکرد. لە ١٩٩١ هێزەکانی چەکداری تورکییە دڵەخۆرپەیان سەبارەت بە هاوکاری ئیسلامییەکان وپ.ک.ک. بوو.

ئەم عەمرە بە نۆرەی خۆی سەر دەمێکی تەژی لە دڕدۆنگی لە پەیوەندیەکانی نێوان دوو وڵات کردەوە. یەکێک لە نموونەکانی ئەو دڕدۆنگییە مابەینی ئیسلامییەکان، یانی ئەو گروپانەی تورکی کە خوازیاری بوونی زۆرتری ئیسلام لە کۆمەڵگای تورک بەتایبەت لە قوتابخانەکانی تورکییە بوون، و داوایان دەکرد کە ئازادبن جل وبەرگی ئیسلامی بپۆشن،ژنەکانیان لچکە لە سەر بنێن و چارشیوو داوینی درێژ شاڵواری فشووفۆڵ لە بەر کەن و پیاوەکان ڕدین دابنێن و ئارەقچن لە سەر بنێن... لە ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٣ بەکوژرانی (اوگورمومجو) دەستی پێکرد،کە ڕۆژنامە وانێکی دەنگین ولێهاتوو لە لایەنگرانی چوار پەل قایم(پروپاقرص)ی جیایی دین لە سیاسەت بوو. ب بەمجۆرەی کە داوا دەکرا کوشتنەکەی کاری سازمانێکی ئیسلامی زاتدارو بیپەروا بوو،هەر چەند هەتا کۆتایی ١٩٩٧ بکوژ، یان بکوژان هێشتا ناس نەکرابوون. ئەم داوایە هۆکاری زنجیرەیەک خۆپێشاندانی لە لایەن گروپەکانی لایەنگری جیایی دین لە سیاسەت لێکەوتەوە. لە دوایی مەرگی "مومجو" ئەو گروپانەی لایەنگری جیایی دین لە سیاسەت جارو بار شەوانە لە دوری یەکتر کۆ دەبوونەوەو شەمیان دادەگیرساند، و دەکوژاندەوە، دەیانگوت: " چرکەیەک تاریکی بۆ ڕووناکایی بەردەوام."

لە تازیەداری و کفن و دفن و بە خاک ئەسپاردنی"مومجو" ناڕازیان هاواریان دەکرد: " تورکییە نابێتە ئێران" "دەستی مەلاکان کورت." و" بمرێ شەریعەت" تورکەکان دەستی ئێرانیان لە گەڵ ئەو کوشتنە بە تەواوی ڕەت نەکردەوە،بەڵام سەرکۆمار دەمیرڕاڵ گوتی: " ئیمە دەبێ زۆرمان ئاگا لە خۆبێت و بەر لە وەی کە قامکی تۆمەت بۆ لای ئێران نیشانە بگرین، ئاگاداریەکی وردمان لەم بارەوە هەبێت." قسەکەری باڵویزخانەی ئێران دەست و جێ بوونی هەر جۆرە پەیوەندی ئێرانی لە گەڵ ئەم کوشتنە وەدرۆ خست،بەڵام ئەندامانی "مجاهدخلق" کە بنکەیان لە تورکییە بوو رایانگەیاند کە دوور نییە ئێران لەم مرۆڤ کوشتنەدا دەستی هەبێت،چونکە تەنیا هەر لە تورکییە ئەنجامدەری ٥٠ فقرە قەتڵ بووە، ئیدی چاوپۆشی لە شوێنەکانی دیکە، بە تایبەت لە ئوروپا جێبەجێکەری بووە، هەر وا ئێرانیان تۆمەتبار کرد بەمە کە ئیران تیرۆری عەبدولڕحمان قاسملوو،ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ١٩٨٩ لە وێن وهەروا جێگری وی، سادق شەرەفکەندی(لە ١٩٩٢ لە برلین)بەڕیوە بردوە. ترسی ئانکارا لە بزووتنەوەی ئیسلامی کاتێک زێدەی کرد کە حیزبی ئالاهەڵگری بزووتنەوە،یانی" حیزبی رفاه" لە دەنگدانی ١٩٩٤ شارەوانیەکانی بە هیزەکای خۆی زێدە کرد و زوربەی شارەوانی شارەکانی گەورە، یەک لە وان ئانکارا و ئاستانبۆڵی بەردەست خراوکرد.

لە فۆرییەی ١٩٩٣،چەند حەوتوو دوایی کوشتنی"مومجو" پەیوەندی مابەینی دوو وڵات تووشی یکی دیکە لە داکەفتنێکی توند بوو،ئەو کاتێک بوو کە پۆلیسی تورکییە نۆزدە کەس لە ئیسلامییەکانی توندو تیژی تورکی دەست بەسەرکرد کە پاسپۆرتەکانیان نیشانی دەدا چەندین جار بۆ

تاران چوونە،و لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠بەم لاوە لە گەڵ هێزەکانی ئیستخباراتی ئێران پەیوەندیان هەبووە. لە ماوەی ئەو مانگی جەندەکی یەکێک لە ئەندامانی "مجاهدخلق" دۆزرایەوە،ئەو نیشانانەی کە وەدەست هاتن، حیکایەتیان لەمە دەکرد کە ئەو کابرایەیان لە دوایی ڕفاندن لە ئەستابۆڵ لە ١٩٩٢ و ئەشکەنجە داوەو خنکاندوە. وەزیری دەرەوەی تورکییە لە ڕاستبوونی داوای دەوڵەتی تورکییە لە مەڕ داکۆکی ئێران لە پ.ک.ک.بە پێی ڕەوشی ئاسایی دەوسییەکانی "تڕوریستەکانی" تەسلیمی شالیاری دەرەوەی ئێران کرد،کە ئەو لە جوابدا بوونی هەر جەشنە پەیوەندی لە گەڵ سازمانی ئاماژە پێکراو بە درۆ زانێ. سەرۆک وەزیران دەمیرال بێ گومان بە دەلایلی ژئوپۆلیتێک،پڕکێشی دەکرد لە سەر ئەمە کە گرنترین شت پاراستنی پشوو درێژییە وویستانە. دانیشتنەکانی سێ قۆڵی بە مەبەستی بەربەست لە پەیدا بوونی وڵاتێکی کورد لە باشووری ئێراق و سنووردار کردنی نەتەوەخوازی کورد بە سەرجەم، هەر وەک لە مەڕ بایەخی پاڵەبەر(مقدم)، بە یارمەتێەک بوو کە داوا دەکرا ئێران بە گرووپەکانی ئیسلامی تورکییە دەکات. یەکی دیکە هەر لەم دانیشتنانەی هیمنایەتی شەش مانگە، بە پێی بەرنامە لە ١٠ی فۆرییە لە دێمشق بەڕێوە چوو.

لە سەر ئەمە را کە ئەو دوو وڵاتە تێدەکۆشان هاوسەنگی پێشوو لە سەررا بگەڕێنەوە بەڵام ئانکاڕا بۆ پێشگیری لە خۆ پێشاندانی لایەنگرانی جیایی دین لە سیاسەت دژی ئیسلامییەکان کارێکی نەکرد. "ئازیز نسین" ڕەشقەن(طنز) نووس لە گەڵ لێڕوانین و مەبەستی تورکیە،وادەی دا کە ئایەکانی شەیتانی سەڵمان ڕوشدی وەرگێڕێتە سەر زوانی تورکی، و هەتا بەشێک لە وی بڵاو کاتەوە. لە ئێران

رۆژنامەکانی بنیادگرای کۆماری ئیسلامی هەر بەو جۆرە کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١٩٨٩ دەستووری کوشتنی سەلمان روشدی دابوو، خوازیاری فتوای کوشتنی ئازیز نسین بوون. بەڵام ئێران ئێستا ڕێبەرێکی نێونجی تر یانی هاشمی ڕەفسەنجانی کە لە ١٩٨٩ ببوو بە سەر کۆمار،حەزی نەدەکرد بەمە کە ئارووشەی سەڵمان روشدیکی دیکە ئەوکەڕەت لە تورکییە بۆ خۆی بەوجود بێنێ. ئایەتووڵلاکان فتوایەکی ئەوهان دژی نسین نەدا،ونسین لە ١٩٩٦ بەمەرگی ئاسایی مرد.

(لە ئیران سەرکۆمار چ کارە نییە و چەک کراوە، هەموو شت لە ئیختیاری وڵی فەقییەیە، یانی خامەنەیی . وەرگێڕی کوردی)

لە ئەوتی ١٩٩٤ دیسان لە نێوان دوو وڵات دڵ ئێشی بڵیسەی دا، ئەو چاخێک بوو کە ئانکارا جارێکی تر ئێرانی بە تداخول کردن لە کارو باری تورکیە و داکۆکی لە پ.ک.ک. تۆمەتبار کرد. وفدەی تورک بە دەوسییەیەکی دارماڵ لە بەڵگە و مەدرەک پەیوەند بە کارەکانی "ترۆریستی" کە پ.ک.ک. بە یارمەتی ئێران دژی تورکییە لە ژوورەو دەرەوەی وڵات کرد بووی، بۆ تاران ڕۆیی. تورکەکان وێنە ونوار و کاسیتەکانیان هاوپێچی دەوسییە لە لا بوو (کە دەبەرگرتووی ئاخافتنی پ.ک.ک. کەلە لایەن هێزەکانی تورکییە بە دیل گیرابوون، لە پەیوەندی پ.ک.ک. لەگەڵ سەرویسەکانی ئیستخباراتی ئێران لە سوپاه پاسداران پەردەکانی لادەبرد هەروا ئاگاداری سەبارەت بە شوێنی عەنبارەکانی چەک و تەقەمەنی پ.ک.ک. وناوەندییەکانی ڕاهێنان و فیر کردن و ناوی ئەو دەستە لە

ئەندامانی پ.ک.ک. کە لەم ئوردەگایانەو ماڵەکانی تیمیان بەریوەدەبرد."

لە ژوئنی ١٩٩٥ ئانکارا ئێرانی بەمە تۆمەتبار کرد کە لە پاش هێرشی بەهارەی ئەرتەشی تورکییە بۆ باشووری ئیراق بە بەشداری ٣٥٠٠٠کەس لە نیزامیانی تورکییە دەستی پێکرد،و تێتەقانی شەڕکەرانی پ.ک.ک. لە بەر ئەم هێزە،بە پ.ک.ک. ئیجازە داوە بنکەی زۆرتر لە باشووری ئێراق سازکەن. لە سەر قسەی"ارتوگرول اوزکوک" سەر نووسەری ڕۆژنامەی "حریت" کە ڕۆژنامەیەکی جامینخوازی دەوڵەت و هێزەکانی چەکداری تورکییەیە، تورکیە لەم بابەتەوە دەستیان لە کردەوەی نیزامی نەدابوو کە"هێرش بۆ سەر ئوردۆگانی ناوخاکی ئێران کردەوەکی یەکجار پڕمەترسی دەبوو- بۆمباردوان کردنی ئێران لەگەل بۆمباردوان کردنی باشووری ئێراق تەوفیری هەیە."

کێشە لە مابەین ئێران و تورکییە لە درێژایی هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ هەروا توندو تیژ بوو،و بایەخدانی بەم هۆکارە ئەمە بوو کە تورکییە ئاقیدەی وابوو کە تاران بەپ.ک.ک.ی ئیجازەداوە تێکۆشانەکانی خۆی لە باشووری ئێراق موحکەم کات، و لەو نیوەدا بۆخۆی هەروا بە دنەو هاندانی ئیسلامییەکان لە ناوەخۆی تورکییە بەردەوام بێت. ئێران هەر وا لە سەر هەڵویستی خوی ڕاوەستاو ماوە و لە هەر دوو بابەت داواکانی تورکییەی وەدرۆخستەوە. لە لایەکی دیکە تاران نیگەرانی قایم بوونی پەیوەندی نێوان ئانکاراو پارتی دێموکراتی کوردستانی لە باشووری ئێراق،لە دوایی هێرشی پانووبەرینی تورکییە لە مانگی مارس بوو. ئەم دڵەخۆرپەیە ئەو هێندە بەرز بۆوە وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد تارانی

وادار کورد ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە پاییزی ساڵی ١٩٩٥ لە "درویدا" وەدەست هاتبوو، لە هێزو ئیعتووباری بێخێت- ئێران بۆخۆی لەم کونفراسە لاتەریک بوو.

بەڵام ئێران پێیخۆش نەبوو نەسازان مابەینی ئانکاڕاو تاران زێدە لەمە توندو تیژ بێت،چونکە لە ٢٤ی دسامبری ١٩٩٥،لە دەنگ دانی پارڵەمانی تورکییە"حیزبی رفاە" بە ڕێبەری نەجمەدین ئەربکان، زۆرترین دەر سەتی دەنگی وەدەست هێنا بوو(٢١/٣لە سەت). لە ژوئنی ١٩٩٦ حیزبی ڕفاە،لە دوای وتوویژێکی دوورودرێژ سەرکەوتوو بوو دەوڵەتی پێکەوە"ئیتلافی" لە گەڵ حیزبی رێگای حەقیقەت، بە ڕێبەری تنسو چیللر، پێکبینێت- چیللر شالیاری(وەزیر) دەرەوەی دەوڵەتی تازە بوو. تاران بە هۆکاری زۆر لە ئەربەکانی بە چاوێکی باش دەڕوانی. ئەو بۆ کارگێڕانی ئێرانی زۆر ناسراو بوو. ئەو لە مەداحان و داکۆکی کەرانی پڕ لە هەست و سۆزی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بوو،لوتفێکی بە ئامریکا،دوژمنی ژمارە(١) تهران نەبوو. ئەو لایەنگری وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتوو ناسراو بە وڵاتای گروپی ٨ بوو،کە گروپێک بووئابووری و بریتی لە هەشت وڵاتی ئیسلامی: تورکییە،ئێران،پاکستان، بنگلادش،نیجریە، ماڵزی، اندویزی، و میسر، کە دەیتوانی پێوەبەندی ئابووری و بازرگانی وڵاتانی ئامازە پێکراو بە بلووکی ئوروپاو ئامریکا و ژاپن، هەتا ڕادەیەک قەرەبوو کاتەوە. شتێکی کە بە تایبەت تاران پێیخۆشبوو،ئاخافتنی ئەربەکان دەستوجێ لە دوایی گەیشتن بە دەسەڵات بوو،کە گوتی: بە بۆچوونی وی نە تاران و نە سوورییە هیچ کام لەپ.ک.ک. داکۆکی ناکات. ئەو جۆرە تۆمەتانەی وەکوو پڕوپاگەندەی(سیاە) بە مەبەستی پێشگیری

له پەیوەندی جوان، نێوان وڵاتانی ئیسلامی له قەڵەم داو،رەت کرد.

ئەربەکان به وادەکانی سەبارەت به سەقامگیری پەیوەندی باشتر له گەڵ تاران له بەستێنی بازرگانی و هەر وا له بەستێنی متمانەپێدەری هاوکاری ئێران له سەرکوتی پ.ک.ک. به کردەوە هێنایە دی. ئەو له مابەینی کەمتر له شەش حەوتوو له دوای وەدەست هێنانی پلەی سەرۆک وەزیران له رۆژەکانی ١٠-١١-ئەوتی ١٩٩٦ سەردانی ئێرانی کرد،ئەمە یەکەمین چاو پێکەوتنە(لەو مقامە)له یەکێک له وڵاتانی دەرەوەبوو. بنکەکانی پڕوپاگەندە(وسایل ارتباط جمعی) تورکییە به پێچەوانەی نییەت پاکی کە ئەربەکان سەبارەت به ئێران دەریبڕی له گەڵ ئەو چێڕۆکانەی کە بێگومان دەستکردی هێزەکانی چەکداری تورکییە بوو، کە له سیاسەتەکانی ئەربەکان هەستیان به مەترسی دەکرد،له هەلوو مەرج کەلک وەرگرت و دڵەخۆرپەی خۆیان له بەرفرەوانی پەیوەندی له گەڵ ئەو هاوسێی مەزن باکووری خۆیان دەربڕی.

چاپەمەنییەکانی هەر دوو وڵاتی تورکییەو ئێران،هەروا وەشینەک( ڕسانەکانی ناونەتەوەیی)خەبەری ئیمزای مامەلەی ٢٣میلیارد دۆلاری گاز له نێوان دوو وڵات بەتام وخۆێێکی زۆر بڵاوکردنەوە،و ئەمە به پێچەوانەی یاسای پێشووی کونگرەی ئامریکا بوو کە سەرمایە دانانی زێدە له ٤٠میلیون دولار له پیشەی نەوت وگازی ئێران یاساخ و پێویست به سزای ئابووری ڕاگەیاند بوو. بەڵام ئەو ڕاپۆرتانەی کە چاپەمەنیەکانی دوو وڵاتی ئێران و تورکییە لەم چاوپێکەوتنە وەدەستیان دا، نیشانی دەدا کە

مەســـــەلـەیەک کە لـەو وتـــــووێژو دانیشــــتن لـە نێــــوان ئـەربـەکـــــان و ڕەفســــەنجانی بــــوونی هەبــــوو، مەســــەلەی کــــورد یـــــانی پ.ک.ک. بــــووە- ســـــەیرە کە لـە مـــــاوەی دوو دانیشــــتن لەم وتـــــووێژانـە جـــگە لـە دیلمانجەکـــــان کەســــــێکی تــــــر لـە دانیشــــــتنەکاندا حـــــــزووری نـەبوو.

ڕۆڵـــــــی دەورەیـــــــی کە ئێســـــــتا تـــــــاران،لـە دوایـــــــی شـــــــکانی کونفراســـــــی"درویـــــــدا"، لـە باشـــــــووری ئێـــــراق گەمە دەکـــــــرد، بە کـــــارتێکەری ئەرتەشـــــی ئێـــــران لـە باشـــــووری ئیـــــراق، و لـە چـــــاوبڕ کردنێـــــک کە بە قـــــۆڵایی ٩٠ کیلـــــومێتر،و دورســـــت حەوتـــــووەک بەر لـە چـــــاو پێکەوتنـــــی ئـەربـەکـــــان لـە تـــــاران،بۆ نومـــــایش دانـــــرا. ئـەربـەکـــــان و ڕاوێژکەرانـــــی نزیکـــــی بەر لـە چـــــوون بـــــۆ تـــــاران ڕایانگەیانـــــد کە تەنیـــــا چـــــوار وڵات: تـــــورکییە و ئێـــــران و ئێـــــراق و ســـــوورییە- یـــــانی ئەو وڵاتـــــانەی کە زۆریـــــنەی میللـەتـــــی کـــــورد لـە وانـــــدا ژیـــــان تێـــــپەڕ دەکەن- دەتـــــوانن مەســـــەلەی کـــــورد یەکـــــلاکەن. هەڵویســـــتی ئانکـــــارا، یـــــان بە لانـــــی کەم هەڵویســـــتی حیزبـــــی رفـــــاە، ئەمە بـــــــوو کە مەســـــــەلەی کـــــــوردی دەبـــــــێ بەر لـە مســـــــائل و ئارووشەی لـە گۆڕێ، لـە مابەینی چوار ولات یەکلا بێتەوە.

ئەمە ڕاســـــتە بەر لـە بزوتنـــــی ئـەربـەکـــــان لـە تـــــورکییە بـــــۆ تـــــاران چاپەمەنیەکـــــانی تـــــورک بازێـــــک لـە دڵەخـــــۆرپەی تورکییەیـــــان، لـە پەیوەنـــــــدی لـە گەڵ هەڵســـــــووبنیش لەگەڵ ئێـــــــران بـــــــاس لێـــــوەکرد،کە گرنگتـــــری ڕاســـــتەوخۆ یـــــان ناڕاســـــتەوخۆ، کـــــارتێکراو لـە مەســـــەلەی کـــــورد بـــــوو. بەر لـە هەمـــــوو نیگەرانـــــی ئانکـــــاڕا لـە سیاســـــەتی ئێـــــران، لەم بـــــابەتە بـــــوو کە ئێـــــران پێشـــــی ئەمە بگـــــرێ کە تـــــورکییە بە ڕێگـــــای تڕازێتـــــی گەورەی نەوت و گـــــازی قەفقـــــازو ئاســـــیایی ناوەنـــــدی بگـــــۆڕێ- کە دەگـــــوترێ تـــــاران لـە بەدوادا چـــــوونی ئەم ئامـــــانجە لەگەڵ رووســـــییەیە. تـــــورکییە لـە داکـــــۆکی

ئێران لە ئەرمەنستان و یارمەتی ئێران بە وی و پەیوەندبەندی ساردی لە گەڵ ئازەربایجان،بە پێچەوانەی ئەمە کە ئەرمەنستان لە ئاکامی شەڕی ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠هێشتا بیست لە سەت لە خاکی ئازەربایجان لە بەردەست دابوو، نیگەران بوو. تارانیش هەڵبەتە لەم بارەوە کە لە "کنسرسیوم" جۆراجۆری کە بۆ گوێزتنەوەی نەوت و گازی پۆنگاڵ (حوزە)ی خزرپێکهاتبوو وەلانرابوو، سروشتییە هێشتا قەڵس و دڵ ئێشاوبوو. تاران بیروبۆچوونی وابوو کە: ئانکارا بە سانایەکی دوور لە چاوەڕوان تەسلیمی فشارو تەوژمی ئامریکا بووە.

نیگەرانیەکانی زۆرتر و توند و تیژ تر لەمەش بوو، و ئەو مەسەلە پەیوەند بە کوردەکان لە بازنەی ئانکارا- تاران بوو. لەوانە هەموو گرنگتر بیروبۆچوونی ئانکارا بەم عەمرە بوو کە ئێران یارمەتی لە بەردەست پ.ک.ک. دادەنێت و لە مەڕ لوژیستیک ئەوی یاری دەدات،لە پەیوەند بەم مەسەلە بە تایبەت لە بنکەکانی ڕەخ سنوور ئێران وتورکییە یاد دەکات. لەو نێوەدا دەگوترێ کە ئێران دەواو دەرمان لە ئیختیاری پ.ک.ک. و پێشمەرگەکانی دادەنێت کە لە گەپچانەکانی ناوەخۆی تورکییە بریندار بوونە. ئانکارا داواکار بوو کە ئێران لە باشووری ئێراق بە پ.ک.ک. وەکوو ئامێرێک بۆ بەرفرەوانی کار تێکەری خۆی یارمەتی دەکات. بل لەمە لە ژوئن ١٩٩٦ئانکارا هێشتا لە سەر ئەمە پێداگر بوو، کە ئێران لە لێک تێگەیشتنی (تفاهم) نیوان پ.ک.ک. وپارتی دێموکراتی کوردستان داکۆکی دەکات، و ئەم کارە بە ئاریکاری سوورییە بە ئەنجام دەگەینێ. ئاریکاری پ.ک.ک. و پارتی دێموکراتی کوردستان هۆکاری بە وجود هێنانی دالانێک دەبێ کە لە ڕێگای باشووری ئێراق،سوورییەی بە ئێراق دەلکاند. خولاسە

حەولوو تەقەلای زۆری ئێران لە باشووری ئێراق لە ١٩٩٥ بەم لاوە بە کایەکەرێکی گەورە لە باشووری ئێراق گۆڕاندبوو، وئەمە ڕۆڵێک بوو کە ئانکارا هیچ بە کەیفی نەبوو.

ئانکارا ئەوهای فکر دەکردەوە کە حزووری زۆری ڕوو لە هەڵدانی ئێران لە باشووری ئێراق پ.ک.ک.ی لە وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی لە ڕووسیە و بازارەکانی چەکی ئاسیای ناوەندی سانایی کردوە. ئەندامانی پ.ک.ک. هەروا دەیانتوانی لە ڕێگای ئێران ڕاستەوخۆ بۆ باشووری ئێراق لە هاتووچۆ دابن. بیروبۆچوونی ئانکارا ئەمە بوو کەبەرفرەوانی حزووری ئێران لە باشووری ئێراق، هاوسەنگی بەستێنی (فضایی) کە لە شەڕی کەنداوی فارس بەم لاوە لە ناوچە حاکم بوو تیکداوە-هاوسەنگێک کە هەتا ١٩٩٥ یەکجار بەقازانجی تورکییە بوو.

حەولوو دەولی ئەربەکان لە تاران لە دۆزینەوەی ڕێگای یەکلاکەر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی پ.ک.ک. بە سەفەری وفدەیەک بریتی لە شەوکەت کارزان، وەزیری دادگەری.ومحەمەد ساگلام،وەزیری پەروەردەو فێر کردن بۆ بەغدا بەردەوام بوو. ئەم دووە لە باوەڕ پێکراوانی ئاغای ئەربەکان بوون و گروپێک تاجیر لە گەڵیان هاو سەفەر بوون. بە لێڕوانین لە کردنەوەی خەتی لوولەی نەوتی کەرکووک-یومورتالیک،کە ئانکارا هیوادار بوو خێرا ئەنجام بدرێ،لە کۆتایی ئەوساڵی (١٠ی دسامبر) ئەنجام درا. و بەهەرەوەری و داهاتێک کە لەم کردنەوە، وەدەست دەهات،ئاشکرا بوو کە یەکێک لە مەسەلەکانی گرنگی وتوویژی کارزان و ساگلام ،لە بەغدا و باس وگفتووگۆ سەبارەت بە سیاسەتەکان ئەو

هەنگاوانە بوون کە دەبوایە بۆ بە تێشکانی هەڕەشەی کوردەکان لە هەر سێ وڵات وەبەر چاو گیرابوایە.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە سەفەری شێخ عوسمان بۆ ئانکارا بڵاو بووە شایەدی موکوڕ بوونی حەولوو تەقەلاکانی "حیزبی رفاه" بوو. شێخ عوسمان ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی ئێراقە، کە بەشێک لە باشووری ئێڕاقی لە دەوروپشتی "ڕانیە" دراوسی سنووری ئێران، لە ژێر حوکم و کارتێکەری دایە، و دەگوترا کەلە ڕۆژەکانی ١١-١٢ی ئەوت بە ڕەواڵەت بۆ بەشداری لە شایی دۆستێک بە ناوی "ئیحسان ئەسلان"کە فەرمانگێڕی یەکێک لە سازمانەکانی (حیزبی ڕفاه)یە، و پەیوەندیەکانی نزیکی لە گەڵ تەریقەتی (نەقشبەندی) هەیە، لە ئانکارا بووە. ئەربەکان و شێخ عوسمان هەر دوو لە مریدانی جێگە ئیحترامی ئەم تەریقەتەن. بە ڕەواڵەت شێخ عوسمان بە تایبەت سەفەر بۆ ئانکاڕای لە سەردەمێکدا ئەنجام دا کە ئەربەکان لە تاران بوو.

سیومین لکی ئەم دەستدرێژی دیپلۆماتێک ١١-١٢ ئەوت ڕاپۆڕتهایەک بوو وحیکایەتی لەمە دەکرد کە "حافز ئەسەد" بۆ وتوویژ سەبارەت بە مەسەلەکانی هەڵاوەسراوەی نێوان دوو وڵات، ئەڕبەکانی بۆ سەفەر بە دێمشق میوان کردوە. ئەربەکان هەر لە تاران ڕایگەیاند کە کونفراسێک بریتی لە سەرۆکانی"چوار وڵاتی گەورە" لە مانگی سیپتامبر لە دێمشق بەڕێوە دەچێ. شالیاری دەرەوەی تورکییە ئەم ڕاپۆرتەی بێ هیم و بناخە ناو برد. هێزەکانی چەکداری تورکییەی دژی ئەم چاوپێکەوتنە بوون،دەجا چاوپێکەوتنێک سەری نەگرت.

ئارەزوو ئێشتیای(اشتیاق)ئەربەکان بۆ بە چۆکداهێنانی پ.ک.ک. لە سەربناخەی هۆکارو لایەنی سیاسی بەهێز لە

بەستێی ناوەخۆی وڵات بوو. یازدە کەس لە نوێنەرانی کورد لە پاڕلەمان پەیوەند بە"حیزبی ڕفاه" لە چاوپێکەوتنێک کە لە مانگی ژوئیە لە گەڵ سەرۆک وەزیران بوویان،ڕایانگەیاند کە ئەگەر بازیک داواکاری وخوازیاری کوردەکان وەکوو پەروردەو فێر کردن بە زوانی کوردی،بە وجودهێنانی شۆل،سازدانی کانالی تەلەفزیونی بە زوانی کوردی و بنیاتنانی نیزامێکی قەزایی و...بەرئاوردە نەکرێن،ئەوانیش لە گەڵ ٢٥ هەتا ٤٥ کەس لە نوێنەرانی پارێزگاکانی ڕۆژهەلات لەوانەیە لە "حیزبی ڕفاه" واز بێنن و دەست لە کار بکێشنەوە. وازهێنانی هەتا ٣٣ نوێنەر لە حیزب بە مانای ٢٥ لە سەت پچکین(کاهش) لە سەرجەم ئاندامانی پاڕلەمانی حیزبی رفاه بوو. شتێکی ئەوها بە مانای کۆتایی کاری حیزب لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو. تاران بێ گومان لە جەرەیانی وتوویژی مانگی ئەوت لەو مسائیلە باش ئاگادار بوو وبارودۆخی لەرزۆکی ئەربکان لە ناوەخۆی وڵات وبایەخ پۆنگالی(حوزەکانی) دەنگدانی کوردستان لە بۆ وی ئاگاداریەکی تەواو بوو. لە سەردانی ئەربەکان لە سەرەتای مانگی ئەوتی ١٩٩٦ هەتا فۆرییەی ١٩٩٧ پەیوەندیەکان لە نێوان دوو وڵاتی دراوسی باشبوو،بەڵام ڕەشبینی سەبارەت بە نییەت و مەبەستی لایانەکان لە باشووری ئێراق و ئەو تۆمەتانەی بەردەوام و پایداری تورکییە لە مەڕ ئەمە کە ئێران بە پ.ک.ک. حاشارگەدەدا،هەر وا لە شوێنی هۆکارێکی دنە دەر لە جێی خۆی باقی مابوو. هێرشی ٣١ی ئەوتی ١٩٩٦ی پارتی دێموکراتی کوردستان پێکەوە لەگەڵ بەغدا، بۆ سەر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە یەکگرتووی تاران بوو، ئێرانی غافلگیر کرد و هۆکاری سەر هەڵدانی دڕدۆنگیەکی تازەی لە پەیوەندیەکانی دوو وڵات لێکەوتەوە.

ئەم ئاریکاری نێوان ئانکاڕاو پارتی دێموکراتی کوردستان و بەغدا بۆ دەرکردنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،ئێکگرتووی ئێران،لە هەولێر(ئەربیل) وناوچەکانی دەوروپشتی وێ،کە وێدەچوو لوولەکانی نەوت و گاز لە دوارۆژ بە ویدا تێپەڕێت،هۆکاری دەژایەتی توندی بوو. یەکگرتوویپارتی دێموکراتی کوردستان و بەغدا و سەرکەوتنەکانی بە لەزی سەرەتایی نێوان ئەوان، ئێرانی سەر سام و واق وڕماو کرد. ئێران ئێستا لەگەڵ کەمبوونەوەی کار تێکەری دەست بە بەرۆک دەبوو،کە لە دوایی ڕێککەوتنەکانی بە دەست هاتوو لە "درویدا" لە گەڵ تێکۆشان و حەولوو تەقەلایەکی زۆر لە ناوچەی وەدەست هێنابوو. یەکگرتوویی بارزانی لە گەل بەغدا چەند دەلیل و هۆکاری هەبوو: ١-پارتی دێموکراتی کوردستان لە پەیوەندییەکانی نزیک و ڕوو لە هەڵدان(فزایندە)ی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە گەڵ ئێران هەستی بە مەترسی دەکرد. ٢- بارزانی لەم بابەتە کە تاڵەبانی لە کۆتایی ژوئیەی هێرشی ٣٠٠٠هەتا٤٠٠٠کەسی لە ئێرانی لە قوولایی ٥٠ میل لە ناو ناوچەی ژێر حوکمی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هاسانکاری کردبوو، و ئەم کردەوە بە ئاشکرا بە مەبەستی هێرش بنکەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵکەوتوو لە مەڵبەندی ژێر حوکمی بارزانی- دورست لە باشووری مداری ٣٦پلە- بوو یەکجار تووڕە بوو، و٣- ڕێبەری پارتی دێموکراتی کوردستان بێگومان فکری دەکرد کە ئەم هجوومەی ئێران،کە لکەکانی خەڵکی شیعە مەزەب پێکدەهێنن، پێشقەڕەوڵی هجوومانی زۆر ترە کە لە دوارۆژ وەسیلەی یەکیەتی نیشتمانی بە داکۆکی ئێران ئەنجام دەدرێت. هێرشەکانی پێشتر،بەداکۆکی ئێران،بۆ سنوورەکانی باکووری پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی

ئامازژە پێکراوی ناچار دەکرد کە پێشمەرگەکانی خۆی لە باکوور بەر بەرین کاتەوە وئەمە لە توانای وی لە هیرش بۆ سەرپ.ک.ک. پێکەوە لەگەڵ تورکییە،لە باشووری ئێراق،کەم دەکردەوە. هەتابەر لەو هێرشە،پارتی دێموکڕاتی کوردستان دەیزانیێ کە تورکییە بۆ پێشگیری لە کارتێکەری پ.ک.ک. لە ناوچەکانی تخووب حەزدەکات سنووری نێو نەتەوەیی خۆی ٩ هەتا١٥ میل لە قولایی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی وی بۆ پێش بەرێت،وچاوەروان دەکرا کە ئەم ناوچە،ناوچەیەک بێت کە تورکەکان بیانهەوێ کە پارتی دێموکراتی کوردستان لە وی بە حزووری ڕەواڵەتی بەبەس بزانن.

بەرلە ٣١ی ئەوتی ١٩٩٦ بارزانی وێچوونی قەومانی ئەم ڕووداوی کە تورکییە وێدەچێ مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی وی لە ناوچەکانی باکوور و هەروا لە ناوچەکانی باشوور کەم کاتەوە، تێگەیشتبوو،و بێگومان دەیزانی کە کردنەوەی خەتی لوولەی نەوتی کەرکووک-یومورتالێک و داهات و بەهرەوەری لە وی لەو بارو دۆخ وچلۆنایەتی لە بەرابەر یەکیەتی نێشتمانی کوردستان کزو بێهێز دەکات. ڕیبەری پارتی دێموکراتی کوردستان بە ڕەواڵەت بە دورستی فکری دەکرد کە ئامریکا و دۆستانی ئوروپایی وی لە"عەمەلیاتی تأمینی رفاه" و سازمانەکانی نادەولەتی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری وان کار دەکەن، چ یارمەتی بە موحکەم بوونی بارودۆخ و چلۆنایەتی وی لە ڕادەیەک کە ئەو شیاوی خۆی بزانیت ناخوازن بکەن. بارزانی دەیزانی کە کردنەوەی خەتی لوولەی نەوت و زێدەکردنی گورینەوەی بازرگانی لەگەڵ تورکییە بە مانای ئەمە دەبیت، کە ئەو ئیدی ناتوانیت کە ڕۆژانە ٢٥٠٠٠٠هەتا٣٠٠٠٠٠دۆلار باجی لە کامیونەکان وەربگرێ کە لە خاپۆر لەسنووری تورکیە و ئێراق تێدەپەڕن.

***لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦تورکەکان ئیجازەیان دا بوو حیزبێک بە ناوی"حیزبی مام ناوندی کورد) بنیات بنرێ. ئەم حیزبە پێکهاتوو لە گروپێکی گچکە لە خەڵکی باشووری ئێراق بوو کە خوازیاری بنیاتنانی وڵاتێکی سەر بەخۆی موسڵ بوو،بریتی لە کوردەکان و عارەبەکان،کە لە گەڵ تورکەکان هاوکاری بکەن، وەکوو قەلغان لە بەرابەر عێراقی بی کلک و کوێ کار بکەت. لەو نیوەدا ئانکارا لە درێژایی تەواوی ساڵەکانی ١٩٩٦ و ١٣٩٧ پەیوەندەکانی خۆی لەگەڵ تورکمانەکانی ئێراق وحیزبی نەتەوەخوازی تورکمان، کە ناوەندی وی لە ئاناکارا بوو بە هێزەو قوەت کرد بوو. جەماوەری تورکمان،بریتی لە ٥٠٠٠٠٠کەسە کە لە باشووری ئیراق دەژین (( ئەم سەرئەژمێرییە لەبنەرەت درۆیە،هەرسەرئەژمێری نەکراوە،ئەوجارتورکەمانەکانی باشووری کوردستانی ئیراق، زۆر زۆرکەمتر لەوژمارەن ولەبنیات لەسەرانسەری ئیراق خۆی لەدووسەت هەزارکەس نادەن. وەرگێڕی کوردی)) و بۆ داکۆکی چاویان لە تورکییەیە. تاران لە مەحکووم کردنی نزیکاتی تورکییە لە تورکمانەکان، بە پ.ک.ک. لکا و ئەگەر چی ئامانجی تورکییە لە نزیکاتی لە تورکمانەکان لە مانا دا بە وجود هێنانی لەمپەر لە بەرابەر ئاوات و ئارزوەکانی جیاخوازانەی کوردەکانە، لە گەڵ ئەو هەمووە تاران نزیکاتی نێوان ئانکاراو جەماوەری تورکمان و، هەروا نزیکی پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکمانەکانی پیخۆش نەبوو.***

تاران لە بە پەلە بوونی ڕیکەوتنی نێوان بەغداو پارتی دێموکراتی کوردستان و لە بە ڕیوە بردنی ئەم یەکەتییە،

غافڵگیر بوو. هەڵبەتە تاران ئەوجەیەکی زۆری بە بەغدا بۆ کردنەوەی ڕیگاکان و خەتەکای لوولە مابەینی بەغداو سنووری تورکییە بە مەبەستی زێدە کردن بە بارستای (حجم) گوڕینەوەی بازرگانی و سەبر کردنەوەی ئەو گەوانەی کە ئابلۆقەکانی نیو نەتەوەیی لە سەر ئیراق بەڕیوە برد بوو،بە باشی تێدەگەیی. بەغدا بۆ وەدەستهێنای ئەو ئامانجە حەوجە بە پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. یەم یەکیەتی لە گەڵ ئەوەی فورسەتی بۆ سەدام دەرخساند کە خۆی لە تیتاڵی ئەو چەند هەزار کوردەی کە لە گەل ئامریکا و"عەمەلیاتی تأمینی ڕفاه" و سازمانەکانی دەستەوای نادوڵەتی ڕۆژئاوا ئاریکاری کرد بوو نەجات بدات و بەم شیوەیە لە وێچوونی هێرش و گەلاڵەی پیلان دژی خۆو دەوڵەتی بەغدا پێش بگرێت.

ئێران لە بەرابەر یەکیەتی بەغدا- بارزانی- ئانکارا- دژکردەوەی نیشان دا. سەرکۆمار ڕەفسەنجانی خەریکی سەردان لە ولاتانی ئافریقا بوو، و لە تاران لە یارمەتی بە هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کە لە هێرشی هێزەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و بەغدا ڕایاندەکرد ،کاریک نەدەکرا. زۆربەی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی بۆ ئێران هەلاتن. لە بیرمان نەچی،لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە داکۆکی تاران زۆربەی ئەو زەمینانەی کە لە هێرشی مانگی سپتامبر پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەست دابوو وەرگرتەوە. شەڕی ٣١ی ئەوت و شەڕێک کە بە دوای ویدا لە نێوان دوو گروپی گەورە ڕویدا بە ڕەواڵەت زنگوڵەی مەرگی سەرهەڵدانی موجودیەت و یەکیەتی و بە هێزی کوردی لە باشووری ئیراق وەدەنگ هێنا. شەڕ لە مابەیین دوو گروپ لە درێژایی تەواوی ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ تورکییە تێکۆشانێکی بۆ نزیکایەتی کردن لە دوو گروپی کوردی دوژمنی یەکتر، دەست پێکرد. ئەو جەرەیانەی ناسراو بە"جەرەیانی ئانکارا" لە کۆتایی ئوکتوبری ١٩٩٦ دەستی پێکرا. ئەم جەرەیانە لە باوەشگرتووی تێکۆشانەکانی مام ناوەندیانە، لە لایەن ئامریکا و بریتانیا بە مەبەستی کۆتایی پێهێنان بە شەڕی نێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی بوو. "جەرەیانی ئانکارا"هەتا بەهاری ساڵی ١٩٩٧ ی کیشا،جەرەیای ئانکارا دژایەتی ئێران بوو. نەفسی بابەتی" جەرەیانی ئانکارا" بۆ توورە کردنی ئێرانییەکان بەس بوو. ئێرانییەکان سیاسەتەکانی ئامریکایان بە توندی وەبەر بای ڕەخنە گرتن دا. و دەریان دەبڕی کە ئامانجی وتوویژ ئەمە بووە کە بنکەیەکی جاسووسی و بازرەپەڕو بازرەقە بوونی کاتی، بۆ نەخشەکانی بەدجنسی ئامریکا لە ناوچە وەدی بینێت." تاران هەروا داواکانی خۆی دووپات دەکردەوە کە ئامریکا نییەتی ئەمەیە ئیسڕائیلەکی دیکە لە باشووری ئێراق بە وجودبێنێت.

بەهەرحاڵ،شەڕی مانگی ئەوت-سپتامبری ١٩٩٦ی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، یارمەتیکردو هاوتایی و هاوسەنگی پەیوەنەیەکانی نێوان تورکییە و ئێرانی گەڕاندەوە. شەڕی پارتی دیموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە هەر دوو پایتەختی(ئانکاراو تاران) ئیجازەی دەدا، کە بە ریڤانی"نواب" خۆیان کار تێکەریان موحکەم کەن. ئەم عەمرە بە نۆرەی خۆی بۆ دوو وڵاتی ئێران وتورکییەی کات ڕەخساند مەسەلەکانی ژئوپۆلیتێکی خۆیان کە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە باشووری ئێراق یەکلا کەن. بەڵام ئەم

هاوســــــەنگی وهاوتــــــایی گەڕاوە لە پەیوەنـــــــدی خێـــــرا، بە هـــــۆی ڕوداوی سنجان لە فۆرییەی ١٩٩٧ لە بەریەک تەفروتونابوو.

ڕووداوی سنجان وئاسەواری وی

ســــــنجان شــــــارۆچکەیەکی ســــێ هەزار کەســــییە،لە چــــل کیلــــۆمێتری ئانکــــــارا. لە وچـــــانی کۆتــــــایی حەوتـــــووی ڕۆژی ٣١ی ژانـــــــویە-٢فــــۆریەی ١٩٩٧ ئەم شـــــارۆچکەیە"شــــەوی قـــودس)ی بەڕیــــوە بــــرد. ئەم بیــــرەوەریە داهێنــــانی ئــــایەتوڵلا خــــومەینی بــــوو، لە مــــاوەی ١٧ ســــاڵی ڕابــــردوو هەرســــاڵێک لە ئــــاخری هەینــــی مــــانگی ڕمەزان بەڕێـــــوە چووبــــــوو. ئەم عەمـــــرە هاوکـــــات لە گەڵ ســــــاڵهاتی ئینقلابــــــی ئیســــــلامی ئێـــــرانیش بــــوو. ســــــنجان شـــــارۆچکەیەکە (کۆنەپەرســــت) کە بە تونـــــدی لە حیزبـــــی رفاە،پشــــتیوانی دەکــــرد. "بکریلـــــــدیز" شـــــــارەوانی شـــــــاریش پشـــــــتیوانی چـــــــوار پەل قــــایم(پروپـــاقرص)ی ئەو حیـــزبە بــــوو. بنیــــاتنەرانی ڕیــــوو ڕەســــمی (شــــــەوی قــــــودس) جەژنیکیــــــان وەڕێخســــــت و لە ویـــــدا ئەو پۆســــتیرانەی کە هەڵگــــری وێـــنەی عەبــــاس موســـووی، موســــێ ســــەدر و فەتحــــی شـــــکاکی،رێبەرانی حیـــزب ولڵــــڵەو و حەماســــی لە لبنــــان و فەلەســــتینیان بوون،بــــۆ نومــــایش دانــــا. رێبەرانـــــی شـــــارەوانی ســــنجان لە محەمـــەد رەزا بــــاقری بــــاڵوێزی تــــورکییە،و مەحمــــود بنــــی یاســــین نــــوێنەری "ســــازمانی ئازادیبخشــــی فەلەســــتینیان"لە تورکییە بانگهێشتن کرد بوو.

بە پێــــــی ڕاپۆرتەکان،بــــــاقری دژی ئیســــــڕائیل ئاخافــــــت. ئەو گــــــوتی:"ئیگلیزیەکـــــان ئەم منــــــاڵە وەلـــــی زیناعەیــــــان زا،و ئامریکایەکـــــان مەزنیــــــان کــــــرد. دیســــــان ئامریکاییەکــــــان پەروەردەی دەکەن و هێـــــزو ئیختیــــــاراتی لە بەردەســــــت دادەنــــــین.

ئەگەر ئامریکا لە وی پشتیوای نەکردبوایە ئەو منالە حەرامزادەیە لە شەڕ لە گەڵ عارەب نەدەشیا ژیانی خۆی بەردەوام کات. بە پێی ڕاپۆرتەکانی باقری کەڕووی لەو جەماوەری ٥٠٠کەسییەی کە لەم یاد ڕۆژە،کۆ ببونەوە کرد وگوتی: لەمە خۆف نەکەن کە بنیات گرتان پێبڵێن، ولە خەڵکەکەی ویست وەدوای یاساکانی شەرعییەت کەون. ڕووداوی سنجان ئاگرێکی لە تورکییە هەڵکرد،نوختەی کۆتایی لە سەر ژیانی دەوڵەتی ئەربەکان دانا. حیزبەکانی دژکار وهێزەکانی چەکداری تورکییە گوتیان ئەمەی لە سنجان ڕویدا هێرشێکە بۆ سەر سیاسەتی جودایی دین لە سیاسەت کە هەیم و بنەڕەتی کۆماری تورکییەیە. هێزەکانی چەکداری تورکییە ڕووداوی سنجانیان باشار نەکراو لە تابشت دوور زانی. لە٤ی فورییە نزیکەی ٥٠ تانگ و مرۆڤ بەری زرێپۆش و ئامێرەکانی گوێزتنەوەی دیکەی نیزامییان بۆ شەقامی حەسڵی شار ناردن، سەیر ئەمە بوو کە ناوی ئاتاتورکیان لە سەر نووسراو بوو. بنکەی هێزەکانی چەکدار داواکار بوو کە ئەم هێزە بۆ بەشداری لە مانۆڕ بۆ ئۆردوگایەک لەو نزیکەی بووە بە هەڵکەوت بە ناو شاریدا تیپەڕیوە- بەڵام کردەوەکە بۆ هەموان ڕوون بوو. بکریلدیز،شارەوانی شار،کەوتە ژێر لێپرسینەوە و لێپێچانەوە و(حاکم) دادگەی هێمنایەتی بۆ وی داوای ١٩/٥سال زیندان و بۆ یازدە کەس لە شەریک سزاکانی، کە هەموو کارگێڕی شارەوانی بوون،داوای ١٠سال حەپسی بۆکرد.

ئێرانیەکان ڕایانگەیاند کە لە سنجان کاریکیان نەکردوەو یان شتێکیان نەگوتووە کە لە ماوی ١٧ساڵی ڕابردو کاتێک بۆ ناو جەمارێکی ئەوها بانگهێشتن دەکران نەیانگوتبێت. دەوڵەتی ئەربەکان حەولیدا لە دەرکردنی باقری و

ئێرانییەکـــانی تـــر لە تـــورکییە،کە هێزەکـــانی چەکـــدارو ڕێبەرانـــی حیزبـــی دژکـــار خوازیـــاری بـــوون،پێش بگرێـــت یـــان بە لانـــی کەمەوە ئەم مەســـــەلە وەپاشـــــداو بە قونــــدا بخـــات. مەســـــعود یلمـــاز،ڕێبەری حیزبـــی دایکـــی ولات،کە لە دوایـــی ئەربەکـــان بە ســـەرۆک وەزیـــران هەڵبـــژاردرا، گـــوتی: " بـــاقری دیپلۆمـــات نیـــیە،ئەو تڕوریســــتە" و داوای کـــرد کە ئەوو محەمـــمەد ڕەزا ڕاشد،ســـەر بـــاڵوێزی ئێـــران لە ئەســـتابۆڵ، دەســـتووجێ بـــۆ ولاتەکەیـــان بنێـــردرێنەوە. یەلمـــاز وهێزەکـــانی چەکـــدارتی تـــورکییە ســـەر کەوتـــوو بـــوون و لە ١٩ی فۆرییە،بـــاقری و ڕاشـــد بەمرۆڤـــی خەراو ناســـاندران و لە ولات دەرکـــران. تـــاران گـــوتی: کە دوو دیپلۆمـــاتە لە دوایـــی مـــانەوەیەکی کـــورت لە ئیـــران، بـــۆ شوێنی معمورەتیان دەگەڕێنەوە بەلام هیچ کات نەگەڕانەوە.

جـــگە لە بـــاقری و راشد،ســـەعید زارع بـــاڵوێزی ئێـــران لە "ئەرزەڕۆم" یـــش، لە ١-ی مـــارس بە هـــۆی ڕەخـــنەیەک کە لە قســـەکانی ژەنەڕاڵ "چوبـــک بیـــر" لە واشـــنگتۆن دی .ســـی گرتبـــوو لە ولات دەرکـــرا. ژەنەراڵ بییـــر،ئەو قســـانەی لە ســـەرەتای فـــۆرییە و لە دانێشـــتن ســـالانەی شـــورای بازرگـــانی تـــورکییە و ئامریکـــا دەربـــڕی و لە نـــاو ئەوانـــدا گـــوتی کە ئێـــران" ولاتـــێکە لە تروریســـت داکـــۆکی دەکـــات." زارع لە مەڕ کـــردەوەی هێزەکـــانی چەکـــداری تـــورکییە لە نـــاردنی تانـــگ بـــۆ ســـنجاب ئیـــرادی گـــرت و گوتبـــووی: "ئـــاخۆ تانـــگ نیشـــانەی زبـــرو زەنـــگ و زۆرە ملـــی نیـــیە؟ ئەم کـــردەوە چلـــۆن دەتـــوانێ لەگەڵ حکـــوومەتێکی نـــانیزامی ســـازگار بێـــت؟ شـــالیاری دەرەوەی ئێـــران دەســـتووجێ بـــاڵویزی تـــورکییەی بانگهێشـــتن کـــرد و بە وی گـــوت کە ئاخافتنەکـــانی "بیـــر" لەواشـــگتون "نـــاحەز" بـــووەو شـــیاوی کـــارگێرێکی تـــورک نەبـــووە. ئێـــران دەر کردنـــی دیپلۆماتەکـــانی بە دەرکردنـــی عوســـمان کـــورو تـــورک بـــاڵوێزی تـــورکییە لە ئێـــران وافـــواک

اورسنجاک،بالوێزی تورکییە لە ورمێ تۆڵە کردەوە. اوور اویمن، جێگری شالیاری دەرەی تورکییە لە قسەکانیدا لە ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی واشنگتۆن بۆ موتالای پەیوەندار بە خاوری نزیک، کە ڕیکخراوەیەکی لێکۆلێنەوەی نزیک بە ئیسرائیلە لە دوای بڕیاری ئانکارا بەدەرکردنی دوو دیپلۆماتی ئیرانی گوتی:" ئەگەرچی پێویستە لە پەیوەندی خۆ لەگەڵ ئێران زوانی دیپلۆماتێک بەکار بەرین،بەلاَم ئەمە زوانە هەتا ئەو جێگایە ئاکامێکی ڕەزامەندی بەرهەم نەهیناوە. و داکۆکیەکەی لە تروریست ناتوانی بەشیک لە ڕابیتەی جوان بێت"وزێدەی کرد:" ئێمە دەتوانین دۆستانمان هەڵبژیرین بەلاَم هاوسێ کانمان ناتوانین." "ئەویمن" لە سەر ئەو خاڵە لاقی قرساند،کە نیوە لە جەماوەری ئێران بە تورکی قسە دەکەن و لە گەڵ تورکەکان پەیوەندی موحکەم و قایمیان هەیە." ووتی: بەستراوەیی تورکییە بە هاواردەی نەوت،وخودی ڕابیتەی جوان و شیاو لە نێوان ئێران و تورکییە بە پێویست دەزانێت."

پاژی ٦

## ئیسرائیل،ئیسلامییەکان ودەنگی دادگا/ی میکۆنووس

یەکیەتی ئیسرائیل- تورکییە و ئاسەواروشوێن پێی وی لە سەر پەیوەندیەکانی تورکییەو ئێران.

جەرەیانی پەیوەندار بە ڕووداوی سنجان دامرکابوو، کە ڕابیتەی ئێران و تورکییە دیسان بەرەوە ساردی چوو. هۆکاری ساردی پەیوەندییەکان،سەردانی "ژەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی

قەرەداغی" ناوەندی فەرماندەری(رئیس ستاد )ی ئەرتەشی تورکییە لە ئیسرائیل بوو کە لە ٢٤ هەتا٢٨ی فۆرییە بەردەوام بوو. ئەمە هەوەڵین سەردانی ناوەندی فەرماندەری یەکەمین ناوەندی فەرماندەری ئەرتەشی تورکییە لە وڵاتی (یەهوودی) جوولەکە بوو. سەردانی قەرەباغی لە گەرمە گەرمەی گرێبەستی زنجیرەیەک بڕیارنامەی نیزامی و فیرکردن و ئابووری و بازرگانی بوو کە لەنێوان ئانکاراو "تل آویو" بە ئیمزا گەیبوو. یەکیەتی تورکییەو ئیسرائیل بۆچوون وشک وگومانێکی زۆری لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بەستێنەی نوێ دەسەڵات وجێگەی داکۆکی ئامریکا و ئەروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڕووژاند، کە مەبەست لەوی نیشاندانی دەسەڵات بوون لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی مەدیترانە بوو.

قەرەداغی بەر لە دەرچوون لە تورکییە بۆ ئیسرائیل، لە سەر ئەم خاڵە لاقی قرساند کە یەکێک لە مەسەلەکانی کە ئەو لە گەڵ هاوتای ئیسرائیلی خۆی باس و گفتووگۆی لە سەر دەکات، جگە لەو مەسەلانەی پەیوەندار بە بەڕیوەبردنی قەراردادەکانی ئیمزاکراو، ناردنی موشەکەکانی (کورت برد)اسکارد رووسی بۆ ئێران و سوورییە . ناوەندی فەرماندەری ئەرتەشی تورکییە داواکار بوو کە ئەم مووشەکانە بە فرۆکەی بارهەڵگر لە سنووری هەوایی تورکییە بۆ سوورییە ڕەوانە کراون، و ئێران باری فرۆکەکانی ئاریکاریەکانی ئینساندۆستی ڕاگەیاند بوو، و گوتی سەقامگیر بوونی ئەو موشەکانە لە تخووبی سوورییە لە گەڵ ئیسرائیل دەتوانێت بنکەکان و شارەکانی ئیسرائیل بکات بە ئامانج. وگوتی ئەم مەسەلە وەبیر هاوتای ئیسرائیلی خۆی دێنێتەوە کە تورکییەش لەمە خۆف دەکات کە ئەو مووشەکانە بکەونە

دەست پ.ک.ک. و دژی تورکییە کەلکیان لێ وەربگرێت. قەرەداغێ وتوویژەکەی لێرە کۆتایی پێهێنا و لێکدانەوەی لەم بارەوە کە ئیسڕائیل بۆ پێشگیری لە ئێران لە ناردنی ئەم مووشەکانە بۆ سوورییە چ هەنگاوێک هەڵدەگرێ لە سەرشانی گوێبیستانەی دانا- بەڕەواڵەت تورکییە بۆخۆی حازر بە کردەوەیەک نەبوو.

هاتووچۆی سیاسی و بە دوای یەکدا نێوان "تل آویو" و ئانکارا لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧ تارانی زۆر نیگەران کرد. لە ڕۆژەکانی ٨- ١٠ ئاوریل "دیویدلوی" شالیاری دەرەوەی ئیسڕائیل، سەردانی تورکییەی کرد،و وزیری بەرگری تورکییە،تورهان تایان، لە٣٠ی ئاوریل هەتا ٢١ی مەی لە تل آویو-ی،سەردان کرد. لە دوای سەردانی "تایان""ژەنەڕال چەیک بیر"سەردانی کرد،کە دوو ڕۆژی کێشا. لەوی لە ماوەی سەردانی خۆی لە ئاناکارا لە گەڵ قەرەداغی و خانمی چیللیر وەزیری دەرەوە چاو پێکەوتنی ئەنجام دا،و لەم چاو پێکەوتنانە هەر دوو ک لە سەر ئەم خاڵە لاقیان قرساند کە ئێران و سوورییە "ناوندی تروریسمن" و هەڕەشە لە تورکییەو ئیسڕائیل دەکەن. "تایان "لە ماوەی مانەوەی خۆی لە ئیسڕائیل لە چاو پێکەوتنەکانی خۆی لەگەڵ سەر کۆمار "وایزمن" و سەرەک وەزێران "ناتانیاهو" لە هەر هەل بۆ لاق چەقاندن لە سەر ئەمە خاڵە کەلک وەردەگرێ لە پەیمانەکانی نێوان ئیسڕائیل وتورکییە دژی وڵاتانی ئێران و سوورییەیە. کەلە تروریست داکۆکی دەکەن. ئەو هەر وا ئێران و سوورییەی بە کەلەکەی چەکەکانی بالیستیک تۆمەتبار کرد.

"تایان" ئەو خاڵەشی وەبیر هینایەوە کە ئامانجی مەزنی یەکیەتی ئیسرائیل و تورکیە شەڕ لەگەڵ تروریسمە، و گوتی کە ناوەندی فەرمانەدەیی ئەم تروریسمی کە هەڕەشە لە تورکییە و ئیسرائیل دەکات لە دیمشق،ە. و ئێران لە عەمەلیاتی پ.ک.ک. و حەماس داکۆکی دەکات و چەک و چۆڵ و کەلوو پەلی پێویستیان لە بەردەست دادەنێت.وەزیری بەرگری(تایان) دەربڕی کە ئانکارا وتل آویو، دایم و دەرهەم لە گەڵ یەکتر لە پەیوەندی دان و سەبارەت بە هەڕەشەی هاوبەش، گورینەوەی ئیستخباراتی دەکەن. و ڕایگەیاند کە پشتیوانی ئێران و ئێراق و سووریە لە تروریسم نەک تەنیا ئیسرائیل و تورکییە بەڵکوو هەڕەشە لە سەرجەمی ناوچە و هەموو وڵاتانی (ناتۆ)ی دەکات. شالیاری بەرگری تورکییە حەولیدا لە رێگای ئیسرائیل لایەنی نیو نەتەوەیی(بین المللی)زۆرتر بە مەسەلەی کوردی بدات. تایان،سەبارەت بە بارودۆخی ئێراق گوتی: " تورکییە بێدەنگ دانانیشێ و ئیجازە نادا کە باشووری ئێراق بە"زەلی تروریسم" بگۆرێت.

لە مەی وەشینەک(وسایل ارتباط جمعی) ئیران کە(منعکس کنندە) ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی حکوومەتن (واکنش)دژ کردەوەیان نێشان دا،وگوتیان کە دەربڕینی تایان لە ئیسرائیل بە پەیوەندەکانی جوانی دراوسێتی یارمەتی ناکات. تاران تایمز نووسی:" لە ئاکام تورکییە وێدەچێ هەر ئەو شتە ئەزموون بکات کە لە ئەلجەزایر ڕویدا." تاران ناخازا گەلێک لەم دەربڕێنەی تایان(برآشفت) پۆنگژا،کە گوتبووی ئێران و سووریە بە ئامادەکردنی چەک و چۆلی شیمیایی و موشەکەکانی باڵیستیک سەر گەرمن. تاران تایمز لە بەردەوامی قسەکانی دەیگوت: " بە پێچەوانەی تێکۆشێنەکانی سەرۆک وەزیران ئەربەکان لە بە دواداچوونی

ئەم سیاسەتی ڕاستەوخۆی ژەنەڕاڵەکانی تورک حەولدەدەن وڵاتەکەیان  بە واشنگتۆن و تل آویو،تەسلیم کەن.

لە درێژایی تەواوی ساڵی ١٩٩٧ نیگەرانی سوورییە وئێران لە دەورەی وەدیهێنانی یەکیەتییەک لە بەرابەر لەگەڵ یەکەیتی تل آوێو- ئانکارا لە خولوو سووردا بوو. لە نێوان تاران و دێمشق گەلێک هاتووچۆ لە ڕەدەی سەرۆ سەری گرت. لەکۆتایی ژوئیە سەرکۆمار حافزئەسەد بۆ ڕێز لێگرتن سەبارەت بە ڕەفسنجانی کە دەورەی سەرکۆماری تەواو ببوو و هەروا پیرۆزبای لە محەممەد خاتەمی سەرکۆماری تازە سەردانی ئیرانی کرد. لەم چاو پێکەوتنە ئەژمارێک لە کار گێڕانی پلە بەرزی ئەرتەش بۆ وتوێژ سەبارەت بە مەسەلەکانی استراتژیک ناوچەو چلۆنایەتی ڕوو بە ڕوو بوون لە گەل یەکیەتی تل آویو- ئانکارا،ئەسەدیان ڕێنوێنی دەکرد.

ئاکامی بێخەوشی و یەکیەتی تورکییە- ئیسرائیلی ناتوانین لێرە بە شیوەیەکی دوورودرێژوو بە وردی شیکراو باس لە سەر بکەین، بەڵام بازێک لەم ئاکامە ڕوون و ئاشکران.١- ئانکارا دەیهەوێ داکۆکی ئیسرائیل و کۆمەڵگای جوولەکەی ئامریکای بۆ لە ریشە دەرهێنانی پ.ک.ک. و سەر کوتی نەتەوەخوازی کورد لە پشت سەری هەبێت،٢-تورکییە هیوادارە کە پەیوەندیەکان نزیکتر لە گەڵ ئیسرائیل بە ڕەخنەی زۆرتری جوولەکەکانی ئامریکا لە خاوین کردنەوەی قەومی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی تورکییە کۆتایی پیبێنی. ٣-ئانکارا خوازیاری پشتیوانی جوولەکەکان بۆ تەوژم خستنە سەر سوورییە بۆ کۆتایی پێهێنان بە پەنادان بە پ.ک.ک لە سوورییە، یان جێگاکانی ترە،٤-هێزەکانی چەکداری تورکیە هیوادارن بەم کارە بە پێچەوانەی ئەمە کە

لە دوای تەفروتونابوونی یەکیەتی شووروەوی بایەخی ژئو استراتژیکی تورکییە لە کەمی داوە، حەزی خۆی سەبارەت بە ڕۆژئاوا بە نمایش دابنێت،٥- هەڵبژاردەی کەمالیست و هێزەکانی چەکداری تورکییە هیوادارن عەهدو پەیمانی خۆیان سەبارەت بە سیاسەتی جیایی دین لە سیاسەت و ئیرادەی خۆیان بە پێشگیری لە دەست وێراگەینی حیزبەکانی ئیسلامی بە دەسەڵات، دەر ببڕن،٦-پەیت وخۆگری پیوەندی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیل لە حاڵێکدا کە دەوڵەتێکی ئیسلامی لە تورکییە لە سەرکار بوو نێشانی دا، کە دەوڵەتێکی دژی ئیسرائیلی- لانی کەم بەقسە- توانایی بە پێشگیری لە موحکەم بوونی پەیوەندی نییە،٧-تورکیەش بۆ ئەڕتەش و بۆ بەرفرەوان وبەرینکردنەوە ئابووری ئەوجە بە هێزە و توانی فەنی ئیسرائیل هەیە،٨- ئانکاڕاو تل آویو،هەر دوو لە ئانبازبوونی پاکسازی قەومی گەورەترین کەمایەتیەکانی خۆیانن،و یەکییەتیەکەیان بە دامرکاندن ئەو ڕەخنانەی کە لەوان دەگیرێ یارمەتی دەکات،٩-هەر دوو وڵات حەوولدەدەن عەمەلیتاتی پاکسازی قەومی خۆیان لەسەر بنەرەتی ئەوجە بوونەکانی ئابووری و پانکردنەوەی ئابوری و پاساو بۆ بینەوە،هەتا بتوانن یەکگرتوانی باشتر لە بۆ ڕۆژ ئاوابن،١٠ بە نەزەر دەگات تل آویو،هیوادارە بە دەستمایەدانان لە پڕۆژەی "گاپ" کارتێکەری زۆرتری لە مەڕ ئاوی فەڕات بێنێتە دی. ئیسرائیل لەگەڵ ئەم کردەوە پێکەوە لەگەڵ تورکییە، هیوادارە بتوایێت ئاتاجیەکانی خۆی بە انرژی لە بەرگەی ئاو لەبەرابەر بەرگەی نەوتی عارەب کەلک وەرگریت. لە جیاتیدا تل آویو، دەبێ ئانکارای لە فەوتانی پ.ک.ک. پشکنینەوەی ئارووشەی کورد یاریکاری بکات.

"فیلیپ رابینز" بیروبۆچوونی وایە،کە هۆکاری نزیکتر بوونی ئیسرائیل وتورکییە لە یەکتر هاولایەنی فەرهەنگی سیاسی دوو وڵاتە: هەر دوو وڵات لێهاتوویی سیاسەتەکانی سروشتی کراو بەردەوامن، کە بە پلەی زۆر لە سیاسەتەکانی هەرکام لە وڵاتانی عارەبی بنیاتیترن. زۆر کەمن ئەو وڵاتانەی عەرەبی کە دەم و دەزگاکانی بەریوەبەری ئەنگراوی لێزانی بێت، و لەو کەمتر وڵاتانێکن کە قووەی قەزائی سەر بە خۆیان هەبێت. ڕابینز، پێی وایە کە سروشتی بوونی سیاسەت لە تورکیە و ئیسرائیل بە بەر دەوام بوونی سیاسەت یار مەتی دەکات. نەبوونی بەردەوامی سیاسی وپشت بەستنی سیاسی لە سەر مرۆڤ لە وڵاتانی عەرەبی هۆکاری نیگەرانی بژاردەکانی کەمالیستی تورکییەیە.

ئاکامی ئەم یەکیەتیە لە پەیوەند لە گەڵ سوورییە ڕوون و ئاشکران. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم یەکیەتیە ئەمەیە: کە سوورییەی ناچار کات بۆ ئەمرەکانی ئامریکا و ئیسرائیل لە "جەرەیانی وتوویژی ئاشتی" مل کەچ کات. ئانکارا هیوادارە بتوانێت لایزی تل آویوی لە مەڕ واشنگتۆن بکار بەرێ، هەتا دێمشقی ناچار بە دەرکردن عەولا ئۆجەلان و تیکۆشەرانی دیکەی پ.ک.ک. کات.کارێکی ئەوها لە توانایی سوورییە لە ئیستفادە لە پ.ک.ک. وەکوو ئامێرێک دژی تورکییە بە مەبەستی وەرگرتنی پشکە ئاوی وەک یەک لە ئاوی چۆمەکانی فەڕات کەم دەکاتەوە. ڕووداوێکی ئەوها توانای سوورییەی وەکوو گەمەکەری مەزن لە سیاسەتەکانی باشووری ئێراق فەلەج دەکات و لە قازانجی سوورییە بۆ ئێران وەکوو یەکگرتووی مەدیترانەی ڕۆژهەڵات کەم دەکاتەوە. ئەم عەمرە لەو نیوە بە کەمکردنەوەی ئەو ئامێرانە بە دوایی دەگات کە تاران و دێمشق بۆ سەرنجڕاکێشانی تورکییە بە نیشاندانی

گوێڕایلی له پەیوەند له گەڵ مەسەلەکانی پەیوەندار بە ئاوو بازرگانی و یەکیەتییەکانی ناوچەیی و ژئواستراتژیک بەرینتر کەلکی لێوەردەگرن. بوونی پ.ک.ک. و کەلک وەرگرتن لە وی دژی تورکییە بۆ تاران و دێمشق بەرگی زەروری و بەقازانجە،ئەویش نەک تەنیا بەم هۆیە کە شەر لە گەڵ پ.ک.ک. لە تورکییە و باشووری ئێراق بۆ تورکییە مەزاخێکی لە بەرابەر هەیە،بەڵکوو بەم دلیل و هۆکارە کە بە ئاڕووشەی کورد لە تورکییە زێدە دەکات و ئەوی بە شێوەی ئاروشەیەکی گەورە، لەبەرامبەر وڵات رادەگرێ،هەر وەک لە حاڵیحازر دا وایە: مەسەلەی کورد و ئاڕووشەی جێبەجی کردنی نواو چاوە دێری و خواردو خۆراک پێدان و ئیش دۆزینەوە بۆ سێ میلیون کوردی کە بۆ شارەکانی ڕۆژئاو پەنایان بردوە، بۆ خۆی ئاڕووشەیەکی یەکجار مەزن وگەورەییە.

ئێران وسوورییە هەرچەند پییانخۆشە لە پ.ک.ک.وەک "بەرگی کورد" دژی تورکییە کەلک وەرگرن، بەڵام پێیانخۆش نییە ئانکارا ئەوهندە دنە بدرێ کە دژی ئەوان  دەست بەشەڕ یان بۆمبارانی ئەو بنکانە بکات کەپ.ک.ک. لەناوەخۆی ئەو وڵاتانەی هەیە، هەر وەک لە باشووری ئێراق کردی. تاران ودێمشق هەر دوو خوازیاری مەسەلەی کوردین کەبکرِی برِێوی بەرن. بەڵام بەو یەکیەتی تازەی نێوان تورکییەو ئیسرِائیل بەڕیوەبردنی ئەم ئارووشە زۆر دژوار بووە. ئێران وسوورییە دەشێن بەدوای ئەم استراتژیەدابچن،چونکە هەر دووک لەسەرئەمە کۆکن کە ئەوگێرەوکێشەیەی خۆدی ئەوان لەپەیوەندی لەگەڵ ئاڕووشەوی کورد لەناو وڵات، بەوڕادەیە توندوتیژ نییە، کەتورکییە لەناوەخۆیدا لەگەڵ کوردەکانی خۆی دەست بەیەخەبێت... ولەم بەراوردو تەخمینە بە هەڵە

نەچوونە. بەڵام یەکیەتی تورکەکان لە گەڵ ئیسرائیلیەکان لەوانەیە ئانکارا بە دەست لێدان لە هەنگاوێکی توندتر لە رابردوو دژی تاران و دێمشق دنە(تشجیع) بدات- و ئەمە بە نۆرەی خۆی شیوەیەکە، کە هەر دوو وڵات حەز دەکەن بەرگەکانی کوردی خۆی گەمە بکات، بە مەترسی دەخات.

بەوجودهێنانی وڵاتێکی کوردی لە باشووری ئێراق، هەر چەند لە دوایی ١٩٩٤ بە ئاشکرا عەمرەکی ناوێچوو دەنوێنێ،کوردەکانی تورکییەی زۆر تر لە کوردەکانی ئێران دەخاتە ژێر کارتێکەری. هەر وەک لە سەرەوە گوتمان هیچ کام لەو سێ وڵاتە خوازیاری ئەمە نین کە شتێکی ئەوها ڕوو بدات. هەتا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بەسوورییەو ئێران وەهەیە سەر هەڵدانی وڵاتێکی ئەوها وەکوو پەیدابوونی ئیسرائیلێکی دیکە دەبێت. لایەنەکانی دەرەوەی سنووری مەسەلەی کورد بە وێچوونی نزیک بە یەقین تورکییە وادار دەکات کە ئارەزو بکات خۆزیا هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە تورکییە دەژیان، هەتا وەکوو ئامێر دژی تورکییە کەلکیان لێ وەرنەگیرابوایە. بەڵام سەیاسەتی سوورییە و ئێران دایم و دەرهەم ڕوو بەڕوو بە مەترسییەک بووە، و ئەو ئەمەیە کە تورکییە بۆ"ڕوو بەڕوو بوون لە گەڵ مەسەلەی کورد" خەریکی یەکگرتوویی لە گەڵ ئیسرائیل بیت. بەم جۆرە فورست وەچەنگ کەوێ بە شیوەیەکی کارتیکەر تر و"زاڵمانە"تر بە ئارووشەی کورد لە ناوە خۆی وڵات خەریک بێت. ئەمە دورست هەر ئەو کارەیە کە ئانکارا لە ١٩٩٦ بە شیوەیەکی توندوتیژی بەرێوەی برد، هەر چەند ساڵها لە گەل وڵاتی ئامازە پێکراو لە بەستێنیەکانی زۆر پەیوەندی گەرم و نیزیکی هەبوو. ئەگەر یەکێک لە هۆکارەکانی تورکییە بۆ یەکگرتووی لەگەڵ ئیسرائیل وەرگرتنی داکۆکی بەهۆی

هاوسار کردنی پ.ک.ک. یان یارمەتی بە ڕیشە هەلقەینی ئەو بووبێت، لەم حاڵەدا تاران و دێمشق لە بەرابەر داکۆکی لە پ.ک.ک. شتێکی زور تر لە ڕادەی چاوە روانکراو وەرگرت. سیاسەتی کەلک وەرگرتن لە کوردەکان دژی تورکییە بوو بە هۆکاری یەکگرتوویەکی پان و بەرین و قووڵ و بەر فرەوان کە زنجیرەی ژئوپۆلیتیک و ژئواسترتژیک بەرفەرەوانتر یان هەرەشە لێدەکات و ئاسەواری وی لە مەسەلەی کورد لەڕێگای دەرەوەی سنوور زۆرتر دەڕوات. لەو سەف بەندی تازەدا وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کەم نرخ نییە، کە ئیسرائیل بۆخۆی ئاڕووشەی کوردی نییە و لە مەسەلەی کورد لە ڕێگای دەرەوەی سنوور وی بو شیوەیەکی ڕاستەوخۆ خەمناک وکارتێکراو نابێت. بەڵام لە بارودۆخ و چلۆنایەتییەکی ئەوها، کە هەر کام لەو دوو لایەن یان هەردوو کارتێکەربێت.

ئەو دوو جەرەیانە نموونە و بابەتی باش لە ئاڕووشەی قەومی دوو لایەن یان هەتا- ئەگەر سوورییەیش دەباوشگرتووی ئەو جەرایانە بزانین- سێ قۆڵییە کە تخووبی سنوورەکانی لە پشتەوە بەجێ هێشتووە و بەرفرەوانی پانتر بووە و بەم هۆکارە ڕۆڵی لە کارو باری نێونەتەوەیی بەڕێوە دەبات: ئەم بابەتەی پێشوو،کارتێکەریەکە لە سەر(ڕەوندی ئاشتی) ئیسرائیل و فەلەستینەکان هەیە. هەر ئەو بوردە بوو کە لە دوایین ژوئیەی ١٩٩٧ سەرکۆمار ئەسەدی مەجبوور بە سەردان لە تاران کرد.

بەپێچەوانەی دەرکردنی دیپلۆماتەکانی لە کۆتایی فۆرییە و سەرەتای مارس، سەرکۆمار دمیرال، دۆغان،جێگری وەزیری دەرەوەی تورکییەی بە ناوی ناردراوەی تایبەت بۆ دەربڕینی هاودەردی لە بابەت بۆمە لەرزەی خاپورکەری ٢٨ی فۆریە

ئەردەبیل بۆ تاران نارد. دۆغان لە گەڵ علادین بروجردی،جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ئاسیایی ناوچەی ئۆقیانووسی ئارام سەردان کرد.

بروجردی لە دۆغانی سوپاس کردووتی: ناردنی نارددراوەی تایبەت(لەلایەن سەرکۆمار) بایەخێکی کە تورکییە بۆ ئێران دادەنێ نیشان دا، وگوتی:" ئێران"یش هەر ئەو سیاسەتەی سەبارەت بەپەیوەندیەکان لەگەڵ ئانکارا بەدواداچووە."
پێشتر ،هەر ئەو ڕۆژی، حەسەن ڕووحانی،"دەبیری شووڕای عالی میلی" گوتی: خاوکێشیەک لە پەیوەندەیەکانی تاران-ئانکارا هاتۆتە پێش،کە پەیدابوو لە پیلانەکانی ئامریکایە."

وڕامی گەورەی دۆغان بۆ تاران بە ڕەوڵەت نەک ڕەخنە لە دەرکردنی پێشووی دیپلۆماتەکان تورک، بەڵکوو دەر بڕیی نارەزایەتی ئانکارای لە داکۆکی بەردەوامی تاران لە پ.ک.ک. بوو. نارددراوەی ناخازا لە وتووێژەکانی تایبەتی لاق لە سەرداگرت کە بە بۆچوونی تورکییە ئێران بە بڕیارنامەکانی هێنمایەتی خۆی لە گەڵ تورکییە سەبارەت بە ئارام بوون و هێمنایەتی سنوورەکانی دوو وڵات بە کارناهێنێ. بە پێی ڕاپۆرتەکانی دۆغان بەرەفسنجانی گوت: " ئەگەر بێتوو تاران لە بەربەرەکانی بە پ.ک.ک. لەگەڵ تورکیە ئاریکاری نەکات و هەروا بە تداخوڵ لە کارو باری ناوەخۆی تورکییە بەردەوام بێت،پەیوەندیەکانی دوو وڵات ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوە بوڵێڵی دەڕوات."

هۆکاری دەرکردنی دیپلۆماتەکانی دوو وڵات زۆرتر کارتێکەر لە دڵەڕاوکەی ئانکارا لە زێدەکردی جوانچاکی ئیسلامی سیاسی وچرۆی "سەرمایەی ئیسلامی" یانی سەرهەڵدانی بۆرژاوایەکی ناوچەیی و ڕوو بەپێشچوون لە ئاناتۆلی بوو کە تێدەکۆشی قەفی زنجیرەکانی سەرمایەداری نەتەوەیی و نیونەتەوەیی شارەکانی گەورەی ڕۆژ ئاوای وڵات کە لە دەست وپێیان بەستبوو، بپسێنێ. سەرجەمی ئەو ئیسلامی سیاسی وسەرمایەی ئیسلامی ئاویتەی تەقینەوەیەکی بە وجود دەهێنا و مەترسییێکی لەبەرابەر بژاردەکانی سەرمایەی نێونەتەوەیی قەرار دەدا کە لە لایەن هێزە چەکدارەکان پشتیوانی لێکرابوو. ڕووداوی سنجان، هێزەکانی چەکداری تورکییەی لە هێنانەخواری دەوڵەتی ئەربەکان دنە داو لەئاکام دوایی چوار مانگ سەرکەوتوو بوون ئەوەی لە سەر دەسەڵات بیننەخوار. دەرکردنی دیپلۆماتەکانی لە دوایین مانگی فۆرییە ومارس دووەمین دەرکردن لەم دەستە لە ئینقلابی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ بەم لاوە بوو. یەکەمین دەرکران هەر وەک پێشتر ئامازەمان پێکرد دەرکردنی" مەنووچهر مووتەکی " بالۆێزی ئێران لە ئاوریلی ١٩٨٩ بوو،هۆکاری عەمر دەربڕینی نارەزایەتی بالۆێز لە هەڵویستی تورکییە لە بەرابەر مەسەلەی سەڵمان روشتی و ئایەکانی شەیتانی ئەو بوو. ئانکارا لە نێو پشتیوانی موتەکی و دیپلۆماتەکانی دیکەی ئیران لە مافی ژنانی تورکییە بەهەبوونی ڕووسەری لە تورکییە بە پێچەوانەی چادر لە ئێران کە ڕەشە و سەرانسەری لەشی داپۆشیوە، ڕووپۆشێک بوو،سووک و داوین کورت. چاپەمەنیەکانی تورکییە ڕاپۆرتیان کرد کە "علی اصغر سفیعی" کۆنسۆلی ئێران لە ئایزەرۆم،ڕوونووسەکانی لە فتوای ئایەتووڵلا خومەینی لەبابەت کوشتنی سەڵمان

ڕوشدی،لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات لە ناوچەماوەری کورد وعەلەوی بڵاو کردەوە.

"یلدرم آک بلوت" بەرپرسی پارڵەمانی مەزنی تورکییە،پاڕلەمانی ئیسلامی ئێرانی بە پیی ئەو نامانەی کە بە ئیمزای ١٥٩ کەس لە نوێنەران وی گەیبوو ودەویدا لە سەرینچاوی پەچە لە تورکییە بە توندی ڕخنە گیرابوو بە توندی مەحکووم کرد. بەهەست بوونی تورکییە سەبارەت بە مەسەلەی پەچە لە ڕاستیدا لە ٢٨ی دسامبەری ١٩٨٩ دەستی پیکرد کە بە دواداگەران و سەنگوو سوژن خەڵکی سەبارەت بە وی پەیدا بوو،بەڵام "مەسەلەی ئایەکانی شەیتانی" هەروا بە بەرێوەبردنی نەخشی خۆی لە پەیوەندیەکانی ئێران و تورکییە بەردەوام دەکرد. لە ٢ی ژوئیەی ١٩٩٣ ئالۆزکەرانی ئیسلامی هوتێلێکیان لە سیواس ئاگر تێبەردا: سیواس شارێکە لە چەند سەت هەزار کەسی لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی تورکییە،هەڵکەوتوو لە سەرخەتی گسلی نێوان جەماوەری سنی و عەلەوی، زۆرایەتی دانیشتوانی وی کوردو تورک پێکیدێنن. "سیواس" خانەخوێی دەستەیەک لە ڕۆناکبیران و نووسەرانی چەپی تورکییە بوو کە زۆربەی وان کوردو عەلوی مەزەب بوون. ئیسلامییەکان کە بە ڕەواڵەت بە شیوەیەکی زۆر لە خەڵکی سیواس و بریتی لە خەڵکانی سوونە بوون هوتیلیان ئاگر تیبەردا- ئەم بەشدارانیان لەم کۆمەلگایە بە بڵاوکردنەوەی بێدەینی تۆمەتبار کرد. یەکێک لە ئامانجەکانی ئیسلامییەکان"ئازیز نسین" بوو. کە وەک پێشتر ئامازەم پێکرد پێشدا بەشێک لە ئایەتی شەیتانی بڵاو کرد بۆوە. بەلام نەسین لەو ئاورتێبەردانە گیانی سەلامەتی بردە دەر،ئەمما چل کەسی دیکە لەم روو داوەدا گیانیان لەدەست دا. ئەو چەقەو گورەییەی کە ڕووداوی سنجان لە

پەیوەندییەکانی دوو وڵات هینایە گۆڕ بە دەربڕینی ژنراڵ
چوبک بیر، لەسەر ئەمە کە ئێران وڵاتێکە کە لە تروریسم
داکۆکی دەکات و هەروا گرێبەستی بڕیارنامەکانی نێوان
تورکییەو ئیسرائیل لە ١٩٩٦ لە تەواوی درێژایی سالی ١٩٩٧
هەر وا گەرم و بەردەوام بوو. چوار رۆژ دوایی گەڕانەوەی
کوروتورک، بالۆیزی تورکییە لە ئێران، لە ٦ی مارس وڵایەتی،
وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بانگهیشتن لە سەر کۆمار دەمیراڵ
بۆ بەشداری لە دانیشتنی سازمانی وڵاتانی ئیسلامی کە لە
مانگی دەسامبر لە تاران بەڕیوە دەچوو بۆ تورکییە چوو.

دەمیراڵ گوتی کە لە کونفراس بەشداری دەکات و"لە
بەخشینی چ تێکۆشانێک لە چاو لە سەر بوون و پاراستنی
سەر کەوتن لێی وەچاونابێت"- ئەمە گەپچانێک بوو کە
مەبەست لە وی زۆرتر قایم بوونی بارودۆخ و چلۆنایەتی
بایەخی محەممەد خاتەمی سەرکۆماری تازەی ئێران بوو.
سەرکۆماری تورکییە دوو پاتی کردەوە کە" پەیوەندییەکانی
تورکییەو ئێران لە پەیمانی ڕیکەوت ١٦٣٩ی قەسری شیرین
بەم لاوە باش بووە" ولایەتی لە ولام بەپێویست لە سەر باشی
پەیوەندی نێوان دوو وڵات وئەم خاڵە لاقی قرساند کە دوو
وڵات بۆ دورست کردنەوەی پەیوەندیەکانی بەرابەر
تیکۆشانەکانیان بکەن." رجای کوتان، وەزیری ئەنرژی
وسەرچاوەی سروشتی تورکییەش لە مەڕ جوانی پیوەندیەکان
دوو وڵات دووپاتی کردەوەو لاقی قرساند. ئەو گوتی کە
پەیوەندی لە ڕاستایی کاردار بەردەوامە، و جگە لەمە
بەپێچەوانەی ساردی پەیوەندیەکانی دیپلۆماتێک حەولوو
تەقەلاکانی ئابووری هەر وا بەردەوامن. کوتان،گوتی کە
تورکییە لە سالی ٢٠٠٠ بەدوایی ساڵیانە بە٢٧میلیارد متر
مکعب گازی ئاتاجی هەیە و ئێران یەکێک لە دڵنیاو متمانە

پیـــــدەری گەورەی گـــــازی تـــــورکیە دەبێـــــت. لە ١٩٩٧ تـــــورکیە ٨میلیارد متر مکعب گازلەئێران وارد کرد.

